# شکۆمەندی بکە
# ئامانجی ژیانت



نوسینی
قاسم محسن عولا

2026 م
1447 هـ

# شکۆمەندی بکە
## ئامانجی ژیانت

زۆر کەس شکۆمەندی لە پارە، پلە و پایە، یان ڕازیکردنی خەڵکدا دەبیننەوە. بەڵام قورئان فێرمان دەکات کە شکۆی ڕاستەقینە تەنها موڵکی خودایە و تەنها ئەو دەیبەخشێت. هەرکەسێک بیەوێت بەبێ دین و دوور لە خودا شکۆمەندی پەیدا بکات، تووشی سەرشۆڕی دەبێت.
بەڵگە: خوای گەورە دەفەرموێت: وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ
واتە: عیزەت و شکۆمەندی تەنها بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی و ، ئیماندارانەئامانجی ژیانت ئەوە بێت کە تەنها ملکەچی خودا بیت، چونکە کرنۆش بۆ خالق، تۆ لە کڕنۆش بردن بۆ مەخلوق ڕزگار دەکات و شکۆمەندت دەکات

نوسینی
قاسم محسن عولا




2026 م
1447 هـ

## پێشەکی :

إن الحمد الله نحمده ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سئات أعمالنان، من يهدة الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أن محمد عبده ورسوله ...

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عِمۡرَان : ١٠٢]

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ١﴾ [النِّسَاء : ١]

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأَحۡزَاب : ٧٠ - ٧١]

قال تعالى: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَـٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِى ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ قَدِيرٌ ٢٦﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٦]

أما بعد :

فإن أصدق الحديث كلام الله ، وخير الهدي هدي محمد ﷺ الله عليه وسلم ، و شر الأمور محدثاتها ، و كل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار ...

# چەمکی شکۆمەندی

**مانایی (عزة ) یان شکۆ لەرووی زاراوەی زمانەوانیدا :**

**مەبەست لە (عزة )** یان شکۆ : پێچەوانەی زەلیلکراوە ، لە بنچینەدا بەمانای هیزو دەسەلاّت و سەرکەوتن و بەرزی و شکست نەهێنان یان نەدۆران .

دەووترێت : (**عزَّ بالفتح للمضارع واته** :بەفتحەی رانەبردوو بەمانای (بەهێز و دەسەلاّت ) دێت ، هەروەها (**عزِّ بالكسر للمضارع** واتە : بەزەمەی رانە بردوو بەمانای (بەهێزو نە دۆران ) دێت ، هەروەها (**عزُّ بالضم للضارع واته** : بە زەمەی رانەبردوو بەمانای ( زال بوون و ملکەچ نە بوون ) دێت .

**دەووترێت : (عزة) واته** : رێز و سەربەرزی و شکۆمەندی ، وەیان خاوەن شکۆ ، وەیان خاوەن پایەی بەرزی .

دەووترێت : (**عزة النفس ) یان (إحترام الذات ) واته** : رێزی لە شکۆی خۆی نا ، یان رێزی خۆی گرت ، نەفسی بەرز بوو .

دەووترێت: (**عزیز ) النفس ) واته** : جوامێری ، دڵفراوان یان بەخشندەیی .

دەووترێت : ( صار عزيزاً ) واته: (خۆشەوێت بوو) ، وە یان ( ئازیز بوو )، وەیان دە ووترێت : (عز فلان ) بە هێز بوو بە توانا بوو ، بەمانای لە دوایی زەلیل بوون بەهێز بوو ، وەیان (خوای گەورە ) شکۆی پیێ بەخشی .**لسان العرب لانب منظور** (٥/٣٧٤-٣٧٥)

دەووترێت:(**عزَّ فلان عزًّا وعزة وعزازة** ) واته : فلاّن کەس بە هێز بوو شکۆمەند بوو ، لە زەلیکی و لاوازی و داماوی رزگاری بوو

دەووترێت : (عزَّ فلان على فلان ) واته : فلاّن کەس بەخشندەو بە کەرامەتی نواند بە سەر فلاّن کەس دا .

دەووترێت : (**عزَّ فلانا عزًّا** ) واته : فلاّن کەس بەسەریدا زالّ بوو .

دەووترێت : (**العِزَّة ) واته** : رێز – سەر بەرزی – شکۆ – مەزنی – بەهێز – بەتوانایی – بەکەرامەتی – سام و گەورەیی – سە ر بڵندی – سەرکەوتوو.

**مانایی (عزة ) یان شکۆ لەرووی زاراوەی شەرعیەوە :**

**(راغب الاصفهانی ) دەلێت : شکۆ یان (عزه ) حالەتێکە کە رێگری دەکات مرۆڤ هەرگیز شکست نەهێنیێ یان ژێر نەکەوێت و نەدۆرێت . مفردات ص ٥٦٣.**

**العزیز : ناوێکە لە ناوە جوانە کان و سیفەتەبەرزەکانی (خوای گەورە ) بەمانای ( زۆر بە هێزە و بە تواناو دەسەلاتدار ، وە هەموو مانایەکانی شکۆ بالا دەستی لە خۆ دەگرێت وەك خۆشەویست و مەزنایەتی و شکۆمەند بالادەستی و بەهێز بە توانا و بەراستی شکۆمەندی بالادەستی هەمووی بۆ (خوای گەورە )یە .**

# العزيز

**العزيز :** ناوێکە لە ناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار ، ئەم ناوە (٩٢)جار هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا ، وە لە (٨٣) شوێن مەبەست سیفەتی خوایە ، بنچینەکەی **(عزّ )واتە :** شکۆمەندو پایە بەرز و مەزنیەتی و ڕێزداری .

**العزیز :** واتە : خوای گەورە خاوەن دەسەلاٌت و شکۆمەند و پایە بەرز و بێ کەم وکوری و شکستە ، وە هەر گیز شەکەشتی بە سەر نایێت هەر ئەوە بەتنها زالە بە سەر هەموو بەدیهێنراوەکانی و شەکەست دەدات بەو بەدیهێنراوەی کە شایانی ئەوەیە شکستی بەسەرا دابێت ، دەسەلاٌتی خوا سەرەتاو کۆتایی بۆ نیەو وە هەرچی هاتووەتە شکست لە دێریندا وەیا دێتە شکست لە داهاتوو هەمووی بە هێزو خواستی ئەم خودایەیە ، جگە لە خۆی کەس ناتوانێ شکست بەسەر شتێکا بێنێ وە هەموو هێزو دەسەلاٌتەکان وە سەرباز وان لە ژێر خواست و ویسیتدا ، جا چ بێ باوەران بن وەیان جا چ باوەرداران بن ، وە سەر کەوتن دەدات بۆ ئەو دەستەی خواستی لێ بێت .. وە خوای گەورە بەخواستی خۆی خاوەنی دەسەلاٌت و عیززەت و گەورەیی و شکۆمەندیە ، ئەم ناوە پیرۆزەی خوا وا لە دلاٌنی خاوەن باوەر دەکا کە هەست بە هێزو دەسەلاٌت و گەورەیی خوا بکەن ، ئەو کاتە ئیتر ئارامی باڵی خۆی دەکێشێ بەسەر ئەو گەل و نەتەوانەدا وە چاك دەزانن کە لە سەرووی ئەم بوونەوەرە هێزێکی زۆر بەتواناو نەبراوە بەهێز هەیە ، کە هیچ شتێ ناتوانێ زاڵ بێ بەسەریا ، هەر چەندە ستەمی ستەمکاران بگاتە ئەو پەری وە زوڵمی زاڵمان لە سنوور دەرچێ ، موسلمانانی ئیمانداری دامەزراو خەیاڵیان ئاسودەیە کە ئەوانە و هاو وێنەی ئەوانە لە دەستی خوای عزیزو شکۆمەندو پایە بەرز رزگاریان نابێ و دەرناچن ...

تێبینی : بۆئەوەی زیاتر لە ماناو ناوەرۆکی ئەم ناوە وەیان ئەم سیفەتەی خوای گەورە حالی بین ، پێویستە سەرنج بدەین لەو ئایەتانەی کە ئەم ناوەیان تێدا هاتووە ، بەلاٌم لە بەر درێژی باسەکە چونکە (٨٣) باسی ئەم سیفەتەی خوای گەورە دەکات ، وە لە هەر شوێنێك بە شێوەیەك هاتووە ، وە لێرەدا جێگەی باس کردنی هەموو ئایەتەکان نابێتەوە بۆیە تەنها لە درێژەی باس کردنی پەرتووکەمان باسی دەکەین ، کە باسەکەمان لەسەر عیززەت و شکۆمەندیە ، جاوەکو باسمان کرد ناوێکە لە ناوە جوانەکانی ( خوای گەورە ) ...

﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦﴾

[آل عِمۡرَان : ٢٦]

﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ﴾ واتە : بلێ ئەی خوایە ، ﴿مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ﴾ واتە: خاوەن دەسەلات ، ﴿تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ﴾ واتە: دەسەلات دەدیت ، ﴿مَن تَشَآءُ﴾ واتە : بە هەر کەسێك بتەوێت ، ﴿وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ﴾ واتە : دەسەلات دەسێنیتەوە ، ﴿مِمَّن تَشَآءُ﴾ واتە: لە هەر کەسێك بتەوێت ، ﴿وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ﴾ واتە: وە شکۆمەندی دەکەیت یان بەرێزو پایە بەرزی دەکەیت ئەوەی بتەوێت ، ﴿وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ﴾ واتە : وە زەلیل و ریسواو بێ رێزی دەکەیت ئەوەی بتەوێت ، ﴿بِيَدِكَ﴾ واتە: تەنها بە دەستی تۆیە ، ﴿ٱلۡخَيۡرُ﴾ واتە: هەموو چاکەیەك ، ﴿إِنَّكَ﴾ واتە: بەراستی تۆ ، ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ﴾ واتە: بەسەر هەموو شتێکدا ، ﴿قَدِيرٞ ٢٦﴾ واتە: بە هێزو بە توانایت ...

واتە: بەلێ ئەی خوا یە ! خاوەن مولك و دەسەلات ، هەر کەسێك بتەوێ دەسەلاتی پێ دەدەی و هەر کەسێکیشت بوێ دەسەلاتی لێ دەستێنی ، وە هەر کەسێکت بوێ زاڵی دەکەی و ، هەر کەسێکیشت بۆی زەلیل و زە بوونی دەکەی ، چاکە هەر بە دەست تۆیە، بێ گومان تۆ بە هەموو شتێك توانا داری ...

**راڤەی ئەم دوو چەند ووشەیە :**

﴿مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ﴾: (مالك ) واتە: خاوەن ، (ملك) واتە: بە مانای دەستەلات دێت ، وە بە مانای هەر شتێك دێت کە بخرێتە ژێر رکێفەوە ، ( الملك ): هو التصرف بالأمر والنهي في الجمهور وذلك يختص بسياسة الناطقين ، ولذلك يقال : ملك الناس ولا يقال : ملك الأشيائ ) **واتە** : (ملك) بریتیە لە تەصەررف کردن بە فەرمان کردن و رێ گری کردن لە نێوان خەلکدا ، ئەوەش تایبەتە بە سەر پەرشتی کردنی خاوەن عەقلان ، بۆیە دەگوترێ: (ملك الأشياء) بەلکو دەگوترێ : (مالك الأشياء ) واتە : خاوەن شتەکان ...

﴿وَتَنزِعُ﴾واتە : دادەرنێ و دەستێنێ ، (نزع الشيء: جذبة من مقره كنزع القوس عن كبده ، ونزع فلان كذا ، أي : سلب ) دەگوترێ : (نزع الشيء) واتە : شتەکە لە ریشەوە راکێشا ، وە ك: چۆن تیری لە کەوانە دەردەچێ (ونزع فلان كذا ، أي : سلب ) واتە : فلاّن کەس فلانە شتەی ستاندو وەریگرت ...

## هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە :

لە (ئەنسی کوری مالك ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

(( أنَّه صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ حينَ افتَتح مكَّةَ وعدَ أمَّتَهُ مُلكَ فارسَ والرُّومِ فقال المنافِقونَ واليهودَ هيهاتَ هيهاتَ من أينَ لِمحمَّدٍ ملكُ فارسَ والرُّومِ هُم أعزُّ وأمنَعُ من ذلِكَ ، ألم يكفِ محمدًا مكَّةَ والمدينةَ حتى طَمِعَ في مُلْكِ فارس والرِّوم ؟! فأنزل الله تعالى هذه الآية )) . ابن حجر العسقلاني في (الكافي الشاف ) (١٩/٣٨).

واتە : کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ مککەی فتح کرد وە بەلێنی بە ئۆممەتەکەیدا ، وە موژدەیەك کە کاتێك دێت ولاّتی فارس و رۆمیش دەکەوێتە ژێر دەستەلاّتی ئیسلام ، دوو رووەکان و جوولەکە وتیان : ئەمە شتێکی زۆر دوورە ، محمد چۆن دەستەلاّتی فارس و رۆمی دەکەوێتە دەست ، ئەوان زۆر لەوە زاڵترن و بە تواناترن ، ئایا (مککە ) و (مەدینە ) بەس نیە بۆ محمد تەماعیشی کردووە بۆ مولکی فارس و رۆم ..؟! (خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ، بەلاّم ئەوەی کە دوو رووە و جوولەکە کان بە دووریان دەزانی ، بەلکو (خوای گەورە ) زۆر زیاتریش مولکی بە ئیسلام و موسلمانان بەخشی ...

لە (قتادة ) – رحمەتی خوا لیّ بێت – دەلێت :

(بلغني أن النبي ﷺ سأل الله أن يعطي أمته ملك فارس فأنزل الله هذه الآية )

واتە : پێم گەیشتووە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لە (خوای گەورە ) کرد پارایەوە کە دەسەلاّتی فارسی (ولاّتی فارس) بە تۆممەتەکەی بدات ، واتە : ( لە دوایی خۆی ) (خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ...

# دوو مەسەلەی گرنگ

یەکەم :

﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ... ﴿٢٦﴾﴾

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەلآت و حوکمران و خاوەن بەرزکەرەوە یان نزمکەرەوەی مرۆڤەکان ، وەیان خاوەنی شکۆ و پایە بەرزی بۆ مرۆڤەکانە ، بە پێچەوانەشەوە هەر کەس ویستی لەسەر بێ زەلیل و زەبوون و ریسوایی دەکا ، هەر بۆیە حوکمرانی دەستەلآت پێدان و دەستەلآت لێستاندنەوەو هەمەکارە لە ژیان مرۆڤدا ، بەس خوای پەروەردگارە ، کەواتە : هەموو چاوەروانیەکی خێر دەبێ بەس لە خوا بکرێ ، بۆیە ( خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًا﴾[فَاطِر : ١٠]

واتە: کێ زاڵی و بالآدەستیی و شکۆ و پایە بەرزی دەوێ ..؟! با تەنها داوا لە (خوای پەروەردگار ) بکات " وە لە راستیدا هەر کەسێك هەولبدات بۆ بە دەستهێنانی شکۆمەندی وە دەستهێنانی هەر خێرو چاکە یەك لە غەیری خواو بە شێوەی پشت بە غەیری خوا بەستن " ئەوە ئیتر شریکەو هاوبەشی بریاردانە، ئینجا دیارە کە بێ ئاکامیش دەبێ چارەنووسی خراپ جاوەرێتە ، بەلآم ئەوە لێرەدا ئەوە ناگەیەنێ کە یاساکانی (خوای گەورە ) پشتگوێ بخەین ، چونکە (خوای گەورە ) لە رێگەی هۆکارەکانەوە و لە رێی یاساکانییەوە ئەنجامەکان دێنێتە دێ ، بۆیە دەربارەی **(ذولقرنین)** کە یەکێك بووە لە بەندە چاکە کانی خوا ، پێمان دەفەرمووێ:

قال تعالی: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِن كُلِّ شَيۡءٖ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتۡبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾﴾[الكَهۡف : ٨٤ - ٨٥]

واتە : ئێمە **(ذولقرنین )** مان خاوەن دەستەلآت کردبوو لە سەر زەویدا ، وە بۆ هەموو شتێك هۆکارێکمان دابوویە (ئەویش ) بەدوای هۆکارەکان دەکەوت و دەگەیشتە ئەنجام ، کەواتە : چاوەروانیی تەنیا لە خوا کردن و پشت بە خوا بەستن ، مانای وانیە ، کە گوێ نەدەینە یاساکان و هۆکارەکان ...

بە پێچەوانەوە دەبێت چاوەر وانیی و پشت بە خوا بەست و دلسۆزی لە بۆ هەر کارێك ئەنجام بدەین ، ئینجا دەست بکەین بە ئەنجامدانی هۆکارەکان چونکە ئەم هۆکارانەش یاساکانی ژیانی مرۆڤە ، بەلآم هیچ هۆکارێکیش بێ ویستی (خوای پەروەردگار ) نایەتە دێ ، بۆیە بۆ هەمووشتێك پشت بە خوا بەستن و چاوەروانی کردن لە خوا هەروەها دلسۆزی و نیەت پاکی بۆ هەرکارێك دەبێت ئەنجام بدرێت ، ئینجا شکۆ و پایە بەرزی و رێزداری بە دەست دێت ...

دووەم :

﴿وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ﴾

دەستەلآت ومولك وەردەگرێتەوە لە هەر کەسێك بیەوێت ، بەلیٚ ئەم چەند ووشەیە ئەگەر دوو مانای هەیە :

یەکەم : وەردەگرێتەوە لە دوای پێدان و جێگیربوون .

دووەم : (نزع) بەمانای قەدەغەکردن دێت یان سرینەوە دێت .

بەلیٚ لە مانای یەکەم ئەوە دەگەیەنیٚ کە (خوای گەورە ) مولك دەدات بەوەی بیەوێت ،پاشان لێی وەردەگرێتەوە ، هەربۆیە وەکو بیستمانە لە رابردوو دا چەندەها پاشا و ملیك و فەرمانرەوا هەبووە (خوای گەورە ) مولك فەرمانرەوایانی لیٚ وەرگرتوونەوە ، وەیان مولکیان لە دەست نەماوە ، وەیان بە زالّ کردنی کەسێم بەسەریان بووە ، یان مردن یان شتی تر ...هتد لەوانەشە مانای قەدەغەکردن و سرینەوەش هەلبگرێت ، واتە : مولك دەدات بەوەی بیەوێت و نادات بەوەی بیەوێت ، هەر دوو ماناکەش راستن ، هەرکو دەفەرمووێت:

سوودەکانی ئەم ئایەتە :

١-پێغەمبەری خوا ﷺ بە هەواو ئارەزوو قسەناکات ، بەڵکو هەواڵ دەگوازێتەوە  لە لایەن (خوای گەورە ) لەبەر ووتەی ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ﴾.

٢-فەرمان کردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ و مەدح کردن و کار پێ ڕاسپاردنی ، لە بەر ووتەی ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ﴾.

٣-(خوای گەورە ) خۆی خاوەنی هەموو شتێکە ، بە تەنیایە لە موڵك و تەسەڕوف کردن ، لە بەر ووتەی ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ﴾.

٤-تەواوی ملکی (خوای گەورە ) و تەواوی تەسەڕوفی لە بەر ووتەی ﴿تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ﴾ هەروەها ﴿تُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٧] وەیان (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَتُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَتُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٧]

٥-بەخشینی موڵك بەوەی (خوای گەورە) بیەوێت و وەرگرتنەوەی موڵك لەوەی بیەوێت ، مەبەست لێی : (خوای گەورە ) **(المعطي المانع )** واتە : بەخشەرە و خۆی رادەگرێ ، لەبەر ووتەی ﴿تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ﴾ وە هەروەها ووتەی ﴿تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ﴾ ، ئاماژەیە بۆ ئەوە تەلازم نییە لە نێوان عیزەت و موڵك ، دەکرێت موڵك زەلیل بێت ئەگەر بە خراپی بەرێوەی ببات و سەرفی بکات .

٦-جێگیرکردنی ویست بۆ (خوای گەورە) ، ئەویش ویستی کەونی یە لەسەر حیکمەت بنیات نراوە ، (خوای گەورە ) ئەوەی بیەوێت دەیکات و ئەوەی نەوێت نایکات ، لەبەر  ئەم دوو رستەیە ،﴿تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ﴾ وەیان تعالی: ﴿وَتَرۡزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ٢٧﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٧]

٧-(خوای گەورە ) کەسێك پایە بەرز دەکات ئەگەر خۆی بیەوێت و کەسێك زەلیل دەکات ئەگەر خۆی بیەوێت ، لە بەر ووتەی ﴿وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ﴾

٨-هەموو خێرێك بەدەست (خوای گەورە ) یە ، لە بەر ووتەی ﴿بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُ﴾.

٩-دەبێت داوا خێرو شکۆمەندی تەنها لە (خوای گەورە ) بکرێت ، چونکە هەموو ئەمانە بەدەست (خوای گەورە) یە .

١٠-کردەوەکانی (خوای گەورە ) هەمووی خێرن ، هەروەها شەر نادرێتە پاڵ (خوای گەورە ) وەك ڕەوشت ئەگەر چی دروستکاری هەموو شتێکە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەت : ( والخير كل بيديك والشر ليس إليك ).

١١-گشتییەتی توانای (خوای گەورە ) بەسەر هەموو شتێکە ، لەبەر ووتەی ﴿إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦﴾...

# هاندان بۆ شکۆمەندی

## یەکەم : هاندان بۆ شکۆمەندی لە قورئانی پیرۆز :

بەڵێ بێ گومان لە کتێبەکەی (خوای گەورە ) دا دەربارەی هاندانی ئیمانداران بۆ شکۆ و سەربەزری ، لە دڵی ئیماندارانی چەسپاندووە بە هەستێکی گەورە ، چونکە هەست کردن بە شکۆ سەر بەرزی بێ گومان شکۆو سەربەرزی هەر لەم ئایینە پیرۆزە وە وەرگیراوە ، ئینجا بە ئیلهام وەرگرتن لە ئایەتە کانی قورئانی پیرۆز و فێر کردنی بەندەی موسلمان بە رەوەشتە بەرزەکانی قورئان " هەلبەت شۆمەندی لە سەرووی هەموو شتێکی بەرزە وەیە ، کە رەنگە ئەگەر شۆمەندی نەبێت لە هەر شتێك ئەوا بەهاکەی کەم دەبێتەوە ، هەر بۆیە ئایینی ئیسلام شکۆمەندی بۆ شوێنکەوتوانی و سەربەرزی بۆ ئەولیایەکان هێنا ...

قال تعالى: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ﴾ [فَاطِر:١٠]

واتە : {بە گوێڕایەڵی کردن مرۆڤ بە عیززەت دەبێت} [ مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا ] هەر کەسێك عیززەتی ئەوێ یان پرسیاری عیززەت ئەکات ئەوا عیززەت هەمووی بۆ خوای گەورەیە، یان کەسێك ئەیەوێ بە عیززەت بێ لە دونیاو قیامەت با داوا لە خوای گەورە بکات و خۆی بە عیززەت بکات بە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە، چونکە بە تاوان و سەرپێچی مرۆڤ زەلیل و ریسوا دەبێت [ إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ ] وتەی باش بۆ لای خوای گەورە بەرز ئەبێتەوە لە زیکری خوای گەورەو قورئان خوێندن و پاڕانەوە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: (زیکری خوای گەورە لە دەوروبەری عەرشی خوای گەورە گیزەگیزی هەیە وەکو گیزەگیزی مێشەنگ باسی خاوەنەکەیان دەکەن، ئایا ئێوە پێتان خۆش نیە بەردەوام لای خوای گەورە باس بکرێن) [ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ ] بەهەمان شێوە خوای گەورە کردەوەی چاکیش بەرز ئەکاتەوەو وەریدەگرێت، یاخود کردەوەی چاك قسەو وتەی باش لەگەڵ خۆیدا بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەگەر وتەو قسە کردەوەی چاکی لەگەڵ نەبێت خوای گەورە وەریناگرێت (کردەوەی چاك ئەوەیە کە بۆ خوا بێت و بۆ ریا نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت) (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر بەرزی و بڵندی خوای گەورە).

**جا ئەوەی سەر بەرزی پایە بڵندی دەوێت ، با بزانێت کە هەموو سەر بەرزی و پایە بڵندی هەر بۆ خوایە ، گوفتاری چاك و جوان و بەجێ بۆلای ئەو زاتە بەرز دەبێتەوە ، کارو کردەوەی چاکیش گوفتاری شیرین بەرز دەکاتە ( هەروەها پێچەوانەکەشی هەر وایە )...**

لە (مجاهد ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت : ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ﴾ مانایی وایە کە هەر کەسێك شکۆمەندی دەوێت ، بە پەرستنی بت پەیکەرەکان ، ﴿فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ واتە : پایە بڵندی یان شکۆمەندی لە پەرستنی بت پەیکەرەکاندا نیە بەلکو لە پەرستنی (خوای گەورە ) دایە ...

لە (قتادە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ واتە : هەر کەسێك سەربەرزی یان شکۆمەندی دەوێت با بە گوێڕایەلی خوای پەروەردگار خۆی شکۆمەند و پایە بەرز بکات ...

قال تعالى: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾ [المُنَافِقُون : ٨]

واته : { عیزەت بۆ خواو پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و باوەڕدارانە} [ يَقُولُونَ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ ] ئەڵێن: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە دەبێت بە دڵنیایی بە عیززەتەكان زەلیلەكانی لێ دەربكەن، لە غەزای (بەنی موستەڵەق) دا موهاجیرییەك لەگەڵ ئەنصارییەكدا لەسەر ئاو شەڕیان كرد (عبداللە¬ی كوڕی ئوبەی كوڕی سەلول) ی گەورەی مونافیقان هاتە وەڵام و وتی: مەبەخشن بە هاوەڵان تا دەوری پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - چۆڵ بكەن و لێی دوور بكەونەوە، وە كە گەڕاینەوە بۆ مەدینە ئێمە بە عیززەتین و خاوەن شارین ئەبێ زەلیلەكان دەربكەین، واتە: پێغەمبەرو - صلى الله عليه وسلم - كۆچبەرەكان، (زەیدی كوڕی ئەرقەم) گەنجێك بوو كە ئەم قسەیەی بیست چوو بە پێغەمبەری خوای وت - صلى الله عليه وسلم - ، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - (عبداللە¬ی كوڕی ئوبەی كوڕی سەلول)ی بانگ كرد ئەویش سوێندی خوارد كە شتی وای نەووتووە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەوی بەراست داناو باوەڕی بە (زەید) نەكرد، قەومەكەی زەید زۆر لۆمەیان كرد دواتر ئەمیش زۆر خەفەتبار بوو بە شێوازێك هەرگیز وا خەفەتبار نەببوو، دواتر پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - ناردی بە شوێنیداو فەرمووی: ئەی (زەید) خوای گەورە ڕاستێتی تۆی دابەزاندووەو ئەم ئایەتانەی بۆ خوێندەوە [ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ (٨) ] وە عیززەت تەنها بۆ خوای گەورەو بۆ پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - بۆ باوەڕدارانە، بەڵام مونافیقان نازانن، كە ئەم ئایەتە دابەزی (عبداللە¬ی كوڕی عبداللە¬ی كوڕی ئوبەی كوڕی سەلول) كە صەحابە بوو، پێش ئەوەی بگەنە مەدینە لای دەرگاو ڕێی مەدینە ڕاوەستا نەیهێشت باوكی بێتە ژوورەوەو وتی: خوای گەورە ئەفەرمووێ: عیززەت بۆ خواو پێغەمبەرو - صلى الله عليه وسلم - باوەڕدارانە، تۆ مونافیقی تۆ زەلیلی، خۆت وتووتە ئەبێ بەعیززەتەكان زەلیلەكان دەربكەن ئێمە بەعیززەتین ئێوە زەلیلن دەرتان ئەكەین، تا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ڕێگای بدە با بێتە ژوورەوە ئەو كاتە ڕێگایدا.

بێ گومان هۆكاری دابەزینی ئەم ئایەتی (١-٨) سورەتی منافقین لەسەر سەرقافلەی دوورەوەكان بوو كە ئەویش (عبدالله كوری ئوبەی كوری سەلول ) بوو كە گەراینەوە بۆ شاری مەدینە ئەوا ئێمە بە شكۆ و پایە بەرزین ، دەبێت بێ شكۆ و لاوازەكان بێ پایەكان دەربكەین مەبەستی لە كۆچكەرەكان بوو ، كە لە شاری مككە لە گەل پێغەمبەری خواﷺ كۆچیان كرد بوو بۆ شاری مەدینە بەلام سەرۆكی دوو رووەكان خۆی بە گەورە و شكۆمەند دەزانی بۆیە ووتی: كاتێك گەراینەوە بۆ شاری مەدینە ئێمە گەورە و شكۆمەندین ، لاوازەكان و زەلیلەكان مەبەستی پێ كۆچكەرەكان بوو دەر دەكەین لە ناو شاری مەدینە ، هەر بۆیە سورەتی موناقین دابەزیە خوارەوە..

له (زید كوری ئەرقم ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

(( كُنْتُ في غَزَاةٍ فَسَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بنَ أُبَيٍّ، يقولُ: لا تُنْفِقُوا علَى مَن عِنْدَ رَسولِ اللَّهِ حتَّى يَنْفَضُّوا مِن حَوْلِهِ، ولَئِنْ رَجَعْنَا مِن عِندِهِ لَيُخْرِجَنَّ الأعَزُّ منها الأذَلَّ، فَذَكَرْتُ ذلكَ لِعَمِّي أوْ لِعُمَرَ، فَذَكَرَهُ للنبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَدَعَانِي فَحَدَّثْتُهُ، فأرْسَلَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ إلى عبدِ اللَّهِ بنِ أُبَيٍّ وأَصْحَابِهِ، فَحَلَفُوا ما قالوا، فَكَذَّبَنِي رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وصَدَّقَهُ، فأصَابَنِي هَمٌّ لَمْ يُصِبْنِي مِثْلُهُ قَطُّ، فَجَلَسْتُ في البَيْتِ، فَقالَ لي عَمِّي: ما أرَدْتَ إلى أنْ كَذَّبَكَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ ومَقَتَكَ؟ فأنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: {إذَا جَاءَكَ المُنَافِقُونَ} فَبَعَثَ إلَيَّ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَقَرَأَ فَقالَ: إنَّ اللَّهَ قدْ صَدَّقَكَ يا زَيْدُ )) . صحيح البخاری برقم (٤٩٠٠).

واتە : (زیدی كوری ئەرقم ) دەلێت : من لە غەزایەك دابووم ، گوێم لە (عبداللە كوری ئوبەی كوری سەلول ) بوو دەی ووت : پارەو مال مەبەخشت ئەوانەی كە لەگەڵ پێغەمبەری خوا دان ﷺ ، تا بلاوەی لێ بكەن لە چواردەوری ، ئەگەر گەراینەوە لە لای ئەو (بۆ مەدینە ) بێ گومان شكۆمەندەكان و بەرێزەكان یان خاوەن پایەكان ، ئەوا لات و بێ رێزەكان و زەلیلەكان و لاوازەكان لە شاری مەدینە دەر دەكەن ، (زید ) دەلێ : منیش ئەمەم بۆ مامم باس كرد – یان بۆ (عمر) –ئەویش ئەم باسەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێرایەوە ، پێغەمبەری خواش ﷺ بانگی كردم و منیش بۆم گێرایەوە ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ ناردی بە شوێن (عبدالله كوری ئوبەی ) و هاوەلانیدا ، ئەوانیش سوێندیان خوارد كە ئەو قسەیان نەكردووە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ باوەری بە من نەكرد و باوەری بە (عبداللەی كوری ئوبەی ) هاوەلانی كرد ، ئیتر غەم و پەژارەیەكم تووش بوو هەرگیز وێنەی ئەو غەمەم تووش نەبوو ، بۆیە لە مالدا دانیشتم ، مامیشم– مەبەست لێ (عمر ) – پێی ووتم : ئەوەی ویستت وای كرد كە پێغەمبەر ﷺ بە درۆزنی زانیت و باوەری پێنەكردی و رقی لێ هەلگرتی ، جا (خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی دابەزاند ، {إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ} واتە : (كاتێك دووروان بێنە لات ...) ئەو سا پێغەمبەر ﷺ ناردی بە شوێنم دا و ئایەتەكانی خوێندەوە و فەرمووی : ( بێ گومان بە دلنیاییەوە ئەی (زید) خوا راستی تۆی سەلماند ...

قال تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا ١٣٩﴾

[النِّسَاء : ١٣٩]

واته : [الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ] ئەو مونافیقانەی کە کافران ئەکەنە دۆست و خۆشەویست و پشتیوانی خۆیان جگە لە ئیمانداران کە ئەبوایە ئیماندارانیان بکردایە بەدۆست و پشتیوان و خۆشەویستی خۆیان بەڵام کافرانیان کرد [ أَيَبْتَغُونَ عِنْدَهُمُ الْعِزَّةَ ] ئایا بەدوای عیززەتدا ئەگەڕێن لەلای کافران وا ئەزانن عیززەت و سەرکەوتن و زاڵ بوون و هێز لای کافرانە [ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا (١٣٩) ] بە دڵنیایی عیززەت هەر هەمووی بۆ خوای گەورەیەو بەدەست خوای گەورەیە بیەوێ هەر کەسێك بەعیززەت بكات بەعیززەتی دەكات و عیززەت لای كافران نیە...

لە (ابن کثیر ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەڵێت : ﴿أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا ١٣٩﴾ [النِّسَاء : ١٣٩] واتە: ئایا بە هیوای ئەوەن کە لە لای بێ باوەران ڕێزو شکۆ پایە بەرزیان دەست بکەوێت ..؟! دوو ڕووەکان بابزانن ڕێزو شکۆمەندی پایە بەرزی هەر لە لای (خوای گەورە ) دا هەیە ، کە هیچ شەریکی نیە ، هەر کەسێکیش (خوای گەورە ) خۆی ویستی لێ بێت شکۆمەندی و دەسەلات ڕێزی بۆ پەیدا دەکات هەر وەکو ئەم ئایەتە دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًا﴾

[فَاطِر : ١٠] . ابن کثیر فی تفسیر القرآن العظیم .

**بەلێ پشتیوانی یارویاوەری دوو ڕووەکان بۆ کافرەکان لە جیاتی پشتیوانی ئیمانداران بکەن هەروەکو دەفەرمووێت : قال** تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ [النِّسَاء : ١٣٩] بێ گومان ئینکاری کردنی دوو ڕووەکان بۆ کافران هیچ شکۆمەندی ڕێزێك بەدەست نایەت هەر وەکو دوو ڕووەکانی ئەم سەردەمەش بۆ بەدەست هێنانی دەسەلات و زاڵ بوون پشتیوانی کافران و بێ باوەران مولحیدەکان دەکەن بۆ داوا کردنی دەسەلات و شکۆ عیزەت ، بە دڵنیایەوە هیچ بەدەست ناهێنن ئەوەش بەدەستی دەهێنن بۆ ماوەیەکی زۆر کەم کورت خایەنە دواتر شکۆ پایەو هێزو دەسەلاتیان نامێنی ، ئەو کاتە شکۆرێزە دەسەلات و زال بوون بە هێزی بەدی دێت کە پشتیوانی ئیمانداران بن و گوێرایەلی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) بن ، بۆیە بۆ هەمیشە دوو ڕووەکان زەلیل و کروزانەوە و ریسوایی دەبێتە پیشەیی هەمیشەییان لە ژیانی دونیاو دوا ڕۆژ دا بە پی ئەم فەرموودەی (خوای گەورە ) کە دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ﴾ [النِّسَاء : ١٣٩] چونکە هاندان بۆ داوا کردنی شکۆمەندی پایە بەرزی هێزو دەسەلات و زال بوون تەنها داوا کردنی لە (خوای گەورە) و گەرانەوە بۆ لای ئەو زاتە بە گوێرایەلی فەرمانەکانی ، هەر بۆیە شکۆمەندی ڕێزو پایە بەرزی هەر بۆ (خوای گەورە )یە ، کەسێك پایە بەرز و شکۆمەندی دەکات بە فەزلی خۆی بییەوێت ، کەسێك زەلیل دەکات بە دادپەروەری خۆی بییەوێت ، هەرەکو دەفەرمووی : قال تعالى: ﴿فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا ١٣٩﴾ [النِّسَاء : ١٣٩]

قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤﴾ [المَائـِدَة : ٥٤]

واته:[ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ ] ئەی باوەڕداران هەر کەسێك لە ئێوە لە دینەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە هەڵگەڕێتەوە [ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ ] ئەوە خوای گەورە زەرەرو زیانی پێناگات، بەڵکو خوای گەورە ئێوە لەناو ئەبات و کەسانێکی تر دێنێ کە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ وە ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش ئەوێ [ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ] زەلیلی و خۆبەکەمزانین و ڕەحم و سۆزو تەواوزوع بۆ باوەڕداران دەرئەبڕن [ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ ] بەعیززەت ئەبن بەرامبەر بە کافران [ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ] جیهاد ئەکەن لە پێناو خوای گەورەدا [ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ] وە لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسێن لە وتنی حەقدا کە بیبین، چونکە نە ئەجەل نزیك دەکاتەوە نە رزق و رۆزی دوور دەکاتەوە [ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ ] خوای گەورە ئەم سیفەتانە بە هەر کەسێك ببەخشێ ئەوە فەزڵی خوای گەورەیە بەهەر کەسێکی ئەبەخشێ کە ویستی لێ بێت، (حەسەنی بەصری) دەفەرمێت: سوێند بە خوای گەورە ئەم کەسانە (ئەبو بەکری صدیق) و هاوەڵەکانی بوون کە جەنگی هەڵگەڕاوەکانیان کرد [ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٥٤) ] وە فەزڵ و چاکەی خوای گەورە زۆر فراوانە وە خوای گەورە زۆر زانایەو زانیاری هەیە بە بەندەکانی...

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە پیرۆزە سورەتی (المائدە ) ئایەتی (٥٤) :

لە (محمدی کوری کەعب ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت :

ئەم ئایەتە دابەزی بۆ سەردارانی قورەیش ، وە (حسن بەصری ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : ئەم ئایەتە دابەزیوە دەربارەی کۆمەڵێك لە هەڵگەڕاوەکان لە ڕۆژگاری (ابو بکر صدیق ) – خوا لێ ڕازی بێت - قال تعالى: ﴿فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ (حسن بەصری ) دەڵێت : سوێند بەخوا بەمەبەستی ئەم ئایەتە (ابو بکر ) و هاوەڵانیەتی ، (ابن ابی حاتم ) لە (ابو موسى الاشعری ) دەگێڕێتەوە دەڵێت : کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی ﴿فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (ئەوانە گەلی ئەوەن ).

ئیمامی (احمد) –ڕەحمەتی خوا لێ بێت – ڕیوایەتی کردووە لە (**ابو ذر الغفاري** )-خوا لێ ڕازی بێت- دەڵێت : خۆشەویستەکەم فەرمانی پێکردم بە حەوت شت (مەبەست لێی پێغەمبەری خوا ﷺ ) کە خۆشەویستی هەژاران و نزیك بوونەوە لێیان ، وە فەرمانی پێکردوم کە سەیری خەڵکانێ بکەم کە لە خوار خۆمەوەیە ، وە سەیری خەڵکانێ نەکەم لە سەرووی خۆمەوەیە ، وە فەرمانی پێکردووم کە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بێنم با پشتیش هەڵبکەن ، وە فەرمانی پێکردوم کە هیچ شتێك لە کەس داوا نەکەم ، (مەبەست لێ بۆ هیچ شتێك کروزنەوە نەکەم وە یان دەرۆزەی نەکەم ) ، وە فەرمانی پێکردوم قسەی حەق بکەم ئەگەر تاڵیش بێت، وە فەرمانی پێکردوم لە بەر خودا لە لۆمەی لۆمەکاران نە ترسم ،وە فەرمانی پێکردوم کە زۆر ئەم زیکر بکەم (**لا حول ولا قوة إلا بالله** ) دوو بارە بکەمەوە چونکە ئەم زیکرە لە گەنجینەیەکە لە ژێر تەختدا (العرش ) دایە ) .اخرجه احمد (١٥٩/٥)

دووەم  : هاندان بۆ شکۆمەندی لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ :

لە **(حذيفة کوری اليمان )** – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت :  کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لا ينبغي للمؤمنِ أن يُذِلَّ نفسَه, قالوا : وكيف يُذِلُّ نفسَه ؟ ! قال : يتعرضُ من البلاءِ لما لا يُطِيقُ )) سنن الترمذي برقم (٢٢٥٤)

واتە: بۆ هیچ ئیماندارێك دروست نیە كە خۆی زەلیل بكات یان بكورزێتەوە ..!! وتیان : چۆن خۆی زەلیك دەكات ..؟! فەرمووی : خۆی دەخاتە ناو داوی بەلایەكەوە  وە  بەرگەی ئەم بەلاو نەهامەتیە ناگرێ ...

لە **(ابو هريره )** – خوا لێ راز بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، كانَ يقولُ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ، أَعَزَّ جُنْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَغَلَبَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ ، فلا شيءَ بَعْدَهُ)) .   صحيح البخاري برقم (٤١١٤) ، ومسلم برقم (٢٧٢٤).

واتە: هیچ پەرستراوێك راست نیە جگە لە خوای تاك و تەنها سەربازانی خۆی شكۆمەندو پایە بەرز كرد ، وە بەندەكەی خۆی سەرفراز و سەركەوتووی كرد ، هەر بە تەنها خۆی كۆر و كۆمەڵەكانی تێك شكاندن ، هیچ شتێك لە پاش ئەو (خوا)یە نیە ...

لە **(عبدالله کوری عباس )** –خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ كانَ يقولُ: اللَّهُمَّ لكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وإلَيْكَ أَنَبْتُ ، وَبِكَ خَاصَمْتُ ، اللَّهُمَّ إنِّي أَعُوذُ بعِزَّتِكَ -لا إلَهَ إلَّا أَنْتَ- أَنْ تُضِلَّنِي، أَنْتَ الحَيُّ الَّذي لا يَمُوتُ، وَالْجِنُّ وَالإِنْسُ يَمُوتُونَ )) . صحيح المسلم برقم (٢٧١٧).

واتە:  خوایە !  خۆم تەسلیمی تۆ كردووە و ، باوەڕم تەنها بە تۆیە ، پشت بە تۆ دەبەستم و ، وە بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە و ، وە بە تۆ سەردەكەوم بەسەر دوژمنەكانمدا ، خوایە ! بەراستی پەنا دەگر بە شكۆمەندی و گەورەیی تۆ ، هیچ خوایەك نیە تەنها تۆ نەبێت ، داوات لێدەكەم  كە گومڕام نەكەیت ، تۆ ئەو زیندووەیت كە  هەرگیز نامریت ، جنۆكە و مرۆڤەكان هەموویان دەمرن ...

# ئامرازەکانی بەدەستهێنانی شکۆمەندی

یەکەم : باوەڕێکی بەهێز بتەو وەیان باوەڕێکی دامەزراو و نەگۆر بەوەی کە (خوای گەورە ) خۆشەویست و شکۆمەندو خاوەن پایەی بەرزە هیچ کەسێك یان هیچ شتێك ناتوانێت شکستی پێ بهێنێت ، چونکە سەرچاوەی هەموو شکۆمەندی و پایە بەرزی و هەر بۆ (خوای گەورە ) یە ...

قال تعالى: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٦]

واته: [ قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - بڵێ: ئەی پەروەردگار تەنها تۆ خاوەنی هەموو موڵکەکانی [ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ ] موڵك بە هەر کەسێك ئەبەخشی کە ویستت لێ بێت [ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ ] وە لە هەر کەسێکی وەرئەگریتەوە کە ویستت لێ بێت [ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ ] وە هەر کەسێك بە عیززەت ئەکەی کە وویستت لێ بێت [ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ ] وە هەر کەسێك زەلیل ئەکەی کە ویستت لێ بێت [ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٦) ] خێرو چاکە تەنها بەدەستی تۆیە، وە بە دڵنیایی هەر تۆ تواناو دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ...

بێ گومان هیچ سەرکەوتن و شکۆمەندیەك بەدەست نایەت مەگەر لە رێگەی (خوای پەروەردگارەوە ) نەبێت ، هیچ خۆشی شانازیەك بە دەست نایەت مەگەر لە رێگەی (خوای پەروەردگارەوە ) نەبێت ، وە هیچ سەرکەوتن بەدەست نایەت مەگەر لە رێگەی توفیقی (خوای پەروەردگارەوە ) نەبێت ، هەر بۆیە بەرێزی و شکۆمەندی و پایە بەرزی و جوامێری و خانەدانی و شەرف و کەرامەت (خوای گەورە ) بە هەر کەسێك بیەوێت دەی بەخشێت ئەگەر هەموو جیهان رێگری لێ بکات هەر پێی دەبەخشێت ، وە ئەگەر بیەوێت کەسێك زەلیل و ریسواو سوك و چروك و هیچ و پووچ و بێ حوورمەت بێت ، ئەوا هەموو دونیا شکۆمەندی بکات و بەرزی بکاتەوە وەیان لە پایە بەرزی بکات و بیکەن بە فەرمانرەواو هەموو جیهان هەر بێ حورمەت سوك چروك و زەلیل و ریسوا دەبێت لەناو خەڵکدا ، چونکە وەرگرتنی شکۆمەندی هەر بەدەستی پەروەردگارە ، ئەگەر لە لای (خوی گەورە ) شکۆمەند بیت ئەوا لە دونیا و قیامەت دا شکۆمەندو پایە بەرز دەبێت ، هەر بۆیە هەر گیز شکۆمەندی بەدەست نایەت ئەگەر لە رێگەی ئیمانێکی دامەزراوە نەبێت ،وەیان لە رێگەی ئەم ئایینە پیرۆزە نەبێت ، چونکە پێغەمبەری خوای ﷺ شکۆمەند و پایە بەرز کردن بەرانبەر بە کافران ، هەر بۆیە هەر کەسێك داوای شکۆمەندی بکات ، با بگەرێتەوە تەوبە بکات بگەرێتەو بۆ ئەم ئایینە پاکەی (خوای گەروە ) کە ئایینی ئیسلامە و گەرانەوە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بە قورئان و سوننەتەکان ، هەروەها دوور کەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان جێ بەجێ کردنی شەریعەتی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ..

دووەم : هەست کردن بە شانازی کردن پێی ، بۆ ئەوەی کە شکۆمەندو پایە بەرز بین:

قال تعالى: ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣٩﴾ [آل عِمۡرَان : ١٣٩]

واتە: [ وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٣٩) ] وە ئێوە لاوازو بێدەسەڵات مەبن وە خەفەت مەخۆن هەر ئێوەی موسڵمان بەرزو باڵادەست و سەرکەوتوو دەبن بەسەر دوژمنتاندا ئەگەر ئیماندار بن...

بەڵێ لە ئایەتە پیرۆزەدا (خوای گەورە ) ڕێنمایی خاوەن باوەڕان دەکات بەوەی کە سستی لاوازی ڕووتان تێ نەکات وە خەمگین و خەفەتبار مەبن ، هەر ئێوە سەردەکەون ، ئەگەر باوەری تەواوتان بە خودا هەیە " واتە : ئایندەی گەش و شکۆمەندنی هەر بۆ ئێوەیەو ، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە با سستی لاوازی ڕووتان تێ نەکات ...

لەم ئایەتەدا (خوای گەورە ) نەهی کردووە لە ئیمانداران لە کۆڵ نەدان و لاوازی و ساردبوونەوە و خەم خەفەت خواردن لەوەی کە بەسەریان هاتووە لە ڕابردوو دا مەبەست لێی سەرنەکەوت لە جەنگی (ئوحودا ) بوو کە زۆر تێدا خەفەتبار بوون ، بەوەی کە بەسەریان دا هات هەروەکو دەفەرمووێت : ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ﴾ هەڵبەتە حیکمەتی شەریعەت لە نەهی کردن لە لاوازی و ساردبوونەوە و خەفەت خواردن ئەوەیە بە هۆی لاوازی و سارد بوونەوە و خەفەت خواردن ، ئەوا وورەی مرۆڤ دەڕوخێنێت و ناتوانێت کارەکانی خۆی جێ بەجێ بکات ، چونکە ئیمانداری ڕاستەقینە دڵی دامەزراوە جێگیرە و شکۆمەندی لە دڵی دایە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ناخۆشیەکان ، هەمیشە ئەو ئیماندارەی شکۆمەند و پایە بەرزە بە شکۆی ئیسلام ئەوا سەر بەرزو سەرفرازو سەرکەوتووە ، چونکە دەژیت بۆ یەك ئامانج ئەویش بەرزکردنەوەی ووشەی خوایە وە سەرخستنی ئاینەکەیەتی ، لە بەر ووتەی قال تعالى:

﴿وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ﴾ بۆیە مەرجی ئیمان ئەوەی نابێت ئیماندار لاواز بێت بەرامبەر دوژمنەکەی کە بێ باوەرە ، چونکە بەهێزو شکۆمەند دەبێ بە (خوای گەورە ) لە بەر ووتەی ﴿إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣٩﴾ ، بەڵێ دەبێت ئیمانداره بەهێز بێت پشت بە (خوای گەورە ) ببەستێت لە کاتی خۆشی و ناخۆشی دا ، وە لە کاتی دەوڵەمەندی و هەژاری دا ، وە لە کاتی سەرکەوتن و شکست هێناندا ، چونکە شکۆمەندی هەر بۆ (خوای گەورە ) و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ وە ئیماندارانە ...

لە (تميم الداري ) – خوای لێ ڕازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((لا يبقى على ظهرِ الأرضِ بيتُ مَدَرٍ ولا وَبَرٍ إلَّا أُدخِل عليهم كلمةُ الإسلامِ بعِزِّ عزيزٍ أو بذُلِّ ذليلٍ )) . صحيح ابن حبان برقم (٦٧٠١) واتە : هیچ شوێنێك لە سەر ڕووی زەوی نامێنێت هەتا ماڵێك لە قور و ماڵێك لە ڕەشماڵیش ئیلا بانگەوازی ئیسلامی دەچێتە ناوی ، بە شکۆمەندی خۆشەویستانی ، وە بە لاوازی زەلیکراوان ...

سێیەم : شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بە فەرمان و ڕێنماییەکان وە پێویست بوون بە سوننەتەکانی :

بێ گومان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و پێویست بوون بە سوننەتەکان ، چونکە تارادەیەکی زۆر شکۆمەندی و پایە بەرزی و خۆشەویستی پێ دەبەخشێت لە ژیانی دونیادا ،هەروەها سەرکەوتن و سەفرازیش دەبەخشێ بۆ ڕۆژی دوایی.

لە (دایکی ئیمانداران عائیشە ) — خوا لێ ڕازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(( مَن أَحْدَثَ في أَمْرِنَا هذا ما ليسَ فِيهِ، فَهو رَدٌّ )) . صحيح البخاري برقم (٢٦٩٧).

واتە: هەر کەسێك لەم ئاییندا شتێك دابێنێت کە لە ئیینەکەماندا نییە ،ئەوە بێ گومان دەدرێتەوە بە سەریدا ...

مەبەست لە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوا شکۆمەند دەبیت ، وە بۆ سەرکەوتن لە ژیانی دونیا بەس بەوەی کە شوێنکەوتنی ڕێنمایی و فەرمان و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بین ، چونکە هیدایەت و سەرفرازی و ڕزگار بوونە لە دونیا و لە دوا ڕۆژ دا.

قال تعالی: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ٨٠﴾ [النِّسَاء: ٨٠]

واتە : [ مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ] هەر کەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکات- صلى الله عليه وسلم - بەدڵنیایی ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووەو سەرفراز دەبێت [ وَمَنْ تَوَلَّى ] وە هەر کەسێ پشت هەڵکات لە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - [ فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا (٨٠) ] ئەوە تۆمان نەناردووە کە کردەوەکانیان بپارێزی تەنها ئەوەندەت لەسەرە کە دینەکەی خوای گەورەیان پێ بگەیەنی، وە خۆیان زەرەرمەند دەبن...

بەڵێ چونکە ئەوەی (خوای گەورە ) فەرمانی کردبێت بە پێغەمبەرەکەی ﷺ وە نەهی کردبێت بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هەمووی شەرعی خوایە و وەحی نگایە لەلایەن (خوای گەورە ) هاتۆتە خوارەوە ، چونکە (خوای گەورە ) شوێن کەوتنو وێرایەلی کردنی پێغەمبەرەکەی بە گوێڕایەڵی خۆی داناوە ، هەروەکو لە ئایەتە دا (خوای گەورە ) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤﴾ [النَّجم: ٣-٤] واتە: وە لە هەواو ئارەزووی خۆیەوە قسە ناکات بەڵکو ئەوەی کە دەیڵێ قورئانەو..تەنها وەحیەو لەلایەن خوای گەورەوە بە وەحی بۆی هاتووە...

بەڵێ شوێن نەکەوتنی و سەرپێچی کردنی پێغەمبەر ﷺ ، بێ گومان شوێن نەکەوتن و سەرپێچی کرد

نی (خوای گەورە )یە ، چونکە (خوای گەورە ) فەرمانی کردووە بە ڕەهایی بە شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە هەڕەشەی لەوانەش کردووە کە پشت دەکەن لە گوێڕایەڵی کردنی و شوێن نەکەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ ...

**چوارەم : دڵنیاکردنەوەی لەوەی ئایینی ئیسلام شکۆمەندە لەسەر رووی زەوی :**

بۆنموونە دەوڵەتی کافران کە ئێستا لەم سەردەمەدا خۆیان شکۆمەندو بە هێزو دەسەلات دەزانن ، کەچی چارەنووسیان هەم لە دونیادا لە ناو چوونە هەم لە ئاخرت ئاگری دۆزەخ دەبێتە بەشیان ، چونکە کافران هەمیشە لە سەر سراب باتل خیالی خۆیان بنیات دەنێن ، بەلام ئەم دلنیایی و باوەرە هەستی شکۆمەندی پایە بەرزی لە دڵی ئیمانداره دچێنیت کە هەست بە کەرامەت و شەراف رێزو پایە بەرزی لە نێو کۆمەلگاکەی خۆی دەکات ، هەروەکو ئەوەی کە ئیمانی نەبێت شەرم حەیا و شکۆی نابێت ، زۆرێك لە موسلمانان ئیمان دامەزراو نیە یان ئیمانیان لاوازە ، کەچی شکۆ شەرەف کەرامەت و رێزی خۆیان لە دەست دەدەن لە ناو کۆمەلگای موسلمانان، ئەوە تا بەچاوی خۆمان دەیان بینین کە وەکو دەلێن عیززەت نەفسیان نەماوە ، ئەوەی لە سەردەمە رووددا لە هیچ سەردەمێك رووی نەداوە بە هۆی تۆرەکۆمەلایەتیەکان خەلکی شکۆی خۆیان لە دەست دەکەن یان بۆ پاروە نانێك برە پارەیەك هەرچی (خوای گەورە ) پێ ناخۆشە ئەنجامی دەدات ،خۆی ئەوەندە سووك چرووك دەکات هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی وەیان هیچ شکۆ و شەرمێکی لا نەماوە هەموو سنوورەکانی مرۆڤ دەبەزێنی خۆی زەلیل وریسوا دەکات بۆ کەمێك بەرژەوەندی ژیانی دونیا یان کەمێك مادە ...

**لە ( زید بن طلحة بن ركانة)** – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لِكلِّ دينٍ خُلُقٌ، وخُلقُ الإسلامِ الحياءُ وَفي روايةِ إسحاقَ : وإنَّ خُلُقَ الإيمانِ الحياءُ )) البيهقي شعب الايمان (٢٦١٩/٦).

واتە : هەموو ئایینێك ئاکارو رەوشتی خۆی هەیە ، وە ئاکارو رەوشتی ئیسلام حەیا و شەرمە ، -لە ریوایەتی (ئیسحاق )هاتووە – ئاکارو رەوشتی ئیمان حەیاو شەرم کردنە ..؟!

**لە (ابو مسعود عقبة بن عمرو )** – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێنەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إنَّ ممَّا أدْرَكَ النَّاسُ مِن كَلامِ النُّبُوَّةِ، إذا لَمْ تَسْتَحْيِ فاصْنَعْ ما شِئْتَ )) . صحيح البخاري برقم (٣٤٨٤).

واتە: بێ گومان یەکێك لەو ووتەی پێغەمبەرایەتی کە بەخەلك گەیشتووە ئەمەیە ،ئەگەر شەرمت نەکرد ئەوە چی دەتەوێت بیکە..؟!

پێنچەم : دەست پێشخەری کردن بە گوێڕایەلی و ئەنجامدانی کردەوەی چاکە :

بێ گومان ئەنجامدانی کردەوەی چاکە گوێڕایەلی کردن بە فەرمانەکانی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ئەوا بە دلنیایەوە لە زەلیل و ریسواو بوون پارێزراوە دەبیت ، هەربۆیە ئاگاداربە سەرپێچی کردن بە گوناهو تاوان ، ئەوا گەورەترین هۆکارە بۆ زەلیل و ریسوا بوونی مرۆڤ لە ژیانی دونیا ، چونکە هیچ زەلیل و ریسوایەك نیە توندو گەورەتر بێت لە زەلیل بوون و ریسوا بوونی بە سەر پێچی گوناهو تاوان ، ئەگەر لە ژیانی دونیا ئەنجامدرابێت ، ئەوا سزاکەی یان ئەوەتا لە ماوەیەکی کورت باجی سزاکەی دەدیت یان ئەوات بۆت هەلدەگیرێت لە رۆژی دوایی زەلیل و ریسوا ترین کەسی لێ پرسینەوە لەگەلدا دەکرێت ، بە دلنیایەوەش ئەگەر لە ژیانی دونیا دا کەسێکی چاکەکارو خواناس ئیماندارێکی دامەزراو بێت، ئەوا پێچەوانەی زەلیل و ریسواییە ، بەلکو شکۆمەند و بەشەرەف بە کەرامەت و رێزدار بەهێزو دەسەلات دەبێت لە ژیانی دونیادا ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموێت : ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ﴾ [فَاطِر: ١٠]

واتە : {بە گوێڕایەڵی کردن مرۆڤ بە عیززەت دەبێت} [ مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا ] هەر کەسێك عیززەتی ئەوێ یان پرسیاری عیززەت ئەکات ئەوا عیززەت هەمووی بۆ خوای گەورەیە، یان کەسێك ئەیەوێ بە عیززەت بێ لە دونیاو قیامەت با داوا لە خوای گەورە بکات و خۆی بە عیززەت بکات بە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە، چونکە بە تاوان و سەرپێچی مرۆڤ زەلیل و ریسوا دەبێت [ إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ ] وتەی باش بۆ لای خوای گەورە بەرز ئەبێتەوە لە زیکری خوای گەورەو قورئان خوێندن و پاڕانەوە، پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - دەفەرمێت: (زیکری خوای گەورە لە دەوروبەری عەرشی خوای گەورە گیزەگیزی هەیە وەکو گیزەگیزی مێشەنگ باسی خاوەنەکەیان دەکەن، ئایا ئێوە پێتان خۆش نیە بەردەوام لای خوای گەورە باس بکرێن) [ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ ] بەهەمان شێوە خوای گەورە کردەوەی چاکیش بەرز ئەکاتەوەو وەریدەگرێت، یاخود کردەوەی چاك قسەو وتەی باش لەگەڵ خۆیدا بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەگەر وتەو قسە کردەوەی چاکی لەگەڵ نەبێت خوای گەورە وەرناگرێت (کردەوەی چاك ئەوەیە کە بۆ خوا بێت و بۆ ریا نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت) (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر بەرزی و بڵندی خوای گەورە).

**لە (قتادة )** – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : **( من كان يريدُ العِزَّةَ ، فليتعَزَّزْ بطاعةِ اللهِ تعالى )** السراج المنير للخطب الشربيني (٣/٣١٥). **واتە :** هەرکەسێك ئارەزووی شکۆمەندی دەکات ، با بە گوێڕایەلی کردن و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) پایە بەزی و شکۆمەندی بەدەست بهێنێت...

لە (إبراهيم کوری أدهم ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – ئەم نزاو پارانەوەی فەرموو:**( اللَّهُمَّ أنقُلني من ذُلِّ معصيتك إلى عزِّ طاعتِك )** تاريخ دمشق لابن عساكر (٦/٢٨٢) واتە : خودایە "مـن لە زەلیك و سەرپێچی کردنم بگوازەوە بۆ شکۆمەندی گوێڕایەلی تۆ ...

هەندێك نزاو پارانەوە لە پێشینە چاکەکان :

✓ ( اللَّهُمَّ أعِزَّني بطاعتِك ، ولا تُذِلَّني بمعصيتِك ) . لابن القيم (الجواب الكافي ) ص٥٩.

واتە : خودایە " بە گوێرایەلی کردنی تۆ شکۆمەندو پایە بەرزم بکە ، بە سەرپێچی کردن بۆ تۆ زەلیل و ریسواوم مەکە ...

✓ ( النَّاسُ يطلُبون العِزَّ بأبوابِ الملوكِ ، ولا يجِدونه إلَّا في طاعةِ اللهِ ) .لابن القيم (إغاثة اللهفان ) (٤٨/١).

واتە: خەلکی بە دوایی شکۆمەندی دەگەرین وەیان داوای دەکەن لە دەرگای پاشا دا ، کەچی تەنها شکۆمەندی لە گوێرایەلی کردنی (خوای گەورە ) دا دیدۆزنەوە ...

✓ ( من أراد عزًّا بلا عشيرة ، و هيبةً بلا سلطانٍ ، فليخرُجْ من ذُلّ معصيةِ اللهِ إلى عِزّ طاعةِ اللهِ ) . لابن القيم (عيون الأخبار ) (٤١١/١) ، (نثر الدر ) اللآبي (١٨١/٥).

واتە : هەر کەسێك ئارەزووی یان داوای شکۆمەندی بکات با بەبێ هۆزو عەشیرەت داوای بکات ، هەر کەسێك سامناك و فخامەت و گەورەیی بوێت ئەوا بە بەبێ دەسەلات و فەرمانرەوایی بێ ، ئەوا با لە زەلیلی و سەرپێچی کردنی فەرمانە کانی (خوای گەورە ) دەربچێت ، بۆ شکۆمەندی و گوێرایەلی کردنی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) هەنگاو بنێ ...

(خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُونَ ﴿١٨﴾﴾ [السَّجْدَة : ١٨]

واتە :{کافرانو باوەڕداران لای خوا یەکسان نین} [ أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَمَنْ كَانَ فَاسِقًا ] ئایا کەسێك باوەڕدار بێ وەکو کەسێك وایە کە فاسق و دەرچوو بێ لە فەرمان و گوێڕایەڵی خوای گەورە؟ ئەم ئایەتە لەسەر (ئیمامی عەلی) و (عُقْبَة بن أبي مُعَيط) دابەزیوە [ لَا يَسْتَوُونَ (١٨) ] نەخێر ئەم دوانە یەکسان نین [ أَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ] ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە (کردەوەی چاك ئەوەیە بۆ خوا بێت و بۆ ریا نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت)

بێ گومان ئەم ئایەتە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە نەفی کردنی یەکسانی نێوان ئیماندار و فاسق یان لە سنوور دەرچووە لە فەرمانەکان، هەر بۆیە لە رووی شەریعەتی ئاینی ئیسلام و ، وە لە رووی لۆژێك منتق عەقلیشەوە یەکسان نین ، نە لە ژیانی دونیادا و نە لە ئاخیرەت ، [ لَا يَسْتَوُونَ (١٨) ] یەکسان نیە ، هەر بۆیە جیاوازی نێوان ئەم دوو دەستەیە ئەوەیە یەکێکیان ئەهلی بەهەشتە و ئەوەی تریان ئەهلی دۆزەخە ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلًۢا بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُواْ فَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ ۖ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٠﴾﴾ [السَّجْدَة : ١٩ - ٢٠]

شەشەم : پابەند بوون بە رەوشتە بەرزەکان و ئاکارە جوانەکان:

رەوشتە بەرزە کان  وەکو : ئارام گرتن و دڵفراوانی و خۆنەویستی و بەخشندەیی و جوامێری و ووتەی حەق و دادپەروەرانە  و لێخۆش بوون یان لێبووردەیی  لەگەڵ خەلك و سینە فرەوان ، ئەم رەوشت ئاکارە جوانانە بێ گومان دەبێتە بەدەست هێنانی شکۆمەندی رێزو پایە بەرزی هێزو دەسەلات وجوامێری و خانەدانی لە نێو موسلمانان دا...

لە (ابو هريرە ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( ما نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِن مالٍ، وما زادَ اللَّهُ عَبْدًا بعَفْوٍ إلَّا عِزًّا، وما تَواضَعَ أحَدٌ للَّهِ إلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ )).صحيح المسلم برقم (٢٥٨٨).

واتە : بەخشین هیچ کاتێك ماڵ و سەرمایە کەم ناکاتەوە ، هەر بەندەیەك لێ خۆش بوونێك بنوێنێ ئەوا (خوای گەورە ) زیاتر شکۆمەندی دەکات ، هەروەها هەر کەسێکیش لەبەر خاتری خوا ملکەچی بنوێنێت ئەوا (خوای گەورە ) زیاتر بەرزی دەکاتەوە...

يقال : (العِزُّ في التَّواضُع ، فمن طلبه في الكبرِ لم يجِدْه ). (الرسالة القشيرية ) (٢٧٩/١).

ووتراوە : خۆنەویستی لە شکۆمەندی دایە ، بەلام ئەوەی بەدوایی خۆبە زلزانی بگەرێ نایدۆزێتەوە ...

ئەم خاڵانەی کە ماون تەواو کەریەتی :

حەوتەم : قوتبخانەی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ وە هاوەلە بەرێزەکانی :

هەشتەم : گرنگی دان بە بەدست هێنانی زانستی شەرعی ، وە هۆشیار بوونی لە کارکردن بەو زانستە :

نۆیەم : زۆر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز وە بیرکردنەوەی لێی و کار پێکردنی :

دەیەم : پێداگری کردن لە سەر خواردنی حەلال  وە دلنیا بوون لەوەی رێگە پێدراوە ، دوور کەوتنەوە لە خواردنی حەرام :

یانزەم : راستگۆی پشت بەست بە (خوای گەورە ) :

دوانزەم : دڵسۆزی و نیات پاکی لە کارەکان :

## شکۆمەندی دابەش دەکرێت بە دوو جۆر

یەکەم :(**العزة محمودة** ) واتە : شکۆمەندی ستایشکراو :

دووەم :( **العزة مذمومة** )واتە : شکۆمەندی لۆمەکراو :

یەکەم :(**العزة محمودة** ) واتە : شکۆمەندی ستایشکراو :

بەلێ شکۆمەندی ستایشکراو شکۆمەندیەکی حەقیقی و راستە قینەیە وەکو شکۆ و پایە بەرزی ئیماندارێکی دامەزراو رێزدار، هەر بۆیە (خوای گەورە ) لە قورئانە پیرۆزەکەی دا ، لە چەند شوێنێك باسی شکۆمەندی کردووەو ستایشی کردووە ، وە لە هەندێك شوێنیش لۆمەی شکۆمەندی کردووە ...!

١- قال تعالى: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾ [المُنَافِقُون : ٨]

واتە : [ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ (٨) ] وە عیززەت تەنها بۆ خوای گەورەو بۆ پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - بۆ باوەڕدارانە، بەلاّم مونافیقان نازانن، کە ئەم ئایەتە دابەزی (عبداللّه‌ی کوڕی عبداللّه‌ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) کە صەحابە بوو، پێش ئەوەی بگەنە مەدینە لای دەرگاو ڕێی مەدینە ڕاوەستا نەیهێشت باوکی بێتە ژوورەوەو وتی: خوای گەورە ئەفەرمووێ: عیززەت بۆ خواو پێغەمبەرو - صلى الله عليه وسلم - باوەڕدارانە، تۆ مونافیقی تۆ زەلیلی، خۆت وتووتە ئەبێ بەعیززەتەکان زەلیلەکان دەربکەن ئێمە بەعیززەتین ئێوە زەلیلن دەرتان ئەکەین، تا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ڕێگای بدە با بێتە ژوورەوە ئەو کاتە ڕێگایدا...

قال تعالى: ﴿سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ [الصَّافَّات : ١٨٠]

واتە: پاك و مونەززەهی بۆ پەروەردگارت ئەو پەروەردگارەی کە بە عیززەتە لە هەموو ئەو وەسفە ناشیرینانەی کە کافران و موشریکان ئەیدەنە پاڵ خوای گەورە...

٢- قال تعالى: ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِى عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ﴿٢﴾﴾ [ص : ٢]

واتە : بەڵکو کافران خۆبەگەورەزان و لووتبەرزن، وە بێ فەرمانی و سەرپێچی خوای گەورە ئەکەن و حەق وەرناگرن...

تێبینی : روون کردنەوەی دەربارەی ئەم چەند ئایەتەی قورئانی پیرۆز ، ئەوەی لە دوو ئایەتی یەکەم دا هاتوو شکۆمەندی پایە بەرزی هەر بۆ (خوای گەورە ) و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ لە گەل ئیمانداران ، هەربۆیە ئەو شکۆمەندیەی بۆ هەمیشە بەردەوامە و راستەقینەیە کە شکۆمەندی (خوای گەورە ) پێغەمبەری خوا و ﷺ لەگەل ئیمانداارانە ، بەلاّم بەشی دووەم ئایەتی (٢) سورەتی ص ، ئەوا ئەو شکۆمەندیە هی کافران و مونافیقان و سەرپێچی کەرانە ، ئەو شکۆمەندیە لە راستی دا زەلیل وریسوایەی بۆ هەمیشە...

کەواتە: شکۆمەندی راستەقینە ئەو حەقیقەتەیە لە رێگەی راستیەوە بە دەست دەهێنرێت ، ئینجا خاوەنی رێزو شکۆمەند هەرچەندە لاوازو ستەم لێکراویش بێت ، سەر بەرز و شکۆمەندە تەنانەت ئەگەر دەر کراوە و ستەم لێکراویش بێت ، دەردەکەوێت کەوا ناچەمێتەوە تەنها بۆ (خوای گەورە ) نەبێت ، لە هیچ شتێك تەنازول ناکات کە فەرمانی پێکراوە وەیان دەست بەرداری هیچ نابێت ئەوەی (خوای گەورە ) فەرمانی پێکردووە ، چونکە شکۆمەندە بە شکۆمەندی (خوای بەرز بلند ) ، ئەوەی بیەوێت شکۆمەندی دەکات ئەوەشی بیەوێت زەلیل و ریسوای دەکات ...

دووەم :( **العزة مذمومة** )واتە : شکۆمەندی لۆمەکراو :

بەڵێ شکۆمەندی لۆمە کراو ئەو شکۆمەندی پووچەل و درۆینەیە کە شکۆمەندی کافران و مونافیقان و مولحیدان و خۆ بەزلزانەکان دەگرێتەوە ، هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ۝٢﴾ [ص : ٢]

**واتە : بەڵکو کافران خۆبەگەورەزان و لووتبەرزن، وە بێ فەرمانی و سەرپێچی خوای گەورە ئەکەن و حەق وەرناگرن...**

بێگومان شکۆمەندی یان پایە بەرزی کافران و موشریکان و مونافقەکان و مولحیدەکان خۆبەزلزانەکان ، جا ئەوە شکۆمەندی راستەقینە نیە بەلکو وەکو سراب بیابان وایە پووچەل درۆینە ، لە راستیدا زەلیل بوون سەر شۆری و ریسوا بوون لە هەردوو ژیاندا، هەر بۆیە بۆ هەموو شکۆمەند یەك کە ئەمانە ی ئاماژەمان پێدا وەکو کافران و موشریکان و مونافقان و مولیحدان خۆبەزلزانان، هەموو شکۆمەندیەکیان لە بنچینەدا هەواو ئارەزوو خۆبەزلزانی و غروری و لە سنووردەرچوون گەندەلی فسادیە ، هەلبەتە ئەو کەسانەی کە شنازی بە شکۆمەندی خۆیانەوە دەکەن ئەو شکۆمەندیەکە بەناوی جیاجیا لە دونیا بەدەستی دەهێنن ، ئەوا شکۆمەندی پووچەل و درۆینەو خۆ بەزلزارنیە ، هەر بۆیە لەرووی شەرعیەوە ئەم شکۆمەندیە لۆمەکراوە جائز نیە ، وەکو شنازی و شکۆمەندی کردن بە باو باپیران و نەسب و تیرە و هۆز و عەشیرەت و شارو شاری چیەتی و ولات و نەتەوە ، وەیان شنازی خۆبەزلزانی شکۆمەندی بە مال و سامان ، ئەمانە جگە لە شکۆمەندی بە ئاییینی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ هەمووی پووچەل و درۆینە ، وەیان پشت بە بەستن و شنازی کردن بەوەی کە بێ باوەران وەکو جوولەکە و گاورەکان یان مولحیدەکان ئەوا بەوانەوە شکۆمەند دەبن سەریان دەخەن کە ئێستا زۆر بەی ولاتانی موسلمانان پشت بە بێ باوەران و مونافیقەکان دەبەست بەوەی دەیان کەن دۆست هاوپەیمانی خۆیان خۆیان بەوان شکۆمەند دەکەن ، هەر بۆیە نە شکۆمەندی و هێز و پشت بەدەست دەهێنن نە سەرکەوتن و سەرفرازی بەدەست دەهێن ، چونکە ئەوانە دوژمنی ئاییینی (خوای گەورە )و پێغەمبەرەکەینە ﷺ ، کەواتە ئەوانە کفرو بێ باوەریان هەلبژاردووە ، بێ باوەرانیش بۆ هەمیشە شنازی بە گەورەیی خۆیان دەکەن وەکو هێزو دەسەلات و مال و سامان و پێش کەوتنی زانستەکانیان کەچی ئەم شکۆمەندیەی ئەوان کە بەخۆیان ناویان لێ ناوە شکۆمەندی هەمووی خیالی پووچ و سرابە ماوەیەکی کەم دێت تێ دەپەرێت ، لەراستی دا گەوچاندنی موسلمانانە بۆئەوەی بلێن ئەها ئێمە چ شارستانیەتێکی پێشکەوتوومان هەیە ، ئەها چ نیعمەتێکی زۆرمان هەیە ئەوا خودا شکۆمەندی و هێز و دەسەلات و سەرکەوتنی پێ بەخشیوین ، بەلام هەمووی پووچەل بەتال ئەم شکۆمەندیە درۆینەیە غیر شەریعە دروست نیە ،ئینجا موسلمانی ئیمان لاواز هەلدەخەتێ دەلێت ئەها ئەوانە چ شکۆمەندیان پێ بەخشراوە ..؟! بەلاَ نازانێ ئەوا شکۆمەندی راستە قینە نیە کە لە دونیا و لە دوا رۆژ (خوای گەورە ) بە ئیمانداران دەبەخشێت ، وەیان وا بیر دەکەنەو هێزی دەسەلاتی زۆر ئەوا شکۆمەندیە وەیان مال سامانی زۆر ئەوا شکۆمەندیە ، وەیان زانست و پێش کەوتن شکۆمەندیە ،وەیان ئەم هەموو هێزو سەربازەی زۆر فرۆکەی پێش کەوتوو مووشکە زۆرەی هەیەن ئەوا شکۆمەندیە ، نەخێر بێ باوەران و ئەوانەی پشتیان بە وان بەستووە هەر گیز شکۆمەند نابن ، هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةٗ لِّيَكُونُواْ لَهُمۡ عِزّٗا ۝٨١ كَلَّاۚ سَيَكۡفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمۡ وَيَكُونُونَ عَلَيۡهِمۡ ضِدًّا ۝٨٢﴾ [مَرۡيَم : ٨١ - ٨٢] واتە : ئەمانە جگە لە خوای گەورە کۆمەڵێك خوایان بۆ خۆیان بریار دابوو بۆ ئەوەی ئەو خوایانە سەریان بخەن و تکایان بۆ بکەن لە قیامەت.. [ كَلَّا ] نەخێر شتی وا نیەو ناتوانن شەفاعەتیان بۆ بکەن [ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ ] ئەوانە لە ڕۆژی قیامەت کوفر ئەکەن بە عیبادەتی ئەوان و ئەڵێن: بۆ ئێمەتان کردە شەریك بۆ خوا [ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا (٨٢) ] وە ئەبن بە دوژمنیان و دژیان ڕائەوەستن...

# شێوازەکانی شکۆمەندی

## یەکەم : شێوازی شکۆمەندی شەرعی :

### ١-شانازی کردن بە گەورەیی و شکۆمەندی (خوای بەرز بلند) :

هەروەکو دزانین کە یەکێك لە ناوە جوانەکان و صیفاتە بەرزەکانی (خوای گەورە ) (العزیز ) واتە : هەموو شکۆمەندیەك پایە بەرزیەك شایستەی زاتی (اللّٰه )یە ، ئەو زاتە هێزو دەسەلاتی یەکی بیَ وێنەی هەیە ، بەتوانایە هیچ لە دروست کراوەکانی ناتوانێت دەست لە کارو بارە کار بەجێی کانی وەردا ، وەیان سستی بیگاتیَ ، بە گەورەیی خۆی دروستکراوەکانی ژێر بارخستووە و ملکەچی کردوون ... بەلیَ (خوای گەروە ) رێزو شکۆمەندی بە هەر کەسێك ویستی لیَ بێت دە بەخشیَ ، هەر وەکو چۆن هەر کەسێك ویستی لیَ بیت زەلیلی دەکات " هەروەها شنازی کردن و پشت بەستن بە پەروەردگاری جیهانیان کۆمەندی و پایە بەرزیە هێزو دەسەلاتە" هەر بۆیە پشت بەست بە هێزو دەسەلاتی زاتی (اللّٰه ) پابەند بوونە بە رێگا راستەکەی کە جێگایی شانازی کردنە ، کاتێك هێز و توانان و دەسەلاتی زاتی (اللە ) مان بینی ئەوا ئیمان زیاتر بەهێزتر و دامەزراو تر دەبێت ، وە زیاتر پشت بە زاتی (اللە ) دەبەستین، چونکە لە لای هەموو کەسێکی ئیماندار زانراوە شنازی کردن یان پەشت نە بەستن بە غیری زاتی (اللە ) ئەوا زەلیل بوون و ریسوای بوونە ، چونکە داوای هێزو دەسەلات و شکۆمەندی لە کەسانی تر جگە لە زاتی (اللّٰه ) ، ئەوا زەلیل بوون و ریسوایی و لاوازیە ، چونکە بە لە بەر چاو گرتنی دۆخی هەر کەسێك کە جگە لە زاتی (اللّٰه ) دوای شکۆمەندی و پایە بەرزی دەکات لە کەسانێك کە خۆیان زەلیل و ریسوان ، ئەوا سەر ئەنجام چارەنووسێکی زۆر خراپ زەلیل بوون سەر شۆری ریسوایی دەبێتە پیشەی رۆژانەی ، بۆنموونە وەکو زۆر کەسمان بینیوە کە بۆ ماوەیەك خۆی بەهێزو دەسەلاتدارو پایە بەرز تەنانەت کفری گەورەی کردبوو سورەتێکی قورئانی پیرۆز بۆ کوشتار کردنی هێزو دەسەلاتەی ستەمکاریەکەی ناو نابوو ، کە بەم سورەتە کە سورەتی (الانفال ) بوو سەد و هەشتا دو هەزار کەسی ئەنفال کرد و هەشت هەزار بارازی ئەنفال کرد ، بەلام سەر ئەنجامی شکۆمەندی درۆینەی بۆ هەموو خەلکی جیهان بەدەرکەوت ، ئەو هیچ هێز و دەسەلات پایە بەرزی شکۆمەندی نەبووە ، بەلکو خەلکی بە چاوی خۆیان بینیان چۆن لە کونێك دەست بەسەر کراو بە زەلیل دەست گیر کرا ، ئەمە وێنەی ئەم شکۆمەندیە دۆرینەی کافران و بیَ باوەرانە ، هەر بۆیە بۆ داوا کردنی شکۆمەندی راستەقینە و حەقیقی دەبێت دوای لە (خوای گەورە ) بکەین کە پێمان ببەخشیَ ، وە تەنها پشت بەو زاتە ببەستین بۆ پایە بەرزی لە دونیا و لە دوارۆژ دا ، هەر بۆیە ئەوانەی کە شکۆمەندی جگە لە رێبازەکەی (خوای گەورە ) دوا دەکەن و بەدەست دێنن ئەوا بۆ هەمیشە رۆچوون بۆ قولایی زەلیل بوون ، چونکە ئەوانەی بە شکۆمەندی درۆینە خۆیان لە شوێنێکی بەرز داناوە ، ئەوا لە شوێنە بەرزکانی شکۆمەندی درۆینە فرێدەدرێنە خوارەوە بۆ نزم ترین قوولایی زەلیل بووندا " ئەو کەسەی دوایی شکۆمەندی دەکات لە رێگە پووچەل و دۆرینە ، وەیان لە رێگەی دۆر و نا دادپەروەریەوە بە دوای شکۆمەندیدا دەگەرێت ، ئەوا (خوای گەورە) بە دادپەروەریەکی پاك و بێگەرد، زەلیل بوون ریسوایی سەردا زال دەکات ، ریسوا و سەر شۆری دەکات لە دونیا و لە دوا رۆژدا...

## ٢-شكۆمەندی و شانازی كردن بە ڕێنمایەكانی ئایینی ئیسلام و شەریعەتەكەی :

هەر وەكو دەزانرێت ئایینی ئیسلام ئایینی شكۆ و سەرفرازیە ، وە ئایینی ئیسلام ئایینی پایە بەرزی هێزو دەسەلاتە ، بۆ هەمیشە موسلمانان سەربەزی شكۆمەندی خۆیان لە ئیسلام و شەریعەتەكەیەوە بەدەست دەهێنن ، هەروەها هێزە دەسەلات هەر لە ئیسلامەوە بەدەست دێت ، هەركاتێك داوای شكۆمەندی و هێزو سەر بەزری بكەین ، جگە لە ئایینی ئیسلام لە هەموو ڕێبازێكی سەر رووی زەوی جا لە رۆژهەلاَت و رۆژئاوا بگەرێن جگە لە ئیسلام ، ئیلا (خوای گەورە ) زەلیل و ریسوایان دەكات ، چونكە جوانیەكانی ئیسلام ڕێباز وبەرنامەی ئیسلام لە رووی بیرو باوەر و پەروەردە رەوشتەوە هەر گیز وێنەی نیە لە سەر رووی زەویدا ، هەر بۆیە ئەم ئایینە پاكە بە شكۆ و مەزن هەست بە جوانیەكانی ناكەین ، بەلكو ناگەین بە جوانییەكانی ئیلا لە رێگەی تێروانینییەوە نەبێت بۆ دیاردە گەردوونیەكان ، وە بوونی ئەم جیهانە وە دوارۆژ ، مرۆڤەكان و هەموو ئەو درستكراوەنەی دیكەش كە لەسەر زەویین ، چونكە تەنها ئایینی ئیسلام دەتوانێت ژیانی مرۆڤەكان رێكبخات لە هەموو روانگەیەكەوە بێ جیاوازی ، ئیسلام مامەڵەی لە گەل ڕوانگە كانی ژیانی مرۆڤ ناكات بە شێوازێكی پارچە پارچە و دوور لە یەك ، بەڵكو تێروانینێكی تەواوكاری گشتگیری هەیە بۆ خودا پەرستی و بوونەوەر و ژیان و مرۆڤەكان ، هەر بۆیە ناتوانین لە جوانیەكانی ئیسلام تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لە ناوەرۆك و راستی و حەقیقەتی پەرستش بۆ خودای پەروەردگار ، وە ناشتوانین لە ناوەرۆك و راستی حەقیقەتی پەرستش تێبگەین بەبێ گەرانەوە و تێگەیشتنی ئەو دەقانەی لە قورئان و فەرموودە كە باسی ناوەرۆك و حەقیقەتی عیبادەت و پەرستش دەكەن ، هەر بۆیە شكۆمەند بەدەست دێت بە جوانیەكانی ئیسلام ، هەروەكو پێچەوانەكەشی راستە كە شكۆمەندی بەدەست نایەت بە شنازی كردن شكۆمەند بوون بە هۆز تیرەو قبیلە و گەل و رچەلەك و رەگەز و ، هەر وەك سەردەمی نەفامی شانازیان پێ دەبرد ، بەلكو دەبێت شانازی كردن و شكۆمەندی تەنها لە ئیسلامە وە بەدەست بێنین ...

دەگێرنەوە دەلێن : ( رۆژێكیان ( عومەری كوری خەتاب) — خوا لێ رازی بێت - خۆی ئامادە كرد بەرێ بكەوێت بەروە ولاتی شام ، (عومەری كوری خەتاب ) بە سواری ووشترێكەو بەرێكەوت سەركردەی سوپای موسلمانان (ئەبو عبێدەی كوری جەراح ) بوو ، ئەو چوو بە دەمیەوە پێشوازی لێكرد ، كاتێك (عومەر ) نزیك بوویەوە لە دەریاچەیەكی بچووك دابەزی لەسەر ووشترەكەو نەعلەكانی پێیی داكەند گرتی بە دەستیەوە و لە گەل ووشترەكەی چووە ناو ئاوەكەوە ، (ئەبو عبێدەی كوری جەراح ) پێی ووت : ئەی ئەمیری باوەرداران تۆ رۆژێكی گەورەت دروست كرد لە لای خەلكی سەر زەوی ، ئینجا (عومەری كوری خەتاب ) ئێخەی (ئەبو عبێدەی كوری جەراح )ی گرت ووتی : ئەرێ قسەیەكی تر نەبوو بیكەی ئەی ئەبو عبێدە ..؟! ئێوە خەلكانێكی ژێر دەستە و لاوازو كە بوون ، بە لاَم (خوای گەورە ) بە ئیسلام سەر بەرز و شكۆمەندی و بەهێوی كردن ، جا ئەگەر بێجگە لە خوا داوای سەربەرزی و شكۆمەندی بكەن ئەوا (خوای گەورە ) زەلیلتان دەكاتەوە )). شیخ الالبانی (صحیح الترغیب ) برقم (٢٨٩٣).

### ٣-شکۆمەند بوون فەخرو شنازی کردن بە رۆشنایی چاوی ئیمانداران محمد ﷺ :

بەراستی شنازی کردن بە پەیرەو کردنی ئایینەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ شکۆمەندی پەیە بەرزیە لە دونیا و لە قیامەتدا ، ئەمەش کە باوەرهێنان و شاهێدیدان و قبوڵکردنی سەروەور پێشەواو رێ نیشاندەری هەموو موسلمانان رۆشنایی چاومان پێغەمبەری خوا ﷺ بەو سیفەتەی کە نێردراوی (خوای گەورە ) یە و لە رێ وەحیەوە پەیامەکەی (خوای پەروەردگاری ) جیهانیانی پێگەیشتووە و ، رۆشنایی چاومان بێ کەم زیان گەیاندوێتی ...

هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤﴾ [النَّجم : ٣ - ٤]
**واتە : وە لە هەواو ئارەزووی خۆیەوە قسە ناکات بەڵکو ئەوەی کە دەیڵێ قورئانەو.. تەنها وەحیەو لەلایەن خوای گەورەوە بە وەحی بۆی هاتووە...**

بەڵێ خۆشەویستی و شوێنکەوتنی نیشانەی ئیمانداریکی دامەزراوە ، هەر بۆیە هەرکاتێك باسی مامۆستاو سەرکردەو پێشەوایانی گەلانی جیهان دەکرێت ، ئەوا یەکەم سەرکردەو پێشەواو رابەر باس دەکرێت کە بە نزیکەی دوو ملیار شوێنکەوتووی هەیە ، هەروەها لە زۆری پەیرەوانی ئایینەکان لە جیهاندا بە دووەم ئایین دێت کە بە نزیکەی ٢٥٪ دانیشتوان سەر زەوی شوێنکەوتووی محمد ﷺ کە رۆشنایی چاوی هەموو موسلمانانە ، هەر بۆی فەخرو شنازی کردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێتە بەدەست هێنانی شکۆمەندی پایە بەرزی و رێزداری بۆ هەموو موسلمانێك ،کەوایە خۆشەویستی و شنازی کردە بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەرکە لە سەرمان ...

لە ( ئەنسی کوری مالك ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( ثَلاثٌ مَن كُنَّ فيه وجَدَ حَلاوَةَ الإيمانِ: أنْ يَكونَ اللَّهُ ورَسولُهُ أحَبَّ إلَيْهِ ممَّا سِواهُما، وأَنْ يُحِبَّ المَرْءَ لا يُحِبُّهُ إلَّا لِلَّهِ، وأَنْ يَكْرَهَ أنْ يَعُودَ في الكُفْرِ كما يَكْرَهُ أنْ يُقْذَفَ في النَّارِ )) . صحيح المسلم برقم (٦٩٤١).
واتە : سێ رەفتار هەن ، کە هەر کەسێك تێدا بێت ئەوا شیرینی ئیمان هەست پێ دەکات : کە خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ لە هەموو کەس خۆشەویستتربن لە لای " ئەگەر کە سێکی خۆش ویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت " ئەوەندەش لە خەمی ئەوەدا بێت کە نەگەرێتەوە ناو کوفرو پێی ناخۆشبێت " بە قەدەر ئەوەندەی کە پێ ناخۆشە فرێیدەنە ناو ئاگرەوە ...

هەربۆیە دەبێت شنازی پێوە بکەین بۆ وەر گرتنی سەر بەرزی و شکۆمەندی لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش بە گوێرایەلی کردن ، هەلبەتە گوێرایەلی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ گوێرایەلی کردنی (خوای گەورە ) یە ، ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشەویستنی (خوای پەروەردگارە ) ، کە دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ٣١﴾ [آل عِمۡرَان : ٣١] واتە : {شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - نیشانەی خۆشویستنی خوایە} [ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ، کەسانێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە ڕاستگۆ نیە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، وە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورەو هۆکارە بۆ دەستخستنی خۆشەویستی خوای گەورەو لێخۆشبوونی تاوانەکان [ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٣١) ] وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە ...

لە ( ئەنسی کوری مالك ) — خوا لیّ رازی بێت — دەگێرێتەوە دەلێت :

(( أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ عَنِ السَّاعَةِ، فَقالَ: مَتَى السَّاعَةُ؟ قالَ: وماذَا أعْدَدْتَ لَهَا. قالَ: لا شيءَ، إلَّا أنِّي أُحِبُّ اللَّهَ ورَسوله صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَقالَ: أنْتَ مع مَن أحْبَبْتَ. قالَ أنَسٌ: فَما فَرِحْنَا بشيءٍ، فَرَحَنَا بقَوْلِ النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: أنْتَ مع مَن أحْبَبْتَ قالَ أنَسٌ: فأنَا أُحِبُّ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وأَبَا بَكْرٍ، وعُمَرَ، وأَرْجُو أنْ أكُونَ معهُمْ بحُبِّي إيَّاهُمْ، وإنْ لَمْ أعْمَلْ بمِثْلِ أعْمَالِهِمْ )). صحيح البخاري برقم (٣٦٨٨).

واتە: پیاوێك دەربارەی قیامەت پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد ووتی : قیامەت کەی دەبێت ..؟! فەرمووی : ( تۆ چیت بۆ قیامەت ئامادەکردووە ..؟! ) پیاوەکە ووتی : هیچ شتێك تەنها ئەوەندە هەیە من خوا و پێغەمبەرەکەم خۆش دەوێ ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ( تۆ لە گەل ئەو کە سە دایت کە خۆشت ویستووە ) ئەنس دەلّێ : جا بە هیچ شتێك دلّخۆش نە دەبووین ئەوەندەی بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، (تۆ لە گەل ئەو کە سە دایت خۆشت ویستووە ) دلّخۆش بووین ، ئەنس دەلّێ : جا پێغەمبەر ﷺ و ئەبو بەکر و عومەرم خۆش دەوێ ، وە ئومێدەکەم لە گەلّیان بم (لە دوا رۆژدا ) بە هۆی خۆشەویستیم بۆیان ، با وەکو کردەوەی ئەوانیش کردەوەم نە کردبێت ...

هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ [الأنبياء : ١٠٧]
واتە : ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆمان نەناردووە ئیلا وەکو ڕەحمەت نەبێ بۆ هەموو جیهان، ئەوەی ئیمانی پێ بێنێت و شوێنی بکەوێت رەحمەتە بۆ دونیاو قیامەتی، ئەوەیشی ئیمانی پێ نەهێنێت و شوێنی نەکەوێت تەنها ڕەحمەتە بۆ دونیای کە خوای گەورە وەکو ئوممەتانی تر لە دونیا بە کۆمەڵ سزایان نادات و لەناویان نابات...
لە (خوای گەورە ) دەپارێینەوە کە خۆشەویستی خۆی پێغەمبەرەکەیمان ﷺ لە دلّدا بچەسپێنێت ، هەروەها شکۆمەندو پایە بەرزمان بکات بە رێچکەو رێبازو ئامۆژگاریە بەنرخەکانی ، هیدایەتمان بدات لە سەر ئایینە پاك و بێگەردەکەی کە شکۆمەندین پێوە ...

ووتراوە : ( **قطرة من حبك تجعل الكافر وليا** ) واتە : خوایە دلۆپێك لە خۆشەویستی تۆ بێ باوران دەکات وەلی ..؟!

٤ -دەرکەوتنی هێزو تواناو شکۆمەندی بەرانبەر بە بێ باوەران ، نەرم نیانی و میانرەوی بەرانبەر بە ئیمانداران :

بێ گومان ئەمە گەورەترین شێوازی شکۆمەندیە کە بۆ خۆ دەرخستن بەرانبەر بە بێ باوەران ، هەر لە رابردوو دا وە لە ئێستاش دا زۆرێك ئیمانداران شنازی بە هێزە تواناو دەسەلات و شکۆمەندی خۆیان دەکەن بەرانبەر بێ باوەران ، ئیمانداران هێزو شکۆی خۆیان دەر دەخەن ، بۆ ئەوەی کە بێ باوەران چاو ترساو بکەن ، چونکە شکۆ جۆرێکە لە هەیبەت روانینی سامناکی لایەنی بەرانبەر ، هەربۆیە ئەم شێوازەی شکۆ لە بەرانبەر بە کافران و مولیحدەکان و مونافیقەکان ، دروستە ، چونکە جۆرێك نیە لە خۆبەزلزانی و غروری ، بەلکو دەرکەوتنی هێزو تواناو شکۆمەندی پایە بەرزی ئەم ئاینە نیشانددات بەرانبەر بێ باوەران ، هەروەکو (خوای گەورە ) لە وەسف کردنی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە گەل هاوەلە کانی بەرانبەر بە بێ باوەران ، لە قورئانە پیرۆزەکەی باس دەکات ...

(خوای گەروە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾ [الفَتْح : ٢٩]

واتە : {هەندێك لە سیفاتی صەحابەکان} [ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ ] محمد - صلی اللہ علیه وسلم - پێغەمبەری خوایە - صلی اللہ علیه وسلم - [ وَالَّذِينَ مَعَهُ ] وە ئەو صەحابە بەڕێزانەی لەگەڵی بوون [ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ] سەخت و توندن لەگەڵ کافراندا، وە لە نێوان خۆیاندا زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانن، کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار وا بێت...

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ۝٥٤﴾ [المَائِدَة : ٥٤]

واتە : [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ ] ئەی باوەڕداران هەر کەسێك لە ئێوە لە دینەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە هەڵگەڕێتەوە [ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ ] ئەوە خوای گەورە زەرەرو زیانی پێناگات، بەڵکو خوای گەورە ئێوە لەناو ئەبات و کەسانێکی تر دێنێ کە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ وە ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش ئەوێ [ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ] زەلیلی و خۆبەکەمزانین و ڕەحم و سۆزو تەوازوع بۆ باوەڕداران دەرئەبڕن [ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ ] بەعیززەت ئەبن بەرامبەر بە کافران [ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ] جیهاد ئەکەن لە پێناو خوای گەورەدا [ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ] وە لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسێن لە وتنی حەقدا کە ببیین، چونکە نە ئەجەل نزیك دەکاتەوە نە رزق و ڕۆزی دوور دەکاتەوە [ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ ] خوای گەورە ئەم سیفەتانە بە هەر کەسێك ببەخشێ ئەوە فەزڵی خوای گەورەیە بەهەر کەسێکی ئەبەخشێ کە ویستی لێ بێت، (حەسەنی بەصری) دەفەرمێت: سوێند بە خوای گەورە ئەم کەسانە (ئەبو بەکری صدیق) و هاوەڵەکانی بوون کە جەنگی هەڵگەڕاوەکانیان کرد [ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٥٤) ] وە فەزڵ و چاکەی خوای گەورە زۆر فراوانە وە خوای گەورە زۆر زانایەو زانیاری هەیە بە بەندەکانی...

٥- تاوان و سەرپێچەیەکان ، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی شکۆ وهەیبەت لە ناو خەلکدا ، ئەمەش دەبێتە مایەی زەلیل بوون :

بێ گومان ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچەکان شکۆ هیبەت و سەر بەرزی کەم دەکاتەوە ، دەبێتە مایەی زەلیل و ریسوابوونی سووکایەتی ئەو کە سەی کە تاوان و گوناهو سەرپێچی ئەنجام دەدات ، هەورەها گەورە ترین تاوان کە مرۆڤ ئەنجامی بدات ئەویش بریتیە لە شەریك و هاوبەشی دانان بۆ (خوای گەورە ) هەر وەکو دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ [لُقمَان : ١٣] واتە :{ئامۆژگاری لوقمانی حەکیم بۆ کوڕەکەی} [ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ ] وە کاتێك لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆی ئەکرد پێی فەرموو [ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ ] ئەی کوڕی خۆم شەریك و هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار مەدە لەبەر ئەوەی خوای گەورە تاك و تەنهاو بێ هاوەڵە [ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ (١٣) ] بەڕاستی شەریك دانان بۆ خوا گەورەترین زوڵم و ستەمە کە کرابێت...

بەلێ تاوانەکان کەلێك زۆرن کە مرۆڤەکانی ئەنجامی دەدەن بۆنموونە : تاوانی کوشتنی بە ناحەق ، تاوانی سحرو جادوو ،تاوانی وازهێنان لە نوێژ کردن ، تاوانی ئازار دانی دلّی دایك و باوك ، تاوانی نەدانی زەکات ، تاوانی پچراندنی سیلەی رەحم ، تاوانی زیناو داوێن پیسی ، تاوانی خواردنی مالی خەلك بە نارەوایی ، تاوانی خواردنی مال هەیتو بەنارەوایی ، تاوانی درۆ کردن ، تاوانی هەلهاتن لە جەنگ ، تاوانی ناپاکی ستەم کردن ، تاوانی خۆ بەزلزانی ، تاوانی شاهێدی دان بە درۆ ، تاوانی خواردنەوەی شەراب ، تاوانی قومار کردن ، تاوانی دزی کردن ، تاوانی بەرتیل خۆری ، تاوانەکانی زمان وەکو:( نەمیمی و جاسوسی و غەیبەت و جوێندان و قەسەی ناشرین خۆ سووك کردن بە ووتەی ناشرین ) هەروەها تاوانی سووخۆری ، تاوانی ڕیایی یان رووپەمەیی ...

بەلێ بەدلنیایەوە گوناهو تاوان و سەرپێچی زەرەرو زیانی زۆر زۆر گەورەی هەیە بۆ خاوەکەی کە ئەنجامی دەدات ، جا سزاکانی ئەم زەرەرو زیانە هەمەجۆرە ، ئیتر چ لە دونیا بێت یان بۆی هەبگیرێ لە دوا رۆژ دا ، لە سەر ئاستی تاکەکان بێت یان لە سەر ئاستی کۆمەلگاکان و گەل نەتەوەکان بێت ، لەوانە زۆر بە کورتی باسی زە رەرو زیانەکانی گوناهو تاوان سەر پێچیەکان دەکەین :

١-کەم بوونەوە و لە دەست دانی شکۆ و هەیبەت و جوامێری و رێزداری ، کە دەبێتە مایەی زەلیل بوون ریسوایی سووکایەتی .

٢-پێ بەش بوون لە زانستی شەرعی .

٣- پێ بەش بوون لە ڕزق و رۆزی و کارو کاسبەکەی .

٤-نەمانی بەرەکەت لە ڕزق ڕۆزی و زانستی شەرعی و تەمەنی .

٥-بەردەوام دلّ تەنگی و خەمۆکی دایی دەگرێ گزو لاواز بێ توانا دەبێت .

٦-دلّ رەق بوون و رەش بوونی دلّ یان تاریکی دلّ .

٧-رەش هەلگەرانی دەم چاوی بەهۆی گوناهو تاوانەوە .

٨-بێ بەش بوون لە عیبادەت کردن بە تایبەتی ئەو دلّ خۆشیە کە لە نوێژ بەیانی دا موسلمانان دەی بینن .

٩-کورتی تەمەن ، مەبەست ئەوەنیە تەمەنی کورت دەبێت ، بەلکۆ کات زوو تێ دەپەرێت و خۆشی لە کاتەکان نابینێ .

١٠-دەبێتە کەسێکی درۆزن ، جا بۆ راست کردنەوەی درۆی یەکەمی چەندین دۆری تر دەکات .

١١-کزبوونەوەی چرای تەوبە کردن .

١٢-نەمانی ئازایەتی غیرەتی جوامێری بەهۆی کردنی تاوانەوە .

١٣-نەمانی شەرم حەیا ، تاکو وای لێدەکات دەبێتە پێشەنگی بێ شەرم حەیا سووك و ریسوای کۆمەلگا .

١٤-لاواز بوونی بیرو هۆش و عەقل .

١٥-بە هۆی تاوانەوە (خوای گەورە ) مۆری لە دڵ دەدا .

١٦-زۆر بوونی ترس بیمە لە سەری ، لە هەموو شتێك دەترسێت و غیرەتی نامێنی .

١٧- تاوان کردن مرۆڤ بێ رێز دەکات ، واتە بەهیچ شێوەیەك رێزو شکۆی نامێنی لە ناو خەلکدا .

١٨-خاتیمەی خێر نابێت ، دەبێتە پیری ئاخر شەر .

١٩- لە پێش دا بەندەی خوا بووە ، بەلام بە هۆی گوناهو تاوان دەبێتە کویلە هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتێك .

٢٠ لە دەست دانی کاتە بە نرخەکانی ژیان .

بەلێ گومانی تێدانیە  کە گوناهو تاوان و سەرپێچی شوێنەواری خراپ هەیە لە سەر ئەو کە سەی ئەنجامی دەدات ، هەروەکو ئیمامی (ابن عباس)- خوا لێ رازی  بێت – دەلێت : ( چاکە کردن نور و رووناکییەکەی لە دەم و چاو دەردەکەوێت ، وە رووناکییەکەی لە دڵ ، وە رزق رۆزی زیادەکات ، لاشە بەهێز دەکات ، و ئەو کەسە لە لای خەڵکی خوشەویست و بەرێز دەبێت ، وە خراپەش تاریکییەکەی لە دەم چاو دەبینرێت ، دڵ رەش دەکات ، و لاشە بێ هێز دەکات ، رزق رۆزی کەم دەکات ، و خەڵکی رقیان لەو کەسە دەبێت و شکۆی نامێنی ...

بەلێ  ئەو کەسەی گوناهو تاوان دەکات ، ئەوا کارەکانی لە سەر قورس و گران دەبێت ،دەست بۆ هەر شتێك ببات ئیللا شتەکەی لەسەر گران دەبێت و هەموو دەرگاکانی لەسەر دادەخرێت ، وە کارەکەی بۆ ئاسان نابێت ، هەر وەکو چۆن کەسێك دلسۆز و ئیخلاصی هەیە تەقوادارە ئەوا کارەکانی بۆ ئاسان و فەراهەم دەبێت ، هەر چەندە کارەکانیشی زۆر بێت ...

هەر بۆیە مرۆڤەکان لەم دونیایەدا موعەرەزن بۆ گوناهو تاوان و سەر پێچی کردن ، بەلام پێویستە لەسەر هەر کە سێکی تاوانکار ، کە تاوانێك ئەنجام دەدات ، ئەوا دەبێت راستەو خۆی دوای تاوانەکە پەلە بکات  لە تەوبە کردن ، وە داوای لێخۆش بوون بکات لە (خوای گەورە )هیچ کات بێ ئومێد نەبێت لە تەوبە کردن ، چونکە (خوای گەورە ) لە گوناهو تاوان و سەرپێچی یەکەی خۆش دەبێت ، هەروەکو دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ [الزُّمَر : ٥٣] واته : بێئومێد نەبوون لە رەحمەتی خوا [ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ ] (ئیبنو عەبباس) دەفەرمێت: کەسانێك لە هاوبەشبڕیاردەران خەڵکیان کوشتبوو بە زۆری، وە زینایان کردبوو بە زۆری، هاتنە لای پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم - وتیان ئەی محمد -صلى الله عليه وسلم - ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگەوازی بۆ دەکەیت شتێکی چاکە بەڵام پێمان بڵێ: ئایا ئەو تاوانانەی کە پێشتر کردوومانە دەسڕێتەوەو خوا لێمان خۆش دەبێت؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو فەرمووی: ئەی محمد -صلى الله عليه وسلم - بەو بەندانەم بڵێ کە ئیسراف و زیادڕەویان کردووە لە تاوان و سەرپێچیدا: بێئومێد نەبن لە ڕەحمەتی خوا [ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ] بەدڵنیایی خوای گەورە لە هەموو تاوانێك خۆش ئەبێ تەنها شەریك دانان نەبێت بۆی ئیتر لە هەموو تاوانێکی تر خۆش ئەبێت، (ئەمە ئومێدبەخشترین ئایەتە لە کتابی خوای گەورە، وە صەحابە زۆر دڵیان پێی خۆش بووە)، وە (ئەم ئایەتە بانگکردنی سەرجەم کافران و تاوانبارانە بۆ تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، وە ئەوەی تەوبە بکات چەندێك تاوانی زۆر بێت خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، وەکو ئەو کەسەی کە سەد کەسی کوشت و تەوبەی کردو خوای گەورە لێی خۆش بوو)، (ابن عباس) دەفەرمێت: (هەرکەسێك لە پاش ئەم ئایەتە خەڵکی بێئومێد بکات لە تەوبە ئەوا باوەڕی بە قورئانی پیرۆز نیە) [ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣) ] وە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە...

٦-بەشێك لە شكۆ وجوامێری و سەر بەرزی ئیماندارئەوەیە نابێت لاواز بێت لە بەردەم هیچ كەسێكی تەماحكار :

بەڵێ موسلمانی ئیمانداری خاوەن شكۆمەندی و سەر بەرز ، نابێت ببێتە نێچیر بۆ هیچ تەماحكارێك ، وە نابێت بێتە ئامانجی هیچ ستەمكارو دەست درێژی كارێك ،كە تەماحی لە ماڵ و سامان و سەروەت شەرف خاو خێزانەكەی بكات یان داگیر كەرێك بێت ولاتەكەی داگیر بكات ئەویش لە ماڵەوە دانیشێت و بەرگری لە نەتەوە گەلە كەی خۆی نەكات ، چونكە شكۆی هەر كەسێك بە نەتەوەو گەلە كەیەوە پێویستە ، یان شكۆی پیاو ماڵ و سامان و خاو خێزانەكەیەتی ، دەبێت پیاو ماڵ منداڵ و خێزان و گەل نەتەوەو ولاتەكی بپارێزی لە دەست درێژی كارو ستەمكارو تەماحكاران ، هەربۆیە (خوای گەورە ) كوشتنی حەرام كردووە لە سەر بەندەكانی لە گەل یەكتری دا بەلأم كاتێك دەست درێژی كردوو ویستی ستەم لە شەرف و شكۆ ماڵ سامان خاو خێزانەكەت بكا ، ئەوا كوشتنە كە حەلال دەبێت ئەگەر لە سەر حەق رەوا بەر گری لە خۆت بكەی ، بۆنموونە : كەسێك رێگری لێ دەكات یان جەردەیی دەكات ، یان هەولدەدا دزی بكات لە ماڵەكەت وەیان هەولی ناموس بردن بدات كە شكۆ و شەرفی خۆتە پێویستە بەرگری بكەیت بی كوژیت بۆ ئەوەی هەر بە شكۆ سەربەزری مێنێتەوە ، وەكو باسمان كرد ئەو كەسە كوشتنی حەلال دەبێت كاتێك هێرش بێنێ بۆ ماڵ و خاو خێزانەكەت وە یان ویستی ماڵەكەت بەتالان ببات ئەوا جائزە كە هیچ شتێكی پێ نەدەی ، ئەگەر شەری كرد ئەوا دەبێت شەری لە گەل بكەی ، وە جائزە یان دروستە بۆ كە بیكوژیت ، چونكە پێغەمبەری خوا ––صلی اللە علیه وسلم ––بۆ مانی باسكردووە.

لە (ابو هریرە ) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت :

(( جاءَ رَجُلٌ إلى رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فقالَ: يا رَسولَ اللهِ، أرَأَيْتَ إنْ جاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أخْذَ مالِي؟ قالَ: فلا تُعْطِهِ مالَكَ قالَ: أرَأَيْتَ إنْ قاتَلَنِي؟ قالَ: قاتِلْهُ قالَ: أرَأَيْتَ إنْ قَتَلَنِي؟ قالَ: فأنْتَ شَهِيدٌ، قالَ: أرَأَيْتَ إنْ قَتَلْتُهُ؟ قالَ: هو في النَّارِ )) .صحيح المسلم برقم (١٤٠).

واتە : پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی : پێغەمبەری خوا ﷺ پێم بلێ ئەگەر پیاوێك هات ویستی ماڵەكەمم لێ زەوت بكا ..؟! فەرمووی : ماڵەكەتی مەدەرێ ، ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ویستی شەرم لە گەل بكا ..؟! فەرمووی : تۆش شەری لەگەل بكا ، پیاوەكە ووتی : پێم بلێ ئەی ئە گەر كوشتمی ..؟! فەرمووی : ئەوە تۆ شەهیدی ، پیاوەكە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێم بلێ ئەی ئەگەر من ئەوم كوشت ..؟! فەرمووی : ئەو لە ئاگر دایە ...

دووەم : شێوازی شکۆمەندی غیر شەرعی :

١-شانازی کردن و (الولاء) بوون بۆ کافر و موشریکان وەکوجوولەکە و گاورەکان و مولحیدەکان دوو رووەکان :

بێ گومان شانازی کردن و (الولاء) واتە : خۆشەویستی وەیان دۆستایەتی کردنی ئەهلی کوفر وەکو جوولەکە و گاورەکان وەیان دوو رووەکان و مولحیدەکانی ئەم سەردەمە ، ئەم جۆرە شکۆمەندی و شانازی کردن خۆشەویستن و پشتگیری کردن و سەرخستنی کافرو موشریکان وەکو جوولەکە و گاورەکان و مولحیدەکان مورتەدەکان مونافیقەکان ... هتد ئەوا غیر شەرعیە و جائز و دروست نیە شکۆمەند و سەر بەرز بیت ، وەیان شانازی بەمانە بکەین ، چونکە (خوای گەورە ) واجبی کردووە وە تەئکید لە واجب بوونی دەکاتەوە کە خۆشەوێستی و لایەنگری و دۆستایەتی و شانازی کردنی بە کافر و موشریکانی حەرام کردوە زۆر بە توندی ، کەواتە رق لێ بوونی ئەوانە مەرجی ئیمانی دامەزراوە ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢﴾ [المُجَادلَة : ٢٢] واتە : {خۆشنەویستنی کافران} [ لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ] نابینی کەسانێك هەبن کە ئیمانیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەبێ وە خۆشەویستیان بۆ کەسانێك هەبێ کە دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەکەن، واتە: نابێ باوەڕدار خۆشەویستی بۆ کافر هەبێ، نابینی واتە نابێ ببینی و شتی وا نابێت کە خۆشەویستیان بۆ کافران هەبێت ئەو کاتە باوەڕەکەیان بەتاڵ ئەبێتەوە، باوەڕو خۆشەویستی کافران پێکەوە لە دڵدا کۆنابنەوەو دژ بەیەك و پێچەوانەن [ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ ] ئەگەر ئەو کەسە کافرانە باوکیشتان بێ کە کافر بوو نابێ خۆشتان بوێن، ئەمە لەسەر (ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح) دابەزی لە شەڕی بەدردا باوکی خۆی کوشت [ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ ] یان با ئەو کەسە کافرە کوڕیشت بێ نابێ خۆشت بوێ، لەسەر (ئەبوبەکری صدیق) دابەزی کە لە شەڕی بەدردا ویستی (عبدالرحمنی کوڕی) بکوژێ هێشتا موسڵمان نەبوو دواتر موسڵمان بوو [ أَوْ إِخْوَانَهُمْ ] یان با برایشیان بێ، لەسەر (موصعەبی کوڕی عومەیر) دابەزی کە (عوبەیدی کوڕی عومەیری) برای کوشت [ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ] با ئەو کەسە کافرانە ئەگەر عەشیرەت و هۆزیشت بوو نابێ خۆشت بوێ، (ئیمامی عومەرو ئیمامی حەمزەو ئیمامی عەلی و عوبەیدەی کوڕی حارس) لە جەنگی بەدردا خزمی خۆیان کوشتووە، وە هەموویان خزم و کەسوکاری یەکتری بوونە [ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ ] ئەم کەسانە کە بەم شێوازەن خۆشەویستیان بۆ کافران و بێباوەڕان نیە ئەمانە خوای گەورە ئیمانی لە دڵیاندا جێگیر کردووەو رازاندۆتەوەو کۆکردۆتەوەو بەختەوەری کردوون [ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ ] وە بەهێزی کردوون بەسەرکەوتنێك لەلایەن خۆیەوە، چۆن مرۆڤ بە ڕوح ئەژێتەوە موسڵمانیش بە سەرکەوتن ئەژێتەوە، بۆیە سەرکەوتنی بە ڕوح ناوبردووە [ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ] وە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت ئەیانخاتە بەهەشتەوە کە پڕە لە باخ و باخات کە جۆگەلە ئاو بە ژێر دارو خانووەکانیاندا تێ ئەپەڕێ وە بە نەمری و هەمیشەیی تێیدا ئەمێننەوە [ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ] ئەوان بەهۆی ئیسلام و ئیمانەوە کەسوکاریان لێیان تووڕەبوو، خوای گەورە قەرەبووی بۆ کردنەوە کە خۆی لەوان ڕازی بوو وە ئەوانیش ڕازین بەو بەش و پاداشتەی کە خوای گەورە پێی بەخشیون [ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ ] ئا ئەمانە حیزب و سەربازی خوای گەورەن [ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٢٢) ] ئاگاداربن وە بزانن سەربازان و کۆمەڵی خوای گەورە ئەوانن کە سەرکەوتوو سەرفرازی ڕاستەقینەن لە دونیاو قیامەتدا، والله أعلم...

بەڵێ بە داخێکی زۆرەوە لە م سەردەمەدا ئەوانەی کە خۆیان بە موسلمانێکی ئیماندار هەژمار دەکەن خۆشەویستیان شانازی کردن سەربەرز و شکۆمەندی بۆ کافران دەکەن ، خۆشیان وا پێشان دەدەن کە موسلمانن کە چی خۆیان چوواندووە بە کافران وەکو :

- خۆچواندو شانازی کردن بە جل بەرگە کانیان .
- مانەوەیان لە ولاتانی کافران و شانازی کردن بە ولاتی کافران .
- گشت کردن بۆ ولاتی کافران بۆ تێر کردنی هەواو ئارەزووەکانیان .
- شانازی کردن بە بەرنامە پرۆگرام سیستەمی کافران جێ بەجێکردنی لە زۆربەی ولاتانی موسلمانان لە بوارەکانی دولەت .
- شنازی کردن بە سەرختسنی کافران ، وەیان خۆشحال دەبن کە کافران سەر کەوتن بە دەست دەهێنن لە جەنگەکانیان .
- شنازی کردن بە ناو لێنان لە مندال و نەوەکانیان ،ناوی شەرعی هەیە وەیان ناوی کوردی هەیەناوی مندالانی کافران دەنێن.
- شنازی کردن و یاد کردنەوەی بۆنەو چەژنە کانی کافران .

(خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿بَشِّرِ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ١٣٨ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا ١٣٩﴾ [النِّسَاء : ١٣٨ - ١٣٩]

واتە : [ بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (١٣٨) ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - مژدە بدە بە مونافیقان بە دووڕووەکان بەوەی کە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازاریان بۆ هەیە.. [ الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ] ئەو مونافیقانەی کە کافران ئەکەنە دۆست و خۆشەویست و پشتیوانی خۆیان جگە لە ئیمانداران کە ئەبوایە ئیماندارانیان بکردایە بەدۆست و پشتیوان و خۆشەویستی خۆیان بەڵام کافرانیان کرد [ أَيَبْتَغُونَ عِنْدَهُمُ الْعِزَّةَ ] ئایا بەدوای عیززەتدا ئەگەڕێن لەلای کافران وا ئەزانن عیززەت و سەرکەوتن و زاڵ بوون و هێز لای کافرانە [ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا (١٣٩) ] بە دڵنیایی عیززەت هەر هەمووی بۆ خوای گەورەیەو بەدەست خوای گەورەیە بیەوێ هەر کەسێك بەعیززەت بکات بەعیززەتی دەکات و عیززەت لای کافران نیە...

لە (جریر کوری عبداللە ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( أُبايعُك على أن تعبدَ اللهَ، لا تشركَ به شيئًا، و تقيمَ الصلاةَ المكتوبةَ، و تؤتيَ الزكاةَ، و تنصحَ لكلِّ مسلمٍ، و تبرأَ من الشِّرك )) . اخرجه النسائي ( ١٤٨/٧). واتە : بەیعەتم پێ بدەن ، لەسەر ئەوەی کە خوا بە تەنها بپەرستن ، هاوەڵی بۆ بریار نەدان ، هەر پێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدەن ، وە زەکاتی مالی خوا بدەن ، وە ئامۆژگاری هەموو موسلمانێك بکەن ، وە خۆ بەریی بکەن لە بێ باوەران ...

لە (عبداللە کوری مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت :

(( جاءَ رَجُلٌ إلى رَسولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَقالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، كيفَ تَقُولُ في رَجُلٍ أحَبَّ قَوْمًا ولَمْ يَلْحَقْ بهِمْ؟ فَقالَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: المَرْءُ مع مَن أحَبَّ )). صحيح البخاري برقم (٦١٦٩).

واتە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ چی دەفەرمووی دەربارەی پیاوێك کە گەلانێکی خۆش دەوێت و نەگە یشتووە بە پلەی ئەوان ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ( مرۆڤ لەگەل ئەو کەسە دا حەشر دەکرێت کە خۆشی دەوێت ...

## ٢-شانازی کردن بە ڕەچەلەکی باب و باپیرانەوە حەرامە :

بێ گومان شانازی کردن شکۆ سەر بەرزی کردن بە ڕە چەلەکی باب و باپیران حەرامە و ڕەوشتێکی لۆمەکراوە ، هی سەردەمی نەفامی، هەلبەتە لەم سەردەمەی ئێستا لە ناو زۆرێك لە موسلمانان ئەم دیاردەیە باوە ، بەتایبەتی لە نێو گوندو دێهاتەکان و هۆزەکان ، شانازی وفەخر کردن بە ڕەچەلەکی باب و باپیران ، هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣﴾ [الحُجُرَات : ١٣] واتە: [ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى ] ئەی خەڵكی ئێمە ئێوەمان دروست كردووە لە نێرو مێیەك كە ئادەم و حەوا بووە [ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ] وە ئێوەمان كردووە بە چەند گەل و هۆزێكەوە تا یەكتری بناسن {بەڕێزترینتان لای خوای گەورە بەتەقواترینتانە} [ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ] بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەو كەسەیە كە لە هەموو كەس بەتەقواتر بێت ئەوە لای خوای گەورە لە هەموو كەس بەڕێزترە [ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣) ] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر زانایە وە زانیاریەكی زۆر وردی هەیە...

لە ( ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لينتهينَّ أقوامٌ يفتخِرونَ بآبائِهِمُ الَّذينَ ماتوا إنَّما هم فَحمُ جهنَّمَ أو ليَكونُنَّ أهْونَ علَى اللهِ مِن الجُعْلِ الَّذي يُدَهدِهُ الخِراءَ بأنفِهِ إنَّ اللَّهَ أذهبَ عنكم عُبِّيَّةَ الجاهليَّةِ وفخرَها بالآباءِ إنَّما هوَ مؤمنٌ تقيٌّ أوَ فاجرٌ شقيٌّ النَّاسُ كلُّهم بنو آدمَ وآدمُ خُلِقَ مِن ترابٍ )) . سنن الترمذي برقم (٣٩٥٥).

واتە: دەبێ كە سانێك وازبهێنن لە شانازی كردن بە باوباپیرانیانەوە ، ئەوانەیان كە مردوون ، بێ گومان ئەوانە خەلوزی دۆزەخن ، یان بێ بەهاترن لە لای خوا لەو قالۆچەی كە بەلووتی پیسایی تل دەدات ، بەراستی (خوای گەورە ) لووت بەرزی و خۆ بەزلزانینی نەفامی و شانازی كردن بە باب و باپیرانی لە سەرتان لابردووە ، خەلك دوو جۆر كەسن : كەسێكی چاكە كار و لەخوا تر و بەرێز لە لای خوا ، یان كەسێكی خراپەكاری نەگبەتی سووك و ریسوا لە لای خوا ،سەرجەم خەلك لە نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە قورە ...

لە (ابو سعيد الخدری )- خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( أَنا سيِّدُ ولدِ آدمَ يومَ القيامةِ ولا فَخرَ)) . سنن الترمذي برقم (٣٦١٥).

واتە: لە رۆژی قیامەتدا من گەورەی نەوەكانی ئادەمم بە شانازی كردن نەبێ ...

لە ( ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( اثْنَتانِ في النَّاسِ هُما بهِمْ كُفْرٌ: الطَّعْنُ في النَّسَبِ والنِّياحَةُ علَى المَيِّتِ )). صحيح المسلم برقم (٦٧).

واتە : دوو جۆر لە خەلكی كوفریان تێدایە : تانەو تەشەردان لە ڕەچەلەك ،وە شین و واوەلیا لەسەر مردوو ...

### ٣-شانازی کردن بە هۆز و خێڵ و عەشیرەتگەرییەوە :

بێ گومان دەمارگیری کۆنەپەرستی وەك فەخرو شانازی کردن بە هۆز خێڵ و عەشیرەتگەرییەوە ، وەیان نەتەوەیی ئەم دەبێتە هۆکاری رق کینە هەڵگرت و خۆ بە زلزانی بەرانبەر یەکتری ، هەڵبەتە ئەم فەخرو شانازیە و دەمارگیریە دروست نیە چونکە تایبەت بوو بە سەردەمی پێش ئیسلام وەیان سەر دەمی نەفامی ، هەر بۆیە زۆرێك لە خەلکی ئێستاش ئەم فەخرو شانازیان ماوە ، خۆیان بە گەورتر دەزانن بەرانبەر هۆزەکانی تری یان خێڵ و عەشیرەتەکانی وەیان نەتەوەکانی تر ، ئەمە جۆرە رەوشتە ناشرینە دەبێتە هۆی دوو بەرەکی و ناکۆکی نێوان تاکە کانی کۆمەڵگای موسلمانان ، وە بێ گومان ئەوەی پێویستە لە سەر بەندەی موسلمان ئەوەیە کە رێزو شکۆ و خۆشەویستی لە پێناوی خودا دەبێت ، وەیان خۆشەویستی ئیمانداران لە پێناوی ئایینەکەی دابێت و بۆ گوێرایەڵی کردنی فەرمانەکانی خودا پێغەمبەرەکەی ﷺ ، نەك ئەم رێزو شکۆ خۆشەویستی شانازی کردنە بە خۆیان بۆ بەرژەوەندی دونیا بێت ، وەیان لە پێناوی قازانجی خزمایەتی هۆز خێڵ و عەشیرەتگەریەوە بێت ، بێ گومان ئەمە دروست نیە لە ئاییینی ئیسلام دا...

قال تعالى: ﴿قَالُوا۟ يَٰشُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفًا ۖ وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَٰكَ ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ ﴿٩١﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَهْطِىٓ أَعَزُّ عَلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَٱتَّخَذْتُمُوهُ وَرَآءَكُمْ ظِهْرِيًّا ۖ إِنَّ رَبِّى بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿٩٢﴾﴾

[هود : ٩١ - ٩٢]

واتە : [ قَالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ ] وتیان: ئەی شوعەیب ئێمە تێناگەین لە زۆرێك لەو هەواڵ و شتانەی کە تۆ باسی ئەکەیت لە باسی زیندوو بوونەوەو قیامەت (هەرچەندە شوعەیب پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بە وتاربێژی پێغەمبەران ناسرابووە لەبەر رەوانبێژی و زمانپاراوی) [ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا ] وە ئێمە تۆ ئەبینین کە لەناو ئێمەدا لاوازو بێدەسەڵاتی و تەنهایت، وە وتراوە نابینا بووە [ وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ ] وە ئەگەر عەشیرەت و هۆزەکەت نەبوایە ئێستا بەردبارانمان ئەکردیت [ وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ (٩١) ] وە تۆ لەلای ئێمە عیززەت و دەسەڵاتت نیە.. [ قَالَ يَا قَوْمِ أَرَهْطِي أَعَزُّ عَلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ ] شوعەیب پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی قەومی خۆم ئایا عەشیرەت و هۆزەکەم بەلاتانەوە گرنگترو بەعیززەتترە لە خوای گەورە [ وَاتَّخَذْتُمُوهُ وَرَاءَكُمْ ظِهْرِيًّا ] وە خوای گەورەتان لە پشتی خۆتان داناوەو گرنگی پێ نادەن و بەگەورەی نازانن [ إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ (٩٢) ] بەراستی پەروەردگارم زۆر زانایە بەو کردەوانەی کە ئێوە ئەیکەن، وە خوای گەورە دەوری داوەو ئاگادارەو سزاتان ئەدات لەسەری...

لە (**الحارث کوری الحارث الاشعري** ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( ... ومن ادَّعى دَعويَ الجاهليَّةِ فإنَّه من جُثى جَهنَّم، فقالَ رجلٌ: يا رسولَ اللَّهِ وإن صلَّى وصامَ؟ فقالَ: وإن صلَّى وصامَ، فادعوا بدَعويَ اللَّهِ الَّذي سمَّاكمُ المسلِمينَ المؤمنينَ، عبادَ اللَّهِ )). سنن الترمذي برقم (٢٨٦٣).

واتە: هەر کەس بە بانگەوازی نەفامی بانگەواز بکات دەبێتە یەکێ لە کۆمەڵی نیشتەجێ بووەکانی دۆزەخ ، پیاوێ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەگەر نوێژ بکات و رۆژوو بگرێت ، فەرمووی : ئەگەر نوێژ بکات و رۆژوویش بگرێت بانگەشەی ئەوە بکات ك موسلمانە و باوەردارە و بەندەی خوایە ...

له (جابر کوری عبدالله ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

(( اقْتَتَلَ غُلَامَانِ غُلَامٌ مِنَ المُهَاجِرِينَ، وَغُلَامٌ مِنَ الأنْصَارِ، فَنَادَي المُهَاجِرُ أَوِ المُهَاجِرُونَ، يا لَلْمُهَاجِرِينَ وَنَادَي الأنْصَارِيُّ يا لَلأَنْصَارِ، فَخَرَجَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فَقالَ: ما هذا دَعْوَي أَهْلِ الجَاهِلِيَّةِ قالوا: لا يا رَسولَ اللهِ، إلَّا أنَّ غُلَامَيْنِ اقْتَتَلَا فَكَسَعَ أَحَدُهُما الآخَرَ، قالَ: فلا بَأْسَ وَلْيَنْصُرِ الرَّجُلُ أَخَاهُ ظَالِمًا، أَوْ مَظْلُومًا، إنْ كانَ ظَالِمًا فَلْيَنْهَهُ، فإنَّه له نَصْرٌ وإنْ كانَ مَظْلُومًا فَلْيَنْصُرْهُ )). صحيح المسلم برقم (٢٥٨٤).

واتە : دوو مێرمنداڵ بوو بە شەریان ، یەکێکیان لە کۆچبەران بوو ، ئەوەی تریش لە ئەنصارەکان بوو ، هەر یەکەیان هاواری برد بۆ کۆمەڵەکەی خۆی کە بچن بە هانایەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ چووە دەرەوە و فەرمووی : ئەوە چیە بانگەوازی نەفامیە ..؟! ووتیان : نەخێر . ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵکو دوو مێرمنداڵ بوون شەریان دەکرد ، یەکێکیان شەقی لەوی تر هەڵدا ، فەرمووی : هیچ نیە ، با هەموو پیاوێك با یارمەتی براکەی بدات جا ستەمکار بێت یان ستەم لێکراو بێت ، ئەگەر ستەمکار بوو با رێگری لێ بکات ئەوە یارمەتیە بۆی ، ئەگەر ستەم لێکراویش بوو ئەوە یارمەتی بدات سەری خستووە ...

له ( ابو هریره ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لينتَهينَّ أقوامٌ يفتخِرونَ بآبائِهِمُ الَّذينَ ماتوا إنَّما هم فَحمُ جهنَّمَ أو ليَكونُنَّ أهْونَ علَى اللهِ مِنَ الجُعْلِ الَّذي يُدَهدِهُ الخِراءَ بأنفِهِ إنَّ اللَّهَ أذهبَ عنكم عُبِّيَّةَ الجاهليَّةِ وفخرَها بالآباءِ إنَّما هوَ مؤمنٌ تقيٌّ أوَ فاجرٌ شقيٌّ النَّاسُ كلُّهم بنو آدمَ وآدمُ خُلِقَ مِن ترابٍ )) . سنن الترمذي برقم (٣٩٥٥).

واتە: دەبێ کە ساننێك وازبهێنن لە شانازی کردن بە باوباپیرانیانەوە ، ئەوانەیان کە مردوون ، بێ گومان ئەوانە خەڵوزی دۆزەخن ، یان بێ بەهاترن لە لای خوا لەو قالۆچەی کە بەلووتی پیسایی تل دەدات ، بەراستی (خوای گەورە ) لووت بەرزی و خۆ بەزلزانینی نەفامی و شانازی کردن بە باب و باپیرانی لە سەرتان لابردووە ، خەڵك دوو جۆر کەسن : کەسێکی چاکە کار و لەخوا تر و بەرێز لە لای خوا ، یان کەسێکی خراپەکاری نەگبەتی سووك و ریسوا لە لای خوا ،سەرجەم خەڵك لە نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە قورە ...

له (ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( بيْنَما رَجُلٌ يَمْشِي في حُلَّةٍ ، تُعْجِبُهُ نَفْسُهُ، مُرَجِّلٌ جُمَّتَهُ، إذْ خَسَفَ اللَّهُ بِهِ، فَهو يَتَجَلْجَلُ إلى يَومِ القِيَامَةِ)) .

صحيح البخارى برقم (٥٧٨٩).

واتە: لە کاتێکدا پیاوێك بە رێگا دەرۆیشت جل بەرگێکی جوانی لەبەر دابوو بەخۆی سەرسام بوو، وەیان (شانازی بەخۆیەوە دە کرد) قژو پەرچەمی داهێنابوو لە پر بەزەیدا چووە خوار ، بە ناخی زەوی دەچێتە خوارەوە تا رۆژی قیامەت ...

له (عبدالله کوری عباس ) –خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( المُهلكاتُ ثلاثٌ إعجابُ المرءِ بنفسِه وشُحٌّ مُطاعٌ وهَوًى مُتَّبعٌ )) . ابن حبان (المجروحين ) (٢/٢٨٤).

واتە: سێ شت هەیە دەبێتەهۆی بە هیلاك چوون یان لە ناو چوونی مرۆڤ : سەر سام بوونی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە ، بە خیلی و چاو چنۆکی مرۆڤ ، وە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزووەکانی ...

## ٤-شانازی کرد بە زۆری ماڵ و سەروەت سامان یان ژمارەی زۆری هەر شتێك :

بەڵێ ئەو کەسانەی کە فەخرو شانازی و شکۆی خۆیان بە ماڵ سەروەت و سامانەکانیانەوە دەکەن وەیان لاف بە ژمارەی زۆی شتەکانیانەوە دەکەن ، ئەم دروست نیە ناشەرعیە ، چونکە نیعەتەکانی (خوای گەورە ) گەلێك زیاترە کە بە مرۆڤەکانی بەخشیوە ،هەر وەکو دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٨﴾ [النَّحل : ١٨] واتە : وە ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرن ئەوە لە ژماردن نایەن لەبەر زۆری نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە [ إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ (١٨) ] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بە بەزەییە...

جا فەخرو شانازی شکۆ بە ماڵ و سامان و سەروەت ، هیچ سوودێکی بۆ خاوەنەکەی نابێت ، بەڵکو لە سەر ئەو نیعمەتە زۆری لە ژیانی دونیادا کە هەیەتی لاف بە سەر خەلکیەوە لێدەدا ، ئینجا تووشی گوناهو تاوان دەبێت ، هەر بۆیە لە شەرع دا دروست نیە فەخرو شانازی بە ماڵ و سامان و ژمارەی زۆری ئەو شتانە بکەی کە (خوای گەورە ) بە بەندەکەی خۆی بەخشیوە ، زۆرێك لە خەلکی بە ماڵ و سامان و سەروەتەکەیان هەیەتی ئەوا هەژماری ماڵ و سامان سەروەتیان دەکەن ، هەیە دەڵێ من ئەوەندە خانووم هەیە شنازی پێوە دەکا ، هەیە دەڵێ من ئەوەندە ئۆتۆمبێلم هەیە شنازی پێوە دەکا ، هەیە دەڵێ من ئەوەندە دوکان هۆتێلم هەیە شنازی پێوە دەکە ، وە هەیە دەڵێ من ئەوەندە بلۆکە دۆلارەم هەیە شانازی پێوە دەکا ، شکۆ و ڕێزو پایە بەرزی خۆیان بە ماڵ سامان بەرز دەکەنەوە لە نێو خەلکی دا ، کە چی نازانن ئەو ماڵ سامانە کە ئێستا لەبەر دەستیەتی پێشتر یەکێکی تر خاوەنی بووە ، ئێ دونیاش هەر وا دەروات ڕۆژگارێك خاوەنی ماڵ و سامان لە دەستی تۆ دایە ، ڕۆژگارێکیش یەکێکی تر دەبێتە خاوەنی ، واتا بەمانای ئەوەی لە ڕۆژگارێکی نزیکەوە دەچێتە دەست کەسێکی تر ، جا هیچ سەغلەت و نارەحەت خەمگین مەبە ئەوەی کە هەژاری کەم دەرامەتی ، ئەوەشی کە هەیەتی فەخرو شانازی بە ماڵ و سامانەکەی نەکات ، چونکە ڕۆژگارێك دێت دەمریت یەك قورش دینار و ماڵەکەت لە گەڵ خۆتا نابیتە ناو گۆرەکەتەوە ، ئەو هەموو خانوو ئۆتۆمبێل و هۆتێل و دوکان ، مەزرەعە و شتەگرانبەهایانەی کە هەتبووە ، منداڵە زاوکانت دابەشی دەکەن بەسەر خۆیانەوە ، تۆش هیچ لە گەڵ خۆت نابیتە ناو گۆڕە وە مایە پووچ دەمێنێتەوە دەبیتە دۆڕاوی دونیا و قیامەت ، هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەروەت سامان زۆرن ئەوە نازانن کە ئەگەر هاتوو دۆلارو پارەکانیان لە پێناوی خوا دا وەیان لە خزمەتی ئیسلامدا بەکار نەهێنرا ئەوا ماڵ و سامان سەروەتەکەی دەبێت ماڵی غەزەب بەڵاو موصیبەت بەسەر خاوەنەکەیەوە ، نەنیعمەت و ڕەحمەت ، بە سەر خاوەنەکە ی هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی: لە (ابو هریرە) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((اللّهُمَّ إني أعوذُ بك من جار السوءِ، ومن مالٍ يكون عليَّ عذابًا...)) . شيخ الالبانی في السلسلة الصحيحة برقم (٣١٣٧).

واتە: ئەی پەروەردگار پەنا دەگرم بە تۆ لە دراوسێی خراپ ، لە ماڵ و سامانێك کە ببێت بە سزا و نارەحەتی بە سەرمەوە ...

قال تعالی: ﴿وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٞ فَقَالَ لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا ٣٤﴾ [الكَهف : ٣٤]

واتە : [ وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ ] وە جگە لەم دوو باخە بەرهەمی تریشی هەبووە، یاخود وتراوە: زێڕو زیوی هەبووە [ فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنْكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا (٣٤) ] شانازی بەسەر هاوڕێ باوەڕدارەکەی دەکرد و گفتوگۆی لەگەڵدا ئەکردو ئەیوت: من ماڵ و منالّ و خزمەتکارم لە تۆ زۆرترە، وە پیاوانێکی زۆر بەدەورمەوەیە...

## سوودەکانی شکۆمەند بوون

١-پابەندبوونی بەندە بە فەرمانەکانی (خوای گەورە ) چونکە ئەو شکۆمەندیە بۆ زاتی (اللّٰه ) یە کە خۆی بەخشەری شکۆمەندی پایە بەرزیە مەزنیەتیە ، وە هەر لەم رێگەیەوە داوای شکۆمەندی و پایە بەرزی لە خودای پەروەردگار دەکەین .

٢-گەیشتن بە بەدەستهێنانی رەزامەندی (خوای گەورە ) ، چونکە شکۆمەندی پایە بەزری و مەزنیەتی بەدەست نایەت تەنها بە گوێرایەلی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) نەبێت ، چونکە گوێرایەلی کردن هۆکارێکە بۆ رازی بوونی (خوای گەورە ) بۆ بەندەکەی ، هەروەها لەسەر ئەم گوێرایەلی کردن موسلمانان پاداشتی دەدرێتەوە .

٣-موسلمان پشت راستە بەوەی کە شکۆمەند بوون ، هێزو تواناو شەرەف و کەرامەت و حورمەتی بەدەست دەهێنێت ، واتە : لە نێو خەلکی دا سام و هەیبەتی دەبێت ، رێزدار و پایە دار دەبێت .

٤-شکۆمەندی پایەبەرزی راستەقینە موسلمان لە دەرچوون لە سنوور دەپارێزی ، پاکیەتی و تۆی دەست پاکی دەچێنیت ، هەروەها فەزلی زیاتر دەبێت و خراپەکاری بنبڕ دەکات .

٥-رزگار کردنی موسلمان لە کۆیلایەتی و چۆکدادان ملکەچ بوونی بۆ دروستکراوەکانی (خوای گەورە ) ، کەواتە تەنها سجدە و کرنۆش و ملکەچ بوونی بۆ (خوای پەروەردگار ) دەبات ، ملکەچی هیچ دروست کراوێك نابێت ، شکۆمەندی وای لێدەکات تەنها لە سەر رێگا راستەکەی خوا پێغەمبەرەکەی رەفتار و کارو کردەوە بکات .

٦-شکۆمەند بوون موسلمان رزگار دەکات لە زەلیل بوون تەماح و چاوچنۆکی .

٧-ئەوکەسەی دەست بە شکۆی خۆیەوە بگرێت ، توانای هێزو بەرگری کردنێکی رادە بەدەریان دەبێت بەرانبەر دوژمنەکانی ، وە بەرگری لە خۆیان دەکەن بە شێوەیەکی بێ وێنە ، ئەوانە بەرگری و پاسەوانی لە پیرۆزیەکانی ئیسلام دەکەن لە هەر شوێنێك بێت .

٨-موسلمان رادەهێنێت بەوەی کە قسەی حەق بکات و دادگەری بچەسپێنێت ، وە بەکردار شوێن زانستی شەرعی بکەوێت .

٩-یارمەتی دەرە لە پشتیوانی کردن و سەرکەوتنی ستەم لێکراو ، وە ستەمکار دەوەستێنێت و بەرنگاری دەبێتەوە لەسەر حەق .

١٠-وا لە موسلمان دەکات کە ئۆقرەی لەدە داگیرسێنێت وە دەروونی ئاسوودە بکات .

## عیززەت لە شعرو هۆنراوەی عەرەبی دا

١- شعر الشاعر : (المتنبي )

عِشْ عزيزًا أو مُتْ وأنت كريمُ.

٢- (الوافي بالوفيات ) للصفدي (١٨/٣٣٧).

سِتٌّ عُيونٍ من تأتَّتْ له

كانت له شافيةٌ كافيةْ

العِلمُ والعلياءُ والعَفوُ والع

زَّةُ والعِفَّةُ والعافيةْ.

٣-شعر الشاعر : (لابن قتيبة الدينوري ) (١/٥٣٤).

لنا العِزَّةُ القَعْساءُ والعَدَدُ الذي ....................عليه إذا عُدَّ الحصى يتحَلَّفُ.

٤-شعر الشاعر : (حسان بن ثابت )

دار لقوم قد أراهم مرة . . . ............................ فوقَ الأعزةِ عزهمْ لمْ ينقلِ.

٥-شعر الشاعر : (كثير عزة )

لعزَّةِ إذ حبلُ المودّةِ دائمٌ . . . ................. وإذا أَنْتَ مَتْبُولٌ بِعزَّةِ مُعْجَبُ

٦- شعر الشاعر : (جبران خليل جبران )

والأجل الأجل منهم زري . . . ................. والأعز الأعز منهم ذليل

٧-شعر الشاعر : (ابن الرومي)

قِرنٌ عزيز لعزة النفَّرِ . . . ................. لو كان فعل الورى لقد ذَئِرَتْ

٨-شعر الشاعر : (الشريف الرضي )

وهيهات ما يغنى العزيز تعزز ................... فيبقى ولا ينجي الذليل خمول

٩-شعر الشاعر: (أبو العلاء المعري )

عزَزْتَ، وربُّ النّاسِ أعطاكَ عِزّةً، ..................... وأصبَحتُ هَيناً، كلُّ شيءٍ يعُزُّني

١٠-شعر الشاعر :(حسان بن ثايت )

ولا عزيزاً، فإنّ الغدرَ منقصةٌ، ................... إنّ عَزيزاً دَقِيقُ النّفْسِ والخُلُقِ

١١-شعر الشاعر :(على بن أبي طالب )

قطعت بأيام التعزز ذكره .................... وكل عزيز ما هناك ذليل

١٢-شعر الشاعر :(حافظ إبراهيم ) ديوان ص ١٣٧ .

عافوا المذَلَّةَ في الدُّنيا فعِندَهُمُ

عزُّ الحياةِ وعِزُّ الموتِ سِيَّانِ

لا يَصبِرون على ضَيمٍ يحاوِلُه

با غٍ من الإنسِ أو طا غٍ من الجانِ

١٣-شعر الشاعر :(البحتري)

وَلاَ نَصرَ المُعتزَّ مَنْ كَانَ يُرْتَجَى ................... لَهُ، وَعَزِيزُ القَوْمِ مَنْ عَزّ نَاصِرُهْ

١٤-شعر الشاعر :(ابن عبد ربه )

عَزيزٌ عَلَيْهِمْ أنْ تَجُودَ أَكُفُّهُمْ ................... عليهمْ منَ اللهِ العزيزِ عفاءُ

## عیززەت لە شعرو هۆنراوەی کوردی دا

١-شعری (حەقیقی ) لە کتێبی دیوانی حەقیقی (قەهری گەردوون ).

لە حەجی «متعه» دڵت تەئمینە
سەرتای دینی مەدینەی دینە
بارەگای خەتمی روسوڵ مینبەر و بەیت
جەننەتەڕەوزە مەلەك پەرژینە
مەقسەدی وەحیە مەسیری جەبریل
مەرکەزی عیززەتە جێی تەمکینە
لە ڕەسوولانی «اولوالعزم» و خەواس
سەفی ئەرواح لەوێ چین چینە
!کاتێ دەستەو نەزەری بن مەلەکووت
پادشایان و سەلاتین چینە؟
کلە سوبحانییە خاکی کەل و کێو
پەل و چێو عوود و گوڵ و نەسرینە
خۆڵی بەردەرکی بە دڵ جاڕوو کە
گەسك و ئاو، کاری موژە و ئەسرینە
یادی یاران بکە لێت وەر دەگرن
مەرکەزی ڕەئفەتە جێی بەخشینە
فیدیە بێ عەیبە، خەتابارم من
بۆیە سەهمم نییە لەو ئایینە
نایەڵێ قەهرە لەگەڵ من گەردوون
تا سەرو ماڵ بکەمە گاو گەردوون

٢-شعری ( ئەمین ئوشنویی ) لە کتێبی دیوانی ئەمین ئوشنوویی (چارەنووس ) .

ڕزق و ڕۆزی کەم عەزیزم سەرنەویشتی قودرەتە

گەرچی سەعیێ لازمە ئەمما بە سەعیێ نودرەتە

سەد هەزارم دیتووە سەعیێ دەکەن کارێ دەکەن

کەسبی وان ئاخر دەبێتە داغ و دەرد و حەسرەت

گەر خودا بەختی کەسێکی ڕەش بکا ڕۆژی ئەزەل

شەوق و شادی ماتەمە و عەیش و نشاتی مێحنەتە

«ئەمری قورئانە «تعزو» هەم «تذل من یشاء

ئەو لە بۆ دونیا و قیامەت نوکتەییێکی حیکمەتە

زۆر هەنە بوونە بە زۆری سەعیی خۆ ئومێدوار

دڵ لە ئایاتی تەوەککول خاڵی و پڕ غەفڵەتە

حاسڵی دونیا و قیامەت بۆتە ناخۆشی و عەزاب

سەعی و زۆری وان لە بۆیان بوویتە ڕەنج و زەحمەتە

گەر خودا مەیلی هەبێ هەر کەس تەرەققی پێ بدا

بۆ جیهان و ئاخرەت دەیکاتە ساحێب عیززەتە

یا ئیلاهەلعالەمین بۆ خاتری پێغەمبەری

تۆ بە حاڵی من «ئەمینی ئوشنەوی» کەی ڕەحمەتە

٣-شعری (مەلا ئەحمەدی قازی پێنچوێنی ) لە کتێبی (خەزنەی جواهێر ) بەیانی هۆی کەهاڵی لە بەجێهێنانی فەرمانی خوا .

بە سروەی سەبای فکری حەقق بۆ دڵ
غونچەی مەعریفەت ئەپشکوێ بە گوڵ
بەڵام بە سەبەب عیشقی ئەم نەفسە
بۆ جیفەی دنیا لەو خێرە حەبسە
چونکە مەشهوورە دڵ هەر دڵێکە
مەربووتی ڕوشتەی عیشقی گوڵێکە
سایری ئەشیای لەلا مەعدوومە
خۆی لە خۆی فانی بە کوردی گومە
وا بەو داوەوە هەتاکوو ئەمرێ
کە مردیش خاوەن دڵ لێی نابووری
هەیە عاشقێ سکەی دینارە
بۆ کۆکردنەوەی دڵ بریندارە
مەجبووبێ بەعزێ حەیوان دارییە
بۆ بزنە شەلێ دەردی کارییە
بەعزێ تالبی شەئن و عیززەتە
تا ماوە بەشی داخ و زیللەتە
بەعزێ ڕاغبی هێستر و کەرە
قسمی «مروج» فیعلی مونکەرە
تاقمێ عیشقی وا لەگەڵ پیشە
هەرکەس مەجنوونی لەیلی یەك ئیشە
دڵ کە لە حوببی ئەمانە پڕ بێ
ئەبێ لەبەری مەعریفەت زڕ بێ
چونکە جامێکت کە پڕ کرد لە دۆ
جێی شتی تری تێدا نابێتۆ
لەلای ئەوانە ئەهلی عیرفانن
هۆی بێ فەرمانی ئادەمی دوانن
سەبەبی هەردووش هەند بێ فەڕییە
سەبەبی گەورەی ئاخر شەڕییە
«یەکێکیان شکە بە بوونی میعاد
(( نعوذ منه برب العباد))

٤-شعری ( خادیم ) لە کتێبی دیوانی خادیم بەرگی ٢ ئەتەوێ بەرز ببیەوە نزم بنوارە .

ئیددعای بەرزی و بڵندی قەت مەکە

کیبر و عیززەت خودپەسەندی قەت مەکە

سەر بە باڵا گەر بکەی بۆ ئاسمان

زوو ئەکەویە خاکی بەر پێ ناگەهان

هەر کەسێ تەڵەب کا عیزز و جاهـ

عاقیبەت دەستی قەزا ئەیخاتە چاهـ

نیەتی میعراجە بۆ ئەوجی سەما

هەستی ئەتخاتە مەقامی پڕ جەفا

٥-شعری ( خادیم ) لە کتێبی دیوانی خادیم بەرگی ٢ گۆرانی دونیا کە هەموو کاتێ لەسەر حاڵێك نیە .

دونیا دەوامی نییە هەتا سەر

فەریب قەت مەخۆ بەتاج و کەمەر

عیززەت و زیللەت کەمال و نوقسان

بە ڕۆژ و شەوێ ئەگۆڕێن یەکسەر

چەند پاشاهی ساحێب سەڵتەنەت

ساحێبی تاج و تەخت و هەم کەمەر

لە ڕۆژا تاجی شاهی لەسەر بوو

بە شەوا خشتی ناوەتە ژێر سەر

٦-شعری (عەونی ) لە کتێبی (دیوانی عەونی ) ئاشناییێکم هەبێ تەنیا هەر غەمە .

ئاشناییێکم هەبێ لە عالەم تەنیا هەر غەمە

ماڵی ئاوا بێ وەفاداری وەها ئەمڕۆ کەمە

هەمدەمی ڕۆژ و شەوانم هەر ئەوە و هەر ئەو دەبێ

ئەو نەبێ من بێ کەسم قوربانی بێ هەرچی هەمە

هۆگری شادی نەبووم قەت بۆیە ڕوو ناکاتە من

من دڵی خۆم دا بە غەم شادی لەوێ نامەحرەمە

موبتەلای دەردێکی وابووم لە دەردی میللەتم

پێکەنینم گریەیە خۆشیم هەمووی ماتەمە

من کە کوردم عیززەتی نەفسم ئەبەد لێم ناگرێ

خزمەتی بێگانە کردن لام شتێکی ئەستەمە!

مردنم لا خۆشترە سەد جار لە ژینێکی کە وا

وێڵ و ئاوارەی وڵاتان بم وەکوو ئێستا هەمە

پادشایی بۆ چی یە گەر ژینی دەروێشی ببێ

گۆشەیی کونجی قەناعەت من لەمەو دوا جێگەمە

ئەو فریبی خواردبوو بۆیە لە جەنەت دەر کرا

هەرچی تاوانێکی من دەیکەم لە ئەستۆی ئادەمە

عەونی هوشیار بوو نەکەوتە داوو بەندی ڕۆژگار

خۆ فرۆشتن ئیمڕۆ زۆر باوە بەڵام نرخی کەمە!

٧-شعری (قانع ) له کتێبی (گوڵاڵەی مەریوان ) له سایەی عیززەتی نەفسم له پاشا مەرحەبا ناکەم .

له سایەی عیززەتی نەفسم، له پاشا مەرحەبا ناکەم

له ئەربابی کەرەم دوورم، بە کەس خۆم ئاشنا ناکەم

کراسی چەرمی خۆم ئەدڕم، سواڵی سەرکەوا ناکەم

ئەگەر چی لەحزەیەك دەرد و خەم و قەهرم بە با نادەم

ئیلاهی زۆر شوکور، ئومێدی نانێ من له شا ناکەم...

٨-شعری (پیرە مێرد ) له کتێبی (دیوانی پیرە مێرد ) کۆمەلایەتی کەهانەت .

هەرچی پێغەمبەر خەبەری داوە

له باسی کاری دنیا و عوقباوە

فەرمووی نیشانەی تێکچوونی جیهان

بێ باوەڕییە و زەعیفیی ئیمان

زۆرکەم ئەمێنێ نوێژ و جەماعەت

له ئەمانەتیش ئەکەن خیانەت

عیززەت ئەچێتە لای پیاوی زاڵم

قەدر و ئیمانی نامێنێ عالم

برەو ئەسێنێ شەراب و قومار

ماڵ گران ئەبێ له شار و بازاڕ

کوشتن و دزی و تالانی و درۆ

فەقیر و هەژار دەخاتە ڕۆڕۆ

دەوڵەمەند زەکات نادەن بە ئیحسان

ڕاستی نامێنێ، زۆر ئەبێ بوختان

گۆرانی سووک و قسەی ناڕەوا

پەسەندتر ئەبێت لە زکری خوا

پیاو بە ئەمری ژن ئەچێت بەڕێوە

لە مەجلسدا نان ئەخۆن بە پێوە!

پیاو دائەنیشێ و ژنان ئەگەڕێن

شەرم نامێنێ ژن و پیاو هاوڕێن

دایك و باب قەدریان لای کوڕ نامێنێ

کەس لە مەکتەبدا قورئان ناخوێنێ

پیت و بەرەکەت ئەڕوا لە ئەرزی

کوڕ و کچ پێك دێن لە ڕووی بێ عەرزی

ئەمە نیشانەی ئاخر زەمانە

وادەی دەجاڵ و فیتنەی شەیتانە

لە تەم و دووکەڵ دنیا پڕ ئەبێ

کەس گوێ لە ئەمری چاکە ناگرێ

لە سێ جێگادا زەوی ڕۆ ئەچێ

لە نەهیی عالەم نەهی ئەکرێ

ڕەحم و بەزەیی لای کەس نامێنێ

هەرکەسە بەشی خۆی ئەفڕێنێ

لەسەر بەردێك هەڵۆیەك هەڵفڕی کەوتە هەوا بێ غەم

٩-شعری (زاری ) له  کتێبی (دیوانی زاری)  تەڵەب ئەکات دڵ خودا له ئاستانی ئەکبەری

نموونەیەکی وازحە لە سەر قیامی مەحشەری

بۆ عەدوی زندگانی ئەم زەمینە ڕووتە بێنەوا

بە خزر هەور قودرەتی ئاوی حەیاتی پێ ئەدا

ئەم قسە دڵپەسەندە تۆ لە من ببیسە ئەی برا

ڕەعد نەزیری نەفخەی قیامی خەلقە، سەوزە وا

لە ژێری خاك دێنە دەر بە ئەمری پاکی داوەری

ئەم نیعمەتانە کێ، برا بزانە داویە بە تۆ

بە چاو نووری بینش و زبان زەوق و گوفتوگۆ

بە گوێتی داوە بیستن و بە لووتی داوە چێشی بۆ

ئەم ئینتیزامە ڕێکە لەم زەمین و ئاسمانە بۆ

وجووبی زاتی ئیزەدی بەشەر ئەکات ڕەهبەری

«لە دەرکی وەسفی زاتی ئەو شمووسی فیکر «منکسف

«ئەهلی زەمین و ئاسمان بە مەجد و حەمدی «معترف

«هەوری بڕێژێ ئازەری لە بەحری جوودی «مُغترف

«بە کیبریا و عیززەت و بەقا و فەزل «متّصف

لە باب و داك و ڕۆڵە و شەریك و میسل و ژن بەری

جسمی سەحیح پاڵی دا بە لای دەرد و ئێشەوە

قەلبی سەلیم عاجزە بە دەستی زووخ و ڕێشەوە

سوپای پیری هاتەوە بە سەد هەزار نێشەوە

بەهاری عومر «زاریا» خەزانی هاتە پێشەوە

وەرە بەهاری «تەوبە» گەر سەعید و پاك گەوهەری

١٠-شعری (مەلا مستەفای عاسی ) لە کتێبی (دیوانی عاسی ) قەسیدە   تا کەی  لە خەوی غەفڵەتی ئەی کوردی سیەهـ چار

تا کەی لە خەوی غەفڵەتی ئەی کوردی سیەهـ چار
بێ ئیش و پەراگەندە و مەحزوون و خەفەتبار
بێگانە لە هەر لاوە کە ئالاوە لە لاقت
فەوتاوی بە مەودایی ڕم و خەنجەری ئەغیار
تێ بفکرە چون زەهری نیفاق جەرگی ڕزاندی
کردۆتە شەڕ و فیتنە بە دەستوور و بە ڕەفتار
ئەم میللەتە بێچارە بە جێماوە لە عیرفان
بێ سەنعەت و بێ حورمەت و بێ عیززەت و غەمبار
کەوتوویەتە ژێر بەحری غەم و مەوجی نەدامەت
بێ فیکر و پەراگەندە لە سەحرا و لە ئەقتار
داخوازی بکەن لاوی وەتەن بکرێ سیناعەت
ئەولادی زەفەر بێتە وەتەن عارفی هوشیار
چارەی نییە عاسی کە لە تاو ئێوە دەگریا
بێ هۆش و سەرەفگەندە و بەدناو و گرفتار

## ١١-شعری (ئەسری ) لە کتێبی (دیوانی ئەسری)  حیکمەتی خوایە

حیکمەتی خوایە هەنێ کەس تووشی دەردی میللەتە

ئاخری لەو ڕێیە بەشیان ئاخ و داخ و حەسرەتە

دەربەدەر بوون و پەرێشانی و وێڵی سەر کزی

چوونە بەندیخانەوە، مردن بەسی پاو و پەتە

گەرچی ئەو جۆرە کەسانە بۆ خۆیان ناکەن ئۆخەی

بۆ بڵندیی ژووری گەلیان، پێوەبوونیان ڕەحمەتە

وا نەبی وا نابێ دونیا تاکو ئەمڕۆ وا بووە

پیاوی مێشك ڕوون و زانا، هەر لە ڕەنج و ئەزیەتە

مەردی مەیدانی سیاسەت مردنی نایێتە بیر

نێرەشەك بۆ کوشتە، مێ تا دەمرێ بۆ خۆی ڕاحەتە

گەرچی زوو دەمرن نیشانگای غەم و دەرد و بەڵا

ناویان تا حەشر ئەمێنێ جێو و ڕێیان جەننەتە

پاشی چەن پشتێ نەوەی پاوانی گەل لێیان ئەگەن

ماچی کێلی گۆڕییان ئەوسا بەنۆرە و نەوبەتە

هەیکەلیشیان بۆ دەکەن، پۆل پۆل دەچن بۆ دیدەنی

لاپەڕەی تاریك بەنیشانەی ئەمانە حەسرەتە

ئەو گەلانەی ژوور و گەورەن کوشتییان زۆر زوو

ڕۆڵەیان ئێستاکە بۆیە غەرقی ناز و نیعمەتە

پیاوی کردەی گەل بەپەنجە دائیمەن دیاری ئەکەن

ڕاست نییە ئەو گفتە مەشهوورە سیاسەت سیاسەتە

زیندەوەر کۆتایی هەر دێ، ساکە وایە مردنێ

بۆ گەل و نیشتمانی چا بێ، ئەو نەمانە عیززەتە

کۆنە پیاوانمان نەزان بوون، بۆ خۆیان ئاسوودە بوون

وا ئەوەی دوای ئێمە دێ، ئاسوودە وو بێ میحنەتە

چارەچیی ئەم بارە کەوتە سەر پیاوی حازری

چارەنووسمان وا بووە، بۆ ئێمە بێ ئەم پەت پەتە

ڕاستە ئەم گوفتەت ئەسیری خستتە هەڵبەستەوە

حیکمەتی خوایە هەنێ کەس تووشی دەردی میللەتە

## چەند پەندێکی پیرە مێرد دەبارەی عیززەت

١-پەندی پیرە مێرد لە کتێبی (پەندەکانی پیرە مێرد ) فیرعەون کەوتە نیل وتی لە ترسا

فیرعەون کەوتە نیل وتی لە ترسا
ئیمانم هێنا بە ڕەببی موسا
ئەبووتالیب»یش بە تەعنەی ژنان»
بە پێغەمبەری نەهێنا ئیمان
ئەویان بۆ ژیان، ئەم عیززەتی نەفس
بێ عیززەتی نەفس کەس نابێ بە کەس
وەك کابرای کوردە شیریان نایە سەر
نووحی» گوت بەڵام نەیگوت پێغەمبەر»
لای هەندێ ماددەی نامووس بەتاڵە
لە مووداڕادا وەك پەشتەماڵە
لە قۆمیدیادا ئافتوری ماهیر
هیچ فاڵسۆیێکی لێ نابێ زاهیر
هەندێکیش فوو بای زوو دەردەکەوێ
مایەپووچییان هەر بەر دەکەوێ
نیسکی مۆریاس و هەرزنی ڕەنگاڵ
بێ بەر و پشتن بۆ کەس نابنە ماڵ
ئەوانە ڕاستیان چۆن دێتە سەر لێو
دەم بە پێکەنین، دڵیان پڕ جنێو
لەگەڵ یەك زاهیر دۆستی دەنوێنن
خەرێکن ملی یەکتر بشکێنن
هاکا لە ڕووی کار پەردە هەڵگیرا
تەنافباز قۆڵی لە قەڵبە گیرا
وەزیفەی گەورە زۆر پیاو گێژ ئەکا
پیری شاعیریش فرەبێژ دەکا

٢- پەندی  پیرە مێرد  لە کتێبی (پەندەکانی پیرە مێرد ) تۆ تەنها نانت لە (منان ) بوێ

بوێ «مَنّان» تۆ تەنها نانت لە

لە «دون»ان، دوو نان سنانی ئەوێ

بەخشین عیززەتە وا داوا، داوی عار

دواییش داواکەی ببێ بە بیمار

هەر عیلمە داوای بکەی عەیب نییە

چاو بەرەوژێری لەززەتی چییە!

کە چاو ببڕێتە دەستندەی خەڵکی

ئەکەویە ژێربار دیارە بێ کەڵکی

ئەوی دوژمنە و بە زمان دۆستە

ێکە ئادەمی پۆستە«الخناس»

نزیك نادانی مەغروور مەکەوە

هەرکەسێ پیاو بێ ئەو قینی لەوە!

تا بە چاوی خۆت چشتێ نەبینی

ی«علم الیقین»ڕاستی مەزانە،

چونکە دەور دەوری درۆ و بوختانە

ڕاستی گرانە، درۆ هەرزانە!

ئەوی لە خەڵکا عەیبی ئەگری

کە لە خۆتا دیت شاد مەبە، بگری

لە قسەی خەڵکا زوو هەڵمەدەرێ

ڕەوایە ئەگەر بتکەنە دەرێ

٣-پەندی پیرە مێرد لە کتێبی (پەندەکانی پیرە مێرد ) گوناهیش ئەکەی با پەنهانی بێ

گوناهیش ئەکەی با پەنهانی بێ
با نەزانی تۆ، کەس نەزانی بێ
کە جارێ ناوی خراپیت زڕا
هیوای باوەڕی خەڵکت لێ بڕا
کابرایە جارێ درۆی کردبوو
درۆزنێ بوو، ئاگر لە ماڵ چوو
عیززەتی نەفسی خۆیشت مەشکێنە
واز لە تەمەننای ئاوێنە بێنە
ژووری زستانە پڕ فەرش ئەکرێ
میوان قۆندەرەی قوڕی پێ ئەسڕێ
برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە
کەچی ڕەمەزان هەر لە جێوەیە
برسی وا هەیە کە لە داخی خوا
ئەگەر ڕەمەزان بێتە لای ئەیخوا
هی وایشمان هەیە هەشت نۆ نەوع تەعام
لەبەر دەمیایە و پێی دەڵێ بێ تام!
لەزەتی خواردن هەر لە دەمدایە
لە «دیزەڕەشدا» هەر یەك هەوایە!
ئاخ ئەرکی دیزەی ڕەشمان نەبوایە
کێ بە کێی ئەگوت ئەمە پاشایە؟
خۆزگە حەکیمێ بە دڵسۆزییەوە
چارەی برسێتی ئەدۆزییەوە
ئەوسا نە «هیتلەر» ئەم شەڕەی ئەکرد
نە بۆ نان کەسێ لە برسا ئەمرد

٤-پەندی پیرە مێرد له کتێبی (پەندەکانی پیرە مێرد ) مردن بە عیززەت تەنها جارێکە

مردن بە عیززەت تەنها جارێکە

ژیان بە زیان گران بارێکە

نابێ دوژمنی خۆت بە کەم بگری

دەرزی خوێنی ڕەگ بەردا پێی ئەمری

تا ترسی مردن نەهاتۆتە پێش

قوربان قوربانە لە ئاقاری پێش

لە سەرەمەرگا دێیتە تەنگانە

گیانی فرزەندیش لەلات قەڵغانە

زۆر برا هەیە، کەماڵی برا

لەگەڵ برایشا برایی بڕا

تا باوك ماوە برا برایە

میرات کەوتە ناو هەراو و هوریایە

هەندێ تەماعیان هێندە مەحکەمە

سوێندی درۆیان خوارد لە مەحکەمە

حوججەتی حەجە مایەی درۆیان

حجرالاسود» ڕوی کردە ڕوویان»

گوناه لە پارە بە وەفاترە

تەنها گوناهە هاودەمی قەبرە

حاجیەتی بۆ من زۆر کەڵك ئەگرێ

باوەڕ بە سوێندی درۆم ئەکرێ

نازانم دنیا داری بێ بەرە

دەورەی ژیانم پێچی مێزەرە

٥-پەندی پیرە مێرد  لە کتێبی (پەندەکانی پیرە مێرد ) زك تێریم کاری دەستی ماندوومە

زك تێریم کاری دەستی ماندوومە

تۆوی عیززەتی نەفسە چاندوومە

ئەو چاوە ببڕە کە ئەیبڕیە دەست

تەماع مارێکە پێی نامووسی گەست

حیکمەت فرۆش بی بێ قەدر ئەبی پێی

شەرت ئەوەتە خۆت وابی کە ئەیڵێی

بێ گوزەرانی دەردێ هائیلە

نوقتەی نەگبەتە بۆ سەر عائیلە

کە منداڵەکەت لە برسا ئەگری

ئیتر نازانی چ ڕێیەك ئەگری

نەبوونی دەستی شێرگیر ئەبەستێ

ماکینەیش بەنزین نەبێ ئەوەستێ

کەم دەستی ئەگەر هەوڵی تێدا بێ

عوسر»ێکە ئەبی «یوسر»ی لە دوابێ»

دەردی گرانی ئینسان حەسەدە

فەرەحی نادا بە دڵ، زۆر بەدە

بەغیل بیشیبێ داییم غەمبارە

چونکو حەسوودی لە سەر دڵ بارە

ئەو کەسەی دڵ و دەروونی پاکە

خەڵك خۆشی ئەوێ، بۆ خۆیشی چاکە

ئەمانە هەمووی کە دادی خوایە

هەر قەناعەتە خێری لەدوایە

## نموونەی عیززەت یان شکۆمەندی پێغەمبەری خوا ﷺ

له (البراء کوری عازب ) – خوا لیّ رازی بیّت – دەگێڕێتەوە دەڵێت :

((لَقِينا المُشرِكين يومَئذٍ، وأجلس النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم جيشًا من الرُّماةِ، وأمَّر عليهم عبدَ اللهِ، وقال: لا تَبْرَحوا، إن رأيتُمونا ظَهَرْنا عليهم فلا تَبْرَحوا، وإن رأيتُموهم ظهروا علينا فلا تُعينونا، فلمَّا لقينا هَرَبوا حتَّى رأيتُ النِّساءَ يشتَدِدنَ في الجبلِ رفَعْنَ عن سُوقِهنَّ، قد بدَت خَلاخِلُهنَّ، فأخذوا يقولون: الغنيمةَ الغنيمةَ! فقال عبدُ اللّهِ: عَهِد إليَّ النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم أن لا تبرحوا، فأبَوا، فلمَّا أبوا صُرِف وجوهُهم، فأُصيبَ سبعون قتيلًا! وأشرف أبو سفيانَ فقال: أفي القومِ محمَّدٌ؟ فقال: لا تجيبوه، فقال: أفي القومِ ابنُ أبي قُحافةَ؟ قال: لا تجيبوه، فقال: أفي القومِ ابنُ الخطَّابِ؟ فقال: إنَّ هؤلاء قُتِلوا، فلو كانوا أحياءً لأجابوا، فلم يملِكْ عُمَرُ نفسَه، فقال: كذَبْتَ يا عدُوَّ اللهِ، أبقى اللهُ عليك ما يُخزيك! قال أبو سفيانَ: اعْلُ هُبَلُ، فقال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: أجيبوه، قالوا: ما نقولُ؟ قال: قولوا: اللهُ أعلى وأجَلُّ، قال أبو سفيانَ: لنا العُزَّي ولا عُزَّي لكم، فقال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: أجيبوه قالوا: ما نقولُ؟ قال: قولوا: اللهُ مولانا، ولا مولى لكم، قال أبو سفيانَ: يومٌ بيومِ بَدرٍ، والحَربُ سِجالٌ، وتجِدون مُثْلةً لم آمُرْ بها ولم تَسُؤْني)) . صحيح البخاري برقم (٤٠٤٣)

واتە : لەو رۆژەدا ، بە بت پەرستان گەیشتین ، وە رووبە ڕوویان بووینەوە لە (ئوحود) دا وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەشکرێکی (پەنچا) کەسی لە تیر هاوێژ دامەزراند و (عبداللە ی کوری جوبەیری ) کرد بە سەرکردەیان فەرمووی : ( لەجێی خۆتان مەجولێن ئەگەر ئێمەتان بینی سەر کەوتن بەسەریان دا مەجولێن ، وە ئەگەر ئەوانتان بینی سەرکەوتن بەسەر ئێمەدا (هەر مەجولێن ) وە یارمەتیمان مەدەن ) ، جا کاتێ بە بتپەرستان گەیشتین بە جۆرێ هەڵهاتن هەتا ژنەکانیانم دەبینی ڕیان دەکرد لە شاخەکە ، لاقیان لێ هەڵکرد بوو تا پاوانەکانیان دەرکەوت بوو ، ئیتر هاوەڵان لە ناو خۆیاندا دەستیان کرد بە ووتنی : دەستکەوت و تالآن بگر دەستکەوت و تالآن بگرن ، (عبداللە )ش ووتی : پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردووم کە لە جێی خۆتان مەجولێن ، بەلآم (هاورێکانی ) بە گوێیان نەکرد رێیان لێ هەڵە بوو ( نەیاندەزانی روو لە کوێ بکەن ) ، ئینجا حەفتا کەسیان کوژران (شەهید کران ) وە (ابو سوفیان )یش ڕۆیشتبووە شوێنێکی بەرز و ووتی : محمد تان لە ناو دایە ؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (وەلآمی مەدەنەوە ) پاشان ووتی : (کوری ئەبوو قوحافە تان لە ناودایە ؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (وەلآمی مەدەنەوە ) پاشان (ئەبو سفیان ) ووتی : (عمری کوری خەتاب ) تان لە ناودایە ؟! (کە وەلآمیان نەدایەوە ) ووتی : دڵنیابن ئا ئەوانە هەموویان کوژراون چونکە ئەگەر زیندوو بونایە وەلآمیان دەدایەوە ، هەر بۆیە (عمری کوری خەتاب ) خۆی پێ نەگیرا و ووتی : ئەی دوژمنی خوا درۆت کرد! ئەوانەی سەر شۆڕ و ریسوات دەکەن کە خوا بۆ تۆی هێشتۆتەوە ، (ئەبو سفیان ) ووتی : ئەی هوبەل هەر سەرکەوە و بەرزبە ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : (وەلآمی بدەنەوە ) فەرموویان بلێین چی ؟! فەرمووی : ( بلێین : خوا گەورە و پشتیوانمانە ئێوە هیچ گەورە و پشتێوانێکتان نیە ) ، (ئەبو سفیان ) ووتی : ئەم رۆژە بە رۆژی بەدر جەنگ بە نۆرەیە (جارێك ئێوە زاڵ دەبن و جارێك ئێمە ) هەندێ شێواندن (لە ناو کوژراوەکاندا ) دەبینن مە فەرمانم پێ نەکردووە بەلآم پێشم ناخۆش نەبووە ...

له (المسور كوری مخرمة ) و (مروان كوری حه كه م ) – خوا لێیان رازی بێت – هەر دووكیان ووتیان :

((خرج رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم زَمَن الحُدَيبيةِ حتَّى إذا كانوا ببعضِ الطَّريقِ، قال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: إنَّ خالدَ بنَ الوليدِ بالغميمِ في خَيلٍ لقُرَيشٍ طليعةٌ، فخُذوا ذاتَ اليمينِ، فواللهِ ما شَعَر بهم خالدٌ حتَّى إذا هم بقَتَرةِ الجيشِ، فانطلق يركُضُ نذيرًا لقريشٍ، وسار النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم حتَّى إذا كان بالثَّنيَّةِ التي يهبِطُ عليهم منها بركَت به راحلتُه، فقال النَّاسُ: حَلْ حَلْ فألحَّت ، فقالوا: خلَأَتِ القَصواءُ ، خلأَتِ القَصواءُ، فقال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: ما خلأَتِ القصواءُ، وما ذاك لها بخُلُقٍ ، ولكن حبَسَها حابِسُ الفيلِ ، ثمَّ قال: والذي نفسي بيَدِه، لا يسألوني خُطَّةً يُعَظِّمون فيها حُرُماتِ اللهِ إلَّا أعطيتُهم إيَّاها، ثمَّ زجَرَها فوثبَت، قال: فعَدَل عنهم حتَّى نزل بأقصى الحُدَيبيَةِ على ثَمَدٍ قليلِ الماءِ، يتبَرَّضُه النَّاسُ تبَرُّضًا ، فلم يُلبِثْه النَّاسُ حتى نزحوه، وشُكِيَ إلى رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم العَطَشُ، فانتزع سَهمًا من كنانتِه ، ثمَّ أمرهم أن يجعلوه فيه، فواللهِ ما زال يجيشُ لهم بالرِّيِّ حتى صدَروا عنه! فبينما هم كذلك إذ جاء بُدَيلُ بنُ وَرقاءَ الخُزاعيُّ في نفَرٍ من قومِه من خزاعةَ، وكانوا عَيبةَ نُصحِ رَسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم من أهلِ تِهامةَ، فقال: إني تركتُ كَعبَ بنَ لُؤَيٍّ، وعامِرَ بنَ لُؤَيٍّ نزلوا أعدادَ مياهِ الحُدَيبيةِ، ومعهم العُوذُ المطافيلُ ، وهم مقاتِلوك وصادُّوك عن البيتِ، فقال رسولُ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: إنَّا لم نجئْ لقتالِ أحدٍ، ولكِنَّا جِئْنا معتمِرين، وإنَّ قريشًا قد نهكَتْهم الحربُ، وأضرَّت بهم، فإن شاءوا مادَدْتُهم مُدَّةً ، ويُخَلُّوا بيني وبين النَّاسِ، فإن أظهَرْ فإن شاءوا أن يدخُلوا فيما دخل فيه النَّاسُ فَعَلوا، وإلَّا فقد جمُّوا ، وإن هم أبَوا فوالذي نفسي بيدِه لأقاتِلَنَّهم على أمري هذا حتى تنفرِدَ سالفتي ، وليُنفِذَنَّ اللهُ أمرَه...)).

صحيح البخاري برقم (٢٧٣١).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە كاتی حودەیبییەدا دەرچوو بۆ سەفەر ، ڕۆیشتن هەتا هەندێك لە ڕێگاكانی بڕی بوو ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ( بێ گومان (خالیدی كوری وەلید) لە غەمیم لە گەڵ چەند سوارێك لە قورەیش پێشەكی سوپاكەی قورەیشن ، كەواتە ئێوە لای ڕاست بگرن ) ، جا سوێند بەخوا (خالید) هەستی پێنەكردن هەتا تەپوتۆزی سوپاكەیانی دی ، ئیتر (خالید) بەپەلە ووشترەكەی غارداو قورەیشی ئاگادار كرد ، پێغەمبەریش ﷺ ڕۆیشت تا گەیشتە ئەو ملەی كە لێیەوە بەسەر ئەواندا شۆڕدەبنەوە ، ووشترەكەی چۆكی دادا و نە ڕۆیشت ، خەڵكەكە ووتیان : هەچە هەچە و تێیان خوڕی ، ووشترەكە نەجوڵا ، جا خەڵكە كە ووتیان : قەصوا مانی گرتووە ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : (قەصوا مانی نە گرتووە و ئەو خووی وانە بوو ، بە ڵكو ئەوەی بەری فیلەكانی گرت هەر ئەوە قەصوای گرتووە ) ، پاشان فەرمووی : ( وە سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە (قورەیش) داوای شتێكم لێ بكەن كە ڕێز و حورمەتگرتنی ماڵی خوای تێدا بێت دەیان دەمێ ) ، پاشان خوڕییە ووشترەكە و ئەویش ڕاپەڕی ، ووتی : ئینجا لە سوپاكە لایداو ڕۆیشت هەتا گەیشتنە ئەوپەڕی حودەیبییە، لایدا و بارو بنەیان خست لە سەر كوێرە كانییەكی كەم ئاو ، خەڵكی بە مشت لێیان هەڵدەگۆزا ، وازیان لێ نەهێنا تا چۆڕیان لێ بڕی ، خەڵكەكە سكاڵای تێنیوێتیان بردە لای پێغەمبەر ﷺ ، ئەویش تیرێكی لە تیردانەكەی دەركێشا ...

پاشان فەرمانی پێکردن کە بیخەنە کوێرە کانییەکەوە ، سا سوێند بە خوا بەردەوام ئاوەکەی هەڵدەقولاندو ئاوی دەدان و لێیان دەخواردەوە ، هەتا گشتیان تێر ئاو بوون و گەڕانە دواوە ، جا لە کاتێکدا ئەوان لەو حاڵەتەدا بوون ، لە پڕ (بودەیلی کوڕی وەرقای خوزاعی ) لەگەڵ چەند کەسێکی هۆزەکەی کە خوزاعە بوون هاتن — کە ئەمیندار و دڵسۆزی پێغەمبەری خوا ﷺ بوون لە خەڵکی تیهامە - ، (بودەیل ) ووتی : من ( کەعبی کوڕی لوئەی ) و ( عامیری کوڕی لوئەیم ) بەجێهێشت لای کانییاوەکانی حودەیبیە، بارگەو بنەیان خستبوون ، ووشتری تازە زاوی بەچکە بەبەرەوەیان پێیە ، بەنیازن جەنگت لەگەڵ بکەن و ڕێگریت بکەن لە ڕۆیشتن بۆ ماڵی خوا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ( بەراستی ئێمە نەهاتووین جەنگ لەگەڵ کەس بکەین ، بەڵکو هاتووین (عومرە ) بکەین ، وە بێگومان قورەیشیش جەنگ شەکەتی کردوون و زسانی پێ گەیاندوون ، جا ئەگەر بیانەوێ ماوەیەکیان پێ دەدەم جەنگی نێوانمان ڕاگرین و وازبێنن لە نێوان من و خەڵکی تردا ( ئازاد بم بانگیان بکەم بۆ ئیسلام ) ، ئینجا ئەگەر خوا منی سەر خست ، ئەوسا ئەگەر ویستیان بێنە ناو ئەو ( ئیسلامە )ی کە خەڵکی هاتوونەتە ناوی با بیکەن ، ئەگەر نا ئەوە وچان و پشوویەکیان داوە، وە ئەگەر زاری نابن ئەوە سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە دڵنیا بن لەسەر ئەم یاییە لە دژیان دەجەنگم هەتا دەدرێت لە گەردنم و (دەمرم ) ، بەراستی (خوای گەورە ) فەرمانی خۆی بەجێ دێنێ (ئایینەکەی شکۆمەندو سەر دەخات ) ...

## نموونەی عیززەت یان شکۆمەندی هاولاّنی پێغەمبەری خوا ﷺ

١-عیززەتی (عمری کوری خەتاب )-خوا لیّ رازی بێت -

لە (عبداللە کوری مسعود ) — خوا لیّ رازی بێت — دەگێرێتەوە دەلێت :

(( ما زِلْنا أعِزَّةً منذُ أسلم عُمَرُ )) . صحيح البخاري برقم (٣٦٨٤).

واتە : لەو رۆژەوەی (عمر ) موسڵمان بوو بەردەوام شکۆمەندو پشت ئەستوور بووین .

دەگێرنەوە دەلێن : ( رۆژێکیان ( عومەری کوری خەتاب) — خوا لیّ رازی بێت - خۆی ئامادە کرد بەرێ بکەوێت بەروە ولاتی شام ، (عومەری کوری خەتاب ) بە سواری ووشترێکەو بەرێکەوت سەرکردەی سوپای موسلمانان (ئەبو عبێدەی کوری جەراح ) بوو ، ئەو چوو بە دەمیەوە پێشوازی لێکرد ، کاتێك (عومەر ) نزیك بوویەوە لە دەریاچەیەکی بچووك دابەزی لەسەر ووشترەکەو نەعلەکانی پێیی داکەند گرتی بە دەستیەوە و لە گەل ووشترەکەی چووە ناو ئاوەکەوە ، (ئەبو عبێدەی کوری جەراح ) پێی ووت : ئەی ئەمیری باوەرداران تۆ رۆژێکی گەورەت دروست کرد لە لای خەلکی سەر زەوی ، ئینجا (عومەری کوری خەتاب ) ئێخەی (ئەبو عبێدەی کوری جەراح )ی گرت ووتی : ئەرێ قسەیەکی تر نەبوو بیکەی ئەی ئەبو عبێدە ..؟! ئێوە خەلکانێکی ژێر دەستە و لاوازو کە بوون ، بە لاّم (خوای گەورە ) بە ئیسلام سەر بەرز و شکۆمەندی و بە هیوای کردن ، جا ئەگەر بێجگە لە خوا داوای سەربەرزی و شکۆمەندی بکەن ئەوا (خوای گەورە ) زەلیلتان دەکاتەوە )). شيخ الالباني (صحيح الترغيب ) برقم (٢٨٩٣).

لە (الشعبی ) —رەحمەتی خوا لیّ بێت — دەگێرێتەوە دەلێت :

((كانت دِرَّةُ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عنه أهيَبَ من سَيفِ الحَجَّاجِ، ولمَّا جيء بالهُرمُزانِ -مَلِكِ خوزستانَ- أسيرًا إلى عُمَرَ، لم يَزَلْ الموكَّلُ به يقتفي أثَرَ عُمَرَ، حتَّى عثر عليه في المسجِدِ نائمًا متوسِّدًا دِرَّتَه، فلمَّا رآه الهُرْمُزانُ قال: هذا هو المَلِكُ؟! واللهِ إني خدَمْتُ أربعةً من الملوكِ الأكاسِرةِ أصحابِ التِّيجانِ، فما هِبتُ أحدًا منهم كهَيبتي لصاحِبِ هذه الدِّرَّةِ)) جار الله الزمخشري في (ربيع الأبرار ) (١٣/٤).

واتە : قامچی یەکەی دەستی (عمر ) — خوا لیّ رازی بێت — لە شمشێری حجاج سامناك تر بوو ، کاتێك هورموزیان هێنا کە پاشایی خۆراسان بوو ، ئەسیر کرا بوو ، ئەو بەپرسەی سەرپەرشتی دەکرد هەر بەدوای شوێنی (عمر ) دا دەگەرا تاکو لە مەزگەوت دەیدۆزیتەوە خەوتبوو قامچەیە لە ژێر سەری دانا بوو وەك بالیفێك ، کاتێك هورموز بینی ووتی: ئایا ئەمە پاشایە ..؟! دە سوێند بەخوا خزمەت بە قەد چوار ئیمپراتۆریەتی ساسانی خاوەت تاجەکان کردووە ، هە رکیز لە هیچ کامیان نە ترساوم ئەوەند خاوەنی قامچی سامناك نەبوونە ...

## ٢-عیززەتی (ئەبو عوبیدەی کوری جەراح )- خوا لێ رازی بێت –

کاتێك (عمری کوری خەتاب ) – خوا لێ رازی بێت – بوو بە ئەمیری ئیمانداران  ئەوە بوو نامەی نووسی بۆ خەلکی یەرمووك و پێ راگەیاندن کە (ئەبو عوبیدەی ) کردووە بە ئەمیرتان ، هەروەها پاشان فەرمانی کرد بە لابردنی (خالیدی کوری ولید) – خوا لێ رازی بێت – لە ولاتی شام ، ئینجا (ئەبو عوبیدەی ) لە شوێنی دانا ، ئەو بووە بە ئەمیری موسلمانان لە ولاتی شام ، بەلام (خالید) لە وەلامدا ووتی : گوێرایەلی فەرمانەکانی ئەمیری ئیمانداران دەکەم ، پاش ئەوە لە ژێر فەرمانەکانی (ئەبو عوبیدەی کوری جەراح) مایەوە بەردەوام جیهادی دەکرد ، وەکو لە فەتح کردنی شاری دیمەشق دا بەشداری کرد  ...تاریخ دمشق (٤٧٥/٢٥)

دەگێرنەوە دەلێن : کاتێك (ئەبوعبیدە ) ئەو نامەی پێگەیشت کە (خالید ) لە پۆستەکەی کەنار بخرێت و خۆی ئامادە نەبوو ئەم هەوالە بە (خالید ) بلێت ، هەر بۆیە کەسێکی تر ئەوەی گەیاند بە (خالید) ، لە پاشان (خالید ) چووە بۆ لای (ئەبو عبیدە ) پێ ووت : رەحمەتی خوات لێ بێت  بۆچی خۆت ئەم هەولەت پێ نەووتم ..؟! (ئەبو عبیدەش ) ووتی : حەزم نەکرد هەوالی ناخۆشت پێ بدەم ... سیر أعلام النبلاء (٣٨٠/١).

دەگێرنەوە دەلێن : (عمری کوری خەتاب ) زۆر سەر سام بووە بە (ئەبو عبیدەی کوری جەراح ) ئەوە بوو دەی ووت : ئەگەر سەرەمەرگم هات و (ئەبو عبیدە ) زیندوو بێت ، ئەوە ئەو دەکەم ب ئەمیری ئیمانداران یان خەلیفەی موسلمانان ، خۆ ئەگەریش پەروەردگار پرسیاری لێکردم بۆچی ئەوم کردووە بۆ خەلیفە یان جێنشینی خۆم لەسەر ئوممەتی محمد ﷺ ، ئەوە دەلێم من بیستم لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەی فەرموو : ( هەر توممەتێك  سپاردەکارێکی هەیە و سپاردەکاری ئەم ئوممەتەش (ئەبو عبیدەی کوری جەراحە)... سیر أعلام النبلاء (١٠/١).

دەگێرنەوە دەلێن : جارێکیان (عمری کوری خەتاب ) لە ناو هەندێ لە هاوەلانی بوو ، ووتی : هەر کامتان هیوا ئاواتی خۆتان بلێن : هەر کەسە و هیواو ئاواتی خۆی ووت ، ئینجا (عمری کوری خەتاب )یش هیواو ئاواتی خۆی ووت ، ئەویش ووتی : خۆزگە دەخوازم پیاوماقولی هەر بنەمالەیەك پیاوێك بێت وەك (ئەبو عبیدەی کوری جەراح ) واتە: هەر بنەمالیە پیاوێکی وەك (ئەبو عبیدە )ی هەبێت ... سیر أعلام النبلاء (١٤/١).

## ٣-(عبدالله ی کوری حذافة سهمي ) –خوا لێ رازی بێت –

(عبدالله ) یەکێك بووە لە یەکەم دەستەی کۆچکەران وە یەکێکیش بووە لە کۆچ کەرانی حەبەشە ، وە (عبدالله ) وەك پەیام بەر یان نێردراوی پێغەمبەری خوا ﷺ نامەی بردووە بۆ کیسرای پاشای فارسەکان ئەویش نامەکەی دڕاند وە ...سیر أعلام النبلاء (١١/٢).

دەگێرنەوە دەڵێن : لە سەردەمی خیلافەتی (عمری کوری خەتاب ) ئەوەبوو (عبدالله کوری حوزافە ) بەشداری جەنگ بوو بۆ سەر رۆمەکان ، بەڵام لە جەنگەکەدا بە دیل گیرا ، ئینجا بردیان بۆ لای پاشای رۆمەکان ، ووتیان : ئەمە لە هاوەڵانی **محمد** ﷺ ، پاشاکەی رۆمەکان ووتی : بە (عبدالله ) دەبێت بێتە سەر ئاینی مەسیحی یان نەصرانی ، وە نیوەی سامانی خۆم پێ دەدەم ..؟! بەڵام (عبدالله کوری حوزافە ) – خوا لێ رازی بێت – ووتی : بە پاشای رۆمەکان ئەگەر چیت هەیە و چی موڵکی هەموو پاشایانی عەرەب بدەیت بە من ، هێندەی چاوتروکانێ وازناهێنم لە ئایینەکەی **محمد** ﷺ !! ئینجا پاشای رۆمەکان ووتی : دەی دەتکوژم !! (عبدالله ) ووتی : دەی چی دەکەیت بیکە ..!! ئەوە بوو پاشاکە فەرمانی کرد بە پاسەوانەکانی کە لە خاچی بدەن ، ئەوە بو لە خاچ درا ، دواتر پاشا بە پاسەوانەکان یان تیرهاوێژەکانی ووت : تیرەکان بدەن لە نزیکی یان لە دەوروبەری جەستەکەی و مەیکوژن ، ئەوان تیرەکانیان دەهاوێشت و ئەویش زوو زوو پێ دەووت : ئایا دەبیت بە مەسیحی یان نەصرانی ..؟! (عبدالله )ش رازی نە دەبوو، ئینجا لەسەر خاچەکە دایانگرت و مەجەلێکی گەورە ئاوی کوڵاویان هێنا ، دوو لە دیلی هاورێ موسلمانانەکانی بانگ کرد و هێنرا ، فەرمانی کردو یەکێکیان خرایە ناو مەنجەڵەکەوە ، ئینجا پاشا بە (عبدالله ) ی ووت : ئایا دەبیت بە مەسیحی یان نەصرانی ..؟! دووبارە ئەویش ووتی : هەرگیز نابم ئایینەکەی خۆم ناگۆرم ..!! بەڵام هاوکات لەم کاتەدا (عبدالله ) دەگریا ..!! بە پاشا ووترا ئەو گریا ، بۆیە وایزانی ترساوە ، پاشا ووتی : بۆچی دەگریت ..؟! (عبدالله) ووتی : من یەك رووحم هەیە دەرچێ ، خۆزگە هێندەی تاڵەکانی سەرم رووحم هەبوایەو هەموویان لەپێناوی خوا دا دەخرانە ناو ئاگر ..!! پاشا ووتی : ئایا ئامادەی سەرم ماچ بکەیت و ئازادت بکەم ..؟! (عبدالله ) ووتی ئەگەر هەموو دیلەکان ئازاد بکەیت بەلێ ..!! پاشا ووتی : بەلێ . ئەویش سەری ماچ کرد و دیلەکانی لە گەڵ خۆی هێنایەوە بۆ لای (عمری کوری خەتاب ) بەسەر هاتەکەی بۆ گێرایەوە ، ئەمیری ئیمانداران ووتی : ئەرکی سەرشانی هەر موسلمانێکە سەری (عبدالله ) ماچ بکات وا منیش خۆم دەست پێدەکەم ، ئەوە بوو سەری (عبدالله ) ماچ کرد... سیر أعلام النبلاء (١٤/٢).

دەگێرنەوە دەڵێن : هەر لەماوەی ئەم بە دیل گیرانە دا جارێك (عبدالله ) برایە ژوورێك خواردن و خواردنەوەیان لێگرتەوە ، ئەو بوو خواردن خواردنەوەی وەکو گۆشتی بەراز و مەیان بۆ دادەنا ، کە بی خوات بۆماوەی سێ رۆژ بەڵام ئەو هیچی لێ نە خوارد، پاشاکە ووتی : بۆچی دەستت بۆ هیچیان نەبردووە ..؟! ئەویش ووتی : لەبەر ناچاری بۆم حەڵاڵ بوو بیخۆم ، بەڵام حەزم نەکرد تۆ دڵ خۆش بکەم ... سیر أعلام النبلاء (١٥/٢).

## ٤ -(عمروكوری عاص ) قورەیشی سەهمیە — خوا لیٚ رازی بیٚت —

(عمرو ) لە ناو هۆزی قورەیش پیگەیەکی بەناوبانگی هەبوو ، هەموو توانایەکی خستبووە گەر بۆ دژایەتی کردنی موسلمانان لە شاری مککە ، بەلام کاتیٚك کە موسلمانان بوو ناوبانگ و شکۆمەندی و هەیبەتی زیاتر بوو ، ئەوە بوو لە کاتی گەرانەوەی لە لای نجاشی پاشای حەبەشە کە بۆ ئەوە چوو بووە لای کە دژایەتی موسلمانان بکات ، بەلام نەجاشی بە قسەی نەکرد ، دواتر گەرایەوە بۆ شاری مککە ، لە ریٚگادا موسلمان بوونی خۆی راگەیاند بەلام بە شاراوەی هیٚشتیەوە ، ئینجا بریاریری دا بچیٚت بۆلای پیٚغەمبەری خوا ﷺ لە شاری مەدینە ، دەلیٚ : لە ریٚگا دا دەرۆیشتم بۆ شاری مەدینە گەیشتم بە (خالیدی کوری ولید ) ووتم ك بۆ کویٚ دەچی ئەویش ووتی : دەچم تاکو موسلمانان بم ، منیش ووتم : دەی بەخوا منیش بۆ ئەوە هاتووم ، پیٚکەوە چووین بۆ لای پیٚغەمبەری خوا ﷺ ، (خالید) پیٚشکەوت موسلمان بوو ، دواتر من چوومە پیٚشەوە و ووتم : ئەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئەوە بەیعەتت پیٚدەدەم کە تاوانی رابردووم بسرِیٚتەوە ، پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ( ئەی عمرو بەیعەت بدە ، چونکە ئیسلام پیٚش خۆی دەسرِیٚتەوە هیجرتیش پیٚش خۆی دەسرِیٚتەوە ... ابن كثير البدية والنهاية (٤/١٤٢) .

(ابن كثير ) — رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت — دەلیٚت : موسلمانبوونیان مەبەست لیٚ (خالید ) و (عمرو ) لە دوایی ریٚکەوتنی حودەیبە بووە واتە سالی هەشتەمی کۆچی بووە ... ابن كثير البدية والنهاية (٤/١٤٢).

لە (عەلقەمەی کوری ریمسەی بەلوی ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ (عمروی کوری عاصی ) نارد بۆ بەحرین و دواتر پیٚغەمبەر ﷺ خۆی دەرچوو و ئیٚمەش لەگەلی دەرچووین ، پیٚغەمبەر ﷺ وەنەوزیٚك گرتی و دواتر هەستا و فەرمووی رەحمەتی خوا لە (عمر ) ئیٚمەش هەر کەس ناوی (عمر) بوایە بە خەیالمان دەهات ، هەم دووبارە وەنەوزیٚکی کرد و هەستاو هەمان شتی ووتەی دووبارە کردەوە ، بۆ جاری سیٚیە ووتمان ئەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ مەبەستت کامە (عمر)ە ..؟! فەرمووی : (عمرو کوری عاص ) ، لای (خوای گەورە ) بۆ (عمروکوری عاص ) خیٚریٚکی زۆر هەیە ...أسد الغابه (٤/٩٤).

دەگیٚرنەوە دەلیٚن : کاتیٚك (عمر کوری عاص ) لە سەرە مەرگ بوو دەستی کرد بە گریان ، (عبدالله کوری ) ووتی بۆچی دەگریت..؟! لەترسی مەرگ ..؟! (عمر)یش ووتی : نا بەخوا ..!! بەلکو لە باری دوای مەرگ دەترسم ، (عبدالله )ش دلی دایەوە و باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە لەخزمەت پیٚغەمبەری خوا ﷺ بووی ، هەروەها فتووحاتی عیٚراق شام بەشداریت کردووە ، (عمر)یش ووتی : لە هەموو ئەمانە چاکترم جیٚهیٚشتووە کە شایەتومانی ( لا إله إلا الله ) ە ، من کاتی خۆی سەر سەختترین نەیاری پیٚغەمبەر ﷺ بووم ، جا ئەگەر ئەو کاتە بمردمایە لە دۆزەخ دەبووم ، دواتر بەیعەتم دا بە پیٚغەمبەر ﷺ و لە هەموو کەس زیاتر شەرمم لیٚدەکرد تا ئەوەی نەمتوانی بە تیٚر چاوان تەماشای بکەم ، ئەگەر ئەو کات بمردمایە خەلکی دەیان ووت خۆشی بۆ (عمر ) کە لەسە رخیٚر وچاکە مردو هیوامان وایە لە بەهەشت بیٚت ، دوای ئەوە دەستم گەیشتە دەسلات و ئیتر نازانم چاکە بۆم یان خراپ ، ئەگەر بمرم کەسیٚ بۆم ناگری..کە مردم دارو بەرد لە سەر گۆرم دامەنیٚن ، کە داتان پۆشیم هیٚندەی سەر برینی ووشتریٚك لام بمیٚنەوە ...صحيح مسلم برقم (١٩٨)

## ٥-(ئوسامەی کوری زید کوری **حارثة** ) —خوا لیّ رازی بیّت —

(ئوسامه ) به وه ناسراوه به (الحب بن الحب ) واته: خۆشەویستی کوری خۆشەویست ، وه هەروەها ناسراوه به خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ (حب رسول الله ) ، چونکه پێغەمبەری خوا ئاماژەی داوه به خۆشەویستی زۆری بۆی وەك له فەرموودەیە دەفەرمووێت : (( إن أسامة بن زيد لأحب الناس إلي أو من أحب الناس إلي وأنا أرجو أن يكون من صالحيكم فاستوصوا به خيرا )). **منصف اب ابي شيبة برقم** (٣٦٣١٨). واته : ئوسامەی کوری زید خۆشەویستترین کەسه له لام یان له خۆشەویستترین کەسانه له لام منیش هیوام وایه له کەسه چاکەکانان بیّت ، دەی چاك بن له گەلیدا ...

له (دایکه عائیشه ) — خوا لیّ رازی بیّت — دەگێڕێتەوە دەلێت : گوێم له پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرمووی : (( من أحب الله ورسوله فليحب أسامة بن زيد )) . **مسند أمام أحمد برقم** ( ٢٤٦٨٣) .واته : هەر کەس خواو پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێ با ئوسامەی کوری زیدی خۆش بوێت ...

دەگێرنەوە دەلێن : (حکیم کوری حیزام ) جارێکیان جل و بەرگی (زی یزین )ی به دیاری هێنا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەلام پێغەمبەری خوا ﷺ لێی وەرنەگرت و فەرمووی : من دیاری کەسی بیّ باوەر وەرناگرم ، دوایی که فرۆشتی ، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ له و کەسەی وەرگرتەوه که کڕیبووی ئەویش (کریەوە ) وه کردیه بەری دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ کردیه بەر ئوسامەی کوری زید ، (حکیم کوری حیزام ) که ئەوەی بینی ووتی : بەخ بەخ ئەی ئوسامه جل وبەرگەکەی (زی یزن )ت لەبەره ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو : تۆش پیّ بلیّ بۆ چی تیایه ، خۆ من لەو باشترم و باوکیشم له باوکی باشتره ... سير أعلام النبلاء (٢/٥٠٤).

دەگێرنەوە دەلێن : له فەتح کردنی شاری مککه دا کاتیّ پێغەمبەری خوا ﷺ چووه ناو کەعبه یەکێك لەوانەی لەگەل پێغەمبەر ﷺ دا چوونه ژوورەوەی ناو کەعبه ئوسامەی کوری زید بوو... **الإصابة في تمييز الصحابة** (٤/٥٠).

دەگێرنەوە دەلێن : له غەزای (حونەیندا ) که سوپای ئیسلام شکستیان خوارد ، ئەوه بوو ئەو هاوەلانەی که له دەوری پێغەمبەری خوا ﷺ مانەوه ، یەکێك لەوانه ئوسامەی کوری زید بوو ... **الطبقات الكبرى لابن سعد** (٢/١٥١).

دەگێرنەوە دەلێن : پێغەمبەری خوا ﷺ بریاری دا جەنگ له گەل رۆمەکان بکات ، بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەك ئامادەکات و بنێرێت ، لەم سوپایه دا هاوەلانی وەکو (عمری کوری خەتاب ) ی تیدا بوو ...أسد الغابه (١/١٠٤)، هەروەها ئەوه بوو پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی (ئوسامەی کوری زید)ی کرد پێی فەرموو : ( برۆ بۆ شوێنی کوژرانی باوکت و بیانخەره ژێر پێی ئەسپەکان ، وا من تۆم کرده ئەمیری ئەم سوپایه ... **الطبقات الكبرى لابن سعد** (٢/١٩٠).

## ٦-(زيد كوری ثابت ) – خوا لیٚ رازی بیٚت –

كاتیٚك پیٚغەمبەر ﷺ كۆچی كرد بۆ شاری مەدینە (زيد) موسلمان بوو ، ئەو كاتە هیٚشتا تەمەنی یانزە ساڵ بوو... **الطبقات الكبرى لابن سعد** (٥/٢٦٥).

**(زيد كوری ثابت )** دەڵیٚت : كاتیٚك چوومە خزمەتی پیٚغەمبەری خوا ﷺ كە تازە هاتبوویە شاری مەدینە ، ووترا ئی پیٚغەمبەری خوا ﷺ ئەم میٚر مندالەی نەوەی نەججار زیان لە سانزە سورەتی قورئانی لەبەر كردووە ، پیٚغەمبەریش ﷺ بەوە زۆر سەرسام بوو! وە فەرمووی : ( ئەی زيد نووسنی جوولەكە (مەبەست لیٚی عیبری ) فیٚربە بۆم ، چونكە سویٚند بەخوا لە نووسینەكانیان دلنیانیم لە جوولە كە ، منیش چووم تا فیٚربم ، پانزە شەوم تەواو نەكرد تا بە چاكی فیٚر بووم و نامەی ئەوانم دەخویٚندەوەو كاتیٚك شتیٚكیان دەنووسی بۆ پیٚغەمبەر ﷺ من دەمخویٚندەوە ئەگەریش پیٚغەمبەری خوا ﷺ وەلاٚمی بدایەتەوە من نامەكەم بۆ دنووسی ... مسند امام أحمد بن حنبل برقم (٢١٠٦٥). **(ابن كثير )**- رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەڵیٚت : (ئەم فیٚربوونەی زيد لە سالی چوارەمی كۆچی دابوو).

دەگیٚرنەوە دەلیٚن : لە سەردەمی (عمری كوری خەتاب ) لە شاری مەدینە (زيد) دانرابوو بۆ فەتوا دان بۆ خەلك ، بەتایبەتی هەر مەسەلەیەك تایبەت بوایە فەرزەكان و قورئان خویٚندنەوە و دادوەری كردن فەتوا دان ، هەر بۆیە (عمر ) بەپرساریەتی دادوەری مەدینە دایە دەست (زيد ) بۆیە مووچەیەكی بۆ بریبوویەوە ... سير أعلام النبلاء (٢/٤٣٤).

(الشعبی ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەڵیٚت : جاریٚك (ئوبەی) لەگەل (عمری كوری خەتاب) دا كیٚشەیەكی هەبوو ، ئەوكاتە (عمر) خەلیفەی موسلمانان بوو ، (ئوبەی ) ووتی (عمر ) جا خۆت دەسەلاٚتداریت ..؟! (عمر) ووتی : دەی با كەسیٚك ببیٚتە دادوەری نیٚوانمان ، (ئوبەی ) ووتی : با (زيد ) بیٚت ، چوون بۆ لای ، (زيد) ووتی : ئەی ( ئوبەی ) بەلگەت چیە ..؟! ئەویش ووتی : هیچ بەلگەیەكم پیٚ نیە ، (زيد) ووتی : دەی دەرفەت بدە با ئەمیری باوەرداران سویٚند نەدەم ، (عمر) ووتی : ئەگەر بە پیٚویستی دەزانیت ریٚ مەدە ئەمیری باوەرداران ئەو سویٚندە نەخوات ، (واتە : مەبەستی پیٚ ریٚگەم بدە با سویٚند بخۆم ) ... سير أعلام النبلاء (٢/٤٣٥).

دەگیٚرنەوە دەلیٚن : جاریٚك (زيد) ویستی بچیٚت بۆ نویٚژی هەینی ، بەلاٚم بە هۆكاریٚك دواكەوتبوو ، لە ریٚگادا بینی خەلك دەگەریٚتەوە ، خۆی كرد بە مالیٚكدا ، پیٚی ووترا : بۆچی وات كرد ..؟! ئەویش ووتی : هەر كەس شەرم لە خەلك نەكات شەرم لە خواش ناكات... سير أعلام النبلاء (٢/٤٣٩).

**(ثابت كوری عوبە يد )** – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – دەڵیٚت : جاریٚك چووم بۆ لای (زيد ) ، نەخۆش بوو و لە مالەوە كەوتبوو ، دوو كوریشی لای بوون ، بانگ درا و كاتی نویٚژ بوو ، (زيد ) بە كورەكانی ووت : برۆن بۆ نویٚژەكەتان چونكە نویٚژی پیاو بە جەماعەت بیست و پیٚنج هیٚندەی نویٚژەكەی بەتەنها پاداشتی هەیە ... **المطالب العاليه لابن حجر ، برقم** (٤٢٥).

## نموونەی عیززەت یان شکۆمەندی شوێنکەوتووان

١-(**عطاء بن أبي رباح** )- رەحمەتی خوا لیّ بێت —

دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێکیان خەلیفەی موسلمانان خەلیفە (سلیمان کوری عبدالملك ) لە گەل دوو کورەکەی ، ئەویش لەوێدا چاوی بە (**عطاء** ) دەکەوێت کە گەورەزانایی ئەوکاتە بوو ، خەلیفە چەند پرسیارێکی دەربارەی حەج کردن لێدەکات ئەویش بە رەوشتێکی بەرزو تێر وتەسەلی وەلامی خەلیفەی دەدایەوە بە بەلگەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خەلیفەی موسلمانانی سەرسام کرد ، پاشان خەلیفە ووتی : خودا پاداشتی خێرت بداتەوە لە گەل دوو کورەکەی چوون بەرەو سەفا مەروا گەنجێك لەوێدا هاواری کرد ئەم ساڵ کەس فتوا نەدات لە حەج جگە لە (**عطاء کوری رباح** ) نەبێت ئەگەر ئەم لێرە نەبوو ئەوا (عبداللەی کوری نەجیح ) فتوا بدات ، دوو کورەکەی خەلیفە ووتیان : باوکە گیان چۆن کەسێك لە ژێر دەسەلاتی تۆ دابێت بلێت نابێت کەس فتوا بدات جگە لەم دووانە نەبێت ..؟! خەلیفە بە کورەکانی ووت: کورەکانم ئەوا خۆتان بەچاوی خۆت بینیتان کە چۆن وەلامی پرسیارەکانی منی بە تێرو تەسەلی دەدایەوە ، وەیان ووتی : چۆن لە بەردەستی زەلیل و زەبوون بووین ، کورەکانم ئەوا (**عطاء کوری رباح** ) ئەوکەسەیە کە زانستی شەرعی لە لای (عبداللە کوری عباس ) کە هاوەلی بەرێزی پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرتووە ..!! پاشان خەلیفە بە کورەکانی ووت : کورەکانم فێرە زانست بن چونکە بەزانست خەلکی بیّ نرخ بە نرخ ئەبێت وە بەندەکان ئەبن بە پاشا ) بەلیّ خەلیفە (سلیمانی کوری عبدالملك ) هەڵەی نەکرد لەم قسانەی بە کورەکانی ووتی دەربارەی (**عطاء کوری رباح** ) چونکە ئەو پیاوچاکە کە (خوای گەورە ) ئەم شکۆیەیی یان ئەم عیززەتەی پیّ بەخشیبوو بە زانست و زانیاری شەرعیەکانی ، وە هەروەها بە خۆی بەندەی یان عبدی یەکێك لە ئافرەتە دەولەمەندکانی شاری مککە بوو ، لە بەندایەتی کردن فەزلی بۆ گەورەو مەزنیەتی و پایە بەرزی و جوامێری بە هۆی زانست زانیاریەکەیەوە ، هەر بۆیە (**عطاء کوری رباح** ) ژیانی خۆی کردبووە سێ بەشەوە بەشی یەکەم : خزمەتی گەورەکەی خۆی دەکرد ، بەشی دووەم : بۆ (خوای گەورە ) جوانترین پەرستنی دەکرد ، بەشی سێیەم : گەران و فێرو بوونی زانست و زانیاری شەرعی لە سەر دەستی ئەم هاوەلە بەرێزانە (عبداللە کوری عومەر ) و (عبداللە کوری عباس ) و ( عبداللە کوری زوبیر ) ، دەلێن : کاتێك گەورەکەی ببینی ئەم گەنجە خۆی فرۆشتووە بە خوای پەروەردگار ئازادی کرد ، بەلیّ (**عطاء کوری رباح** ) ئەم هەموو زانستەی کە هەی بوو وا دەستی نەکەوتبوو تەنها بە دوو شت نە بێت :

١-دەسەڵاتی بەسەر نەفسی خۆی داگرتبوو هیچ رێگایەکی نەهێشتبوو بۆ ئەوەی بە ئارەزوو و هەوەسی خۆی بلەوەریّ لەوەی کە هیچ سوودی نیە ..؟!

٢-دەسەڵاتی گرتبوو بەسەر کاتەکانی خۆی لە شتی بیّ سوود بە فیرۆی نەدەدا چونکە کاتی لە لا زۆر گرینگ بوو ..؟!

له (**محمدی کوری سوقه** ) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : جارێکیان دانیشتیووم له لای (**عطاء کوری رباح** ) پێ ووتم گوێ بگره با ئامۆژگاریەکت بکەم فەرمووی : ( کوری برام ئەوانەی پێش ئێمه زۆر ڕقیان له قسەی زیادەڕۆ و بێ سوود بوو ، ئەلێ منیش ووتم : قسەی زیادەڕۆ بێ سوود چیه ..؟! ئەویشی فەرمووی : جگه له قورئان و سوونەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتیان ئەمه قسەی زیادەڕۆ و بێ سووده ، بەڵام تێگەیشتنی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن گێردراوەتەوە چۆن راڤه ئەکرێت یاخوت فەرمان کردن به چاکه وه نەهی کردن له خراپه یاخوت فێربوونی زانستێك که له (خوای گەوره ) نزیکت بکاتەوه ، وەیان ئیش کارێك که سوودی هەبێت بۆ دونیا ، دوایی رووی تێ کردم ، فەرمووی : ئایا ئەتوانی باوەرنەکەی که خوا ئەفەرموویێت : ( دوو فریشتەتان له گەڵه هەموو شتێك دەنووسن ) وه (خوای گەوره ) دەفەرموویێت : ( دوو فریشته له دەسته راست و دەسته چەپ دانیشتوونه هەر قسەیەك بەکەیت ئەوا ئەی نووسن ) دوای فەرمووی : تو خوا یەکێك له ئێمه شەرم ناکات پەرتووکی کردەوەکانی پێشان بدرێت هیچ شتێکی له ئیش و کاری دونیا تێدا نەبێت وه نەکردەوەیەکی به سوودی هەبێت بۆ رۆژی دوایی ..؟!

دەگێرنەوە دەلێن : (**عطاء کوری رباح** ) به هەموو شێوەیەك دونیا رووی تێ کرد بوو ، بەڵام ئەو پشتی له دونیا کردبوو ، واته : پیاوێکی زاهد بوو ، تەنها یەك کراسی هەبوو بایی پێنج درهەم بوو ، وه خەلیفه کانی ئەو سەردەم له بەر گەورەیی زانستەکەی بانگیان دەکرد پێشنیاری هەدیەو دیاری بەخشینیان بۆ دەکرد ، بەڵام ئەو بۆ خودی خۆی رەتی دەکردەوه خۆی له م دیاری و بەخشینانه نزیك نەدەکردەوه ، چونکه دەترسا لەوەی ئارەزوو هەوەسەکانی ژیانی دونیا هەلی بخەلە تێنێ و تەماح گیر بێت بۆی ..؟!

له (عوسمانی کوری عەتای خوراسانی ) دەگێرێتەوه دەلێت : ( له گەل باوکم بووم بەروه ولاتی شام یان شاری (دیمەشق ) بەرێ کەوتین بۆ لای خەلیفه (عبد الملك کوری مروان ) که نزیك کەوتینەوه له شاری (دیمەشق ) پیاوێکمان بینی له سەر پشتی –گوێ درێژێك – بوو کراسێکی لەبەر بوو ئەلێ منیش پێکەنیم ووتم : باوکه ئەمه کێ یه ئەم پیاوه ..؟! باوکم ووتی : بێ دەنگ به ئەمه گەوره زانایانی ولاتی (حیجازه ) (**عطاء کوری رباح** ) ، هاته خوارەوه له گ ل باوکم ئەم لاو ئەولای یەکتریان ماچ کرد دوای سواری پشتی – گوێ درێژە – کەی بوویەوه دوایی چووینه پێش دەرگای خەلیفه (عبدالملك کوری مروان ) دەلێ : باوکم ووتی : ئەگەر له بەر (**عطاء کوری رباح** ) نەیان دەهێشت من بچمه ژوورەوه ئەلێت کاتێك چووینه ژوورەوه و خەلیفه ووتی : به فەرموو فەرموو تاوەکو له سەر کورسیەکەی خۆی دای نا وه خەلکی زۆر نەجیب دانیشتبوون بێ دەنگ بوون ئینجا خەلیفه ووتی فەرمووی ئەی باوکی محمد چیت پێویسته با بۆت جێ بەجێ بکەین ..؟! ئینجا ئەویش چەند دوایەکی بۆ خەلکی به خەلیفه فەرموو ، پاشان ئامۆژگاریەکی خەلیفەی کرد فەرمووی : ئەی خەلیفه له (خوای گەوره ) بترسه له خۆت ، تۆ به تەنها دروست کرایی ، وه به تەنها ئەمریت ، وه به تەنها زیندوو ئەکرێتەوه ، وه به تەنها حیسابت له گەل ئەکرێت ..؟! ئینجا خەلیفه کەوته سەر چۆك گریا ..!!

دەگێرنەوه دەلێن : تەمەنی (**عطاء کوری رباح** ) گەیشته سەد ساڵ هەمووی به خوا پەرستی و زانستی شەرعی بەسەری برد ، هەروەها حەفتا جار حەجی کردووه له ژیانی دا ، وه حەفتا جار له کێوی عەرەفات داوای له (خوای گەوره ) کردووه که له گوناهەکانی خۆش بێت..!! وه ئێمەش داوا له (خوای پەروەردگار ) دەکەین له گوناهەکانمان خۆش بێت و خاتیمەمان خێر بێت به دوایی رێگای ئەم شکۆمەنده یان ئەم زانا پایه بەرزه بکەوین ئامین ...

## ٢-(عامری کوری عبدالله تەمیمی ) — ڕەحمەتی خوا لیٚ بیٚت —

بەلیٚ (عامر ) یەکیٚك لەو پیاو چاکانە بوو کە دونیا نەویست بوو ، ئەو بوو لە سەردەمی (عمری کوری خەتاب ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — شاری بصرای کرد نیات نا و کردیە بنکەیەکی سەربازی بۆ موسلمانان ، ئەوە بوو گەنجانی موسلمان لە ولاتی یەمەن و شام و حیجاز روویان تیٚ دەکرد ، (عامری کوری عبدالله تەمیمی ) یەکیٚك لەو گەنجانە لە حیجازەوە هاتە شاری بصرا ، بوو بە یەکیٚك لە موجاهیدەکان لە سوپای ئیسلام ، وە لەم سەردەمە دا هاوەلی بەریٚزی پیٚغەمبەری خوا ﷺ کە (ئەبو موسی ئەشعەری ) — خوا لیٚ رازی بیٚت - لە شاری بصرا والی موسلمانان بوو ، وەیان سەرکردەی موسلمانان بوو ، هەر بۆیە شەو رۆژە ئەم گەنجە بەریٚزە جیهاد و تیٚکۆشانی لە پیٚناوی (خوای گەورە ) دەکرد ، هەروەها هەر لە (ئەبو موسی ئەشعەری ) لە دەمی ئەوەوە هەموو قورئانی پیرۆزی لە بەرکرد وە چەندین فەرموودەی لە (ئەبو موسی ئەشعەری ) وەر گرت ، (عامر ) ژیانی خۆی کردبووە سیٚ بەشەوە :

بەشی یەکەم : فیٚرکردن وتیٚگەیاندنی خەلك لە قورئانی پیرۆز لە مەزگەوتی شاری بصرا .

بەشی دووەم : خوا پەرستی و شەو نویٚژ کردن ، وە بەرۆژوو بوون تاکو ماندوو ئەبوو .

بەشی سیٚیەم : جەنگ کوشتار کردنی ئاگر پەرستان ، وەیان جیهادو تیٚکۆشان لە پیٚناوی خوا دا، تا وەکو یەك جەنگ و نەما ئەم گەنجە بەژداری تیٚدا نەکات .

یەکیٚك لە پیاوەکانی شاری بەصرا بۆمان دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت : جاریٚکیان لە گەل (عامر) دا لە یەکیٚك لە جەنگەکان جیهاد مان دەکرد ، کاتیٚك شەو دەهات (عامر )م بینی چوەناو چەند دارو پووشیٚکەوە لە لیٚواری ئاویٚکەوە بوو خۆی حەشار دا ئەلیٚ منیش چووم بە دوایی بە نهیٚنی ، تاوەکو بزانم ئەم پیاوە چی دەکات ، چونکە ئەم خەلکە پیٚ دەلیٚن : ( خوا پەرستە و دونیا نەویستەکە ) ئینجا بینیم (عامر ) کەوتە نویٚژ کردن و پارانەوە نەم بینیوە لە کەسیٚکی تر وەك ئەم باشتر نویٚژ بکات ، ئەوەندە بە جوانی نویٚژی ئەکرد ، ئینجا کاتیٚك لە نویٚژەکەی بوویەوە دەستی کرد بە پارانەوە ، وە یەکیٚك لە پارانەوەکانی ئەوە بوو دەی فەرموو : (خوایە تۆمنت دروستکرد بە فەرمانی خۆت ئینجا منت هاویٚشتە ناو ئەم هەموو تاقی کردنەوە دوایی فەرمانم پیٚ ئەکەی کە خۆم بگرم ! خوایە خۆم پیٚ ئەگیریٚ ..؟! خوایە تۆ ئەزانی ئەگەر ئەم دونیایە هەمووی مولکی من بیٚت ، دوای داوام لیٚ بکریٚت لە پیٚناوی تۆ ببەخشم ئەوا ئەی بەخشم ! خوایە من ئەوها تۆم خۆش ویستووە کە هەرچی ناخۆشی و تاقیکردنەوەم بەسەر دیٚت لای من ئاسانی کردووە ! وای لیٚکردوومە کە رازی بم بە هەموو قەزاو قەدەریٚك هەر کاتیٚك بە سەرم دیٚت ) ، ئینجا پیاوەکەی خەلکی بصرا ووتی : من خەوم لیٚکەوت دواتر هەلسامەوە (عامر ) هەر ئەپاریٚتەوە ئینجا نویٚژی بەیانی کرد دەستی کرد بە پارانەوە کرد فەرمووی : ( خوایە وا بەیانی هات و خەلك داوای خیٚرو بیٚری تۆ ئەکەن وە پیٚویستی من ئەوەیە لیٚم خۆشبیت ! خوایە پیٚویستی من ئەوان جیٚ بەجی بکە ! خوایە من سیٚ شتم داواکرد لە تۆ دووانیات پیٚداوم ، بەلاّم یەکیان ماوە ، خوایە سیٚ یەمیانم پیٚ بدە بۆ ئەوەی جونتر بتپەرستم ..؟! ) پیاوەکە ئەلیٚت : ئینجا هەلسا لە شویٚنی خۆی و چاوی هەلبری منی بینی فەرمووی : ئەی برا بصرایەکە وا دیارە ئەم شەو بەدوایی منەوە بوویت ..؟! ئەلیٚ منیش ووتم : بەلیٚ . (عامر ) فەرمووی : برام هەرچیەکت لە من بینیوە بائەمانەت بیٚت وە بیشارەوە (خوای گەورە ) بتپاریٚزیٚ ، پیاوەکە ئەلیٚت : منیش ووتم بە خوا ئەگەر پیٚم نەلیٚت ئەم سیٚ شتە چیە ..؟! کەداوات لە (خوای گەورە ) کردوە بە هەموو خەلك ئەلیٚم ، ئەویش فەرمووی : تو خوا بە کەس مەلیٚ ، بەلاّم کە زانی من پیٚ دا ئەگرم ووتی باشە بەلاّم بە مەرجیٚك بەکەس مەلیٚ ،ئەویش ووتی : باشە بە کەس نالیٚم ، ئینجا (عامر ) هەر سیٚ شتی ووت ...

یەکەم : (عامر ) فەرمووی : من زۆر ترسام لە ئافرەت کە تووشی تاقی کردنەوە ببم ، داوام کرد (خوای گەورە ) خۆشەویستی ئافرەت بباتە دەرەوە لە دڵم ، ئەوەی بێ بەخشیم ..!!

دووەم : داوام کرد لە (خوای گەورە ) کە جگە لە (الله ) نەبی لە کەسی تر نەترسێم ، ئەمەشی بۆ جێ بەجێ کردم ئێستا جگە لە (خوای گەورە ) نەبێت لە کەس ناترسم نە ئاسمان و نە لەسەر زەوی ..!!

سێیەم : داوام کرد لە (خوای گەورە ) کرد کە خەو لەچاوانم نەهێڵێ بۆ ئەوەی بە شەو بە رۆژ بی پەرستم بەڵام (خوای گەورە ) ئەمەیانی جێ بەجێ نەکرد ..!!

(عامر ) هەر جەنگ و جیهادێك هەبایە پێشەنگ بوو لە جیهاد کردن لە پێناوی (خوای گەورە ) ئەی فەرمووی : بەهاورێ کانی لە جیهاد کردن دا من سێ مەرجم هەیە بۆ هاوەڵەتی ئێوە :

١ من ئەبم بە خزمەتکاری ئێوە نابێت کەس خزمتی ئێوە بکات جگە لە من ..!!

٢-نابێت جگە لەمن کەسی تر بانگ بێژێ جگە لەمن تەنها خۆم بانگ بدەم ..!!

٣-من بە گوێرەی توانای خۆم خەرجی ئەم جیهادە دەکەم ..!!

(عامر ) لە هەموو جیهادو جەنگەکان لە گەڵ هاوەڵەکانی دا بوو ، سەرەرای ئەم دلسۆزیە (عامر ) خۆی دەپاراست لە دەست کەوتی جەنگی ، کاتێك جەنگی قادسیە روویدا ئەوە بوو سەرکەوتنێکی گەورە بۆ موسلمانان هاتە دێ دەست کەوتی یان غەنیمەتی زۆریان دەست کەوت ، ئەوە بوو (سعدی کوری وەقاص ) فەرماندەی سوپاکە بوو فەرمانی کرد بە (عەمری کوری موقرەن ) کە دەست کەوتی جەنگ کۆبکاتەوە دەست کەوتێکی زۆریان هێنا ، لە دەست کەوتەکانی پاشای (کیسرا)ی فارس ئینجا موسلمانان خەریکی کۆکردنەوەی بوون ، دوای ئەوە خەریکی دابەش کردنی دەست کەوتەکانی غەنیمەتەکان بوون کە زێرو ئالتون گەوهەر دووری ملواری یەکجار بەنرخی تێدا بوو ، ئەوە بوو پیاوێکیان بینی لەو لاوە هات یەك (مەنجەل)ی گەورەی لە زێری پر لە دوور مەلواری و گەوهەر هێناوە یان بە دەستیەوەیە ،ئینجا هێنای داینا لە بەردەم ئەمیرەکە یان فەرماندەی سوپاکە ، ئینجا ئەمیرەکە لێ پرسی ئەمە چی یە ..؟! ئەویش فەرمووی : لە فلانە جەنگ دا گرتوومەو من پێویستی پێ نیە نامەوێ بیخەرە ناو بیت مالی موسلمانان ..!! دوای پێیان ووت : ئەی هیچت بۆ خۆت هەڵنەگرتووە یان نەبردووە ..؟! (عامر ) فەرمووی : ئەم (مەنجەلە ) ئەبینن بەخوا لای من زۆر بێ نرخە ، دە سوێند بەخوا هەرچی ماڵ ومولکی فارسەکان لای من هیچ نرخێکی نیە ، وە سوێند بە خوا ئەگەر بیت مالی موسلمانان نەبوایە ئەوا دەست لێ نەدەدا لە شوێنی خۆی بەرز نە دەکردەوە ..!! دوایی ووتیا : باشە تۆ کێ ..؟! ئەویش فەرمووی: نە بەخوا نە بە ئێوە ئەڵێم سوپاسم بکەن نە بەخەلکی تریش ئەڵێم بۆ ئەوەی باسم بکەن ..!! پاشان رۆیشت ، ئەوانیش پیاوێکیان بە دوایی نارد بۆ ئەوەی بزانن ئەم پیاوە کێیە ، ئەویش هاتەوە زانیاری لەسەر وەرگرت ووتی : ئایا نای ناسن ئەمە کێ یە..؟! ئەوانیش ووتیان کێ یە ..؟! ووتی : ئەم پیاوە ئەمە یە لە شاری بصرا پێ دەڵێن : ( دونیا نەویستی شاری بصرا) ناوی (عامری کوری عبداللە تەمیمی )یە ، بێ گومان شکۆمەندی پایە بەرزی ئەم پیاوە وێنەی نەبووە ئەوەندە عیززەتی بەرز بووە کە هاوشانی نەبووە ، ئەمەیە پیاوی جوامێرو لە خوا ترس و پایە بەرز کە بۆ هیچ لە مولکی دونیا سەری دانەدەنواند ، کەچی حەقی خۆشی وەر نەدەگرت لە غەنیمەتەکانی جەنگ ، بەداخەوە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا کە تێدا ئەژین ، خەلکی بۆ دۆلارێك شەرم و شکۆی نەماوە لە جیاتی ئەوەی کە (خوای گەورە ) بپەرست دونیا پەرستی دەکەن ، بۆ بەر پرس و کار بەدەستەکان سەر دادەنوێنن بۆ پاروە نانێك ، وەیان بۆ بەدەست هێنانی پلە و پۆست ناو دەنگ ، شکۆ عیززەتی خۆیان لە دەست دەدەن ..؟!

## ٣-(عمری کوری عبدالعزیز ) ئەمیری باوەرداران – خوا لیّ رازی بێت –

لە (محمد کوری علی کوری حسین ) – رەحمەتی خوا لیّ بێت – دەلێت : ( ئایا نەتانزانیوە هەموو گەلێك شکۆمەندێك یان نەجیب زادەیەکی هەیە ..؟! وە شکۆمەندو نەجیب زادەی بەنی ئومەییە (عمری کوری عبدالعزیز)ە ئەو رۆژی زیندوبوونەوە بەتەنیا دێت بەیەك گەلّ حیساب ئەکرێت ..؟!! ) .

دەگێرنەوە دەلێن : زۆر نەبوو تابیعی بەرێز ئەمیری باوەرداران (عمری کوری عبدالعزیز ) لە و کاتە دا بوو کە خۆلی ئە تەکاند لە دەستی لە کاتی ناشتنی خەلیفەی موسلمانان (سلیمانی کوری عبدالمليك ) ، ئینجا لەم کاتەدا گوێی لە زرمەیەك بوو ئەویش فەرمووی : ئەمە چییە ..؟! ووتیان : ئەمە ئەسپ سواریەکەیەتی بۆ ئەوەی تۆ لەسەری دابنیشی ، ئەمە هی خەلیفەیە ، ئەویش زۆر بە نا دلی تەماشایی کرد ، فەرمووی : لای بەن پیرۆزی خۆتان بێت ..!! هێسترەکەی خۆم کوا بۆم بهێنن ئەمە بەسە ، جا خەریك بوو سواری پشتی هێسترەکە بێت بەرپرسی پاسەوانەکان و کۆمەلێك لە پاسەوانەکان هاتن ، ئەویش فەرمووی : چیتان ئەوێت لێم ..؟! ئەوانیش ووتیان : هاتووین بۆ ئەوەی ببین بە پاسەوانی تۆ ..!! ئەویش فەرمووی : پێویستیم بە ئێوە نیە ، بەلّکو منیش یەکێکم لە موسلمانان ، دوایی بەرێکەوت بۆ مەزگەوت لەگەل موسلمانان پاش سوپاس و ستایشی (خوای گەورە ) صەلاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی : ئەی خەلّکینە خۆتان ئەزانن من بەخۆشی خۆم نەبوومە بە پێشەوا ئیمانداران بەلّکو خۆتان منتان هەلبژاردوە و بەبیّ ئەوەی من ئاگام لیّ بێت ..!! جا من ئەوە وازئەهێنم لەبەر ئەوەی ئەرکێکی قورس و گەورەو ئەمانە تێکی گەورەیە بۆ خۆتان یەکێك هەلبژێرن ..!! ئینجا خەلّك بەیەك دەنگ هاواریان کرد نەخێر تۆمان ئەوێت تۆمان ئەوێت..!! کاتێك بینی کەوا خەلّك رازین بەبوونی ئەم بە ئەمیری باوەرداران ، ئینجا دەستی بە قسەکردن کرد فەرمووی : ئەی خەلّکینە لە خوا بترسن و گۆر هەیە وە رۆژی زیندوبوونەوە هەیە ، وای بۆ باس کردن تاوەکو دلە کانیان چۆش و خرۆش کرد وە چاوەکانیان پر بوو لە گریان و فرمێسك ، ئینجا ئەویش فەرمووی : ئەی خەلکینە گوێرایەلّ بن تاوەکو من گوێرایەلی خوا بم و گوێرایەلی کەسێك ناکرێت ئەگەر لە فەرمانی خوا دەربچێت ..؟! پاشان بەرەو مالەوەبەرێکەوت بۆ ئەوەی کەمێك پشوبدات ، چونکە زۆرماندوو بوو لە ناشتنی خەلیفە (سلیمانی کوری عبدالمليك ) کە گەیشتەوە مالەوە خەریك بوو چاوی بکەوێتە خەوەوە کورەنازدارەکەی کە ناوی (عبدالمليك ) بوو ، کە تەمەنی ئەو کات حەڤدە سالّان بوو گەنجێکی تازە پێگەیشتبوو ووتی : باوکە گیان خەریکی چیت ..؟! ئەویش فەرمووی : کورەکەم زۆر ماندوم ئەمەوێت کەمیّ پشوو بدەم پێش نوێژی نیوەرۆ ، ئینجا هەرچی حەق هەیە ئەمەوێت بیگەرێنمەوە بۆ خەلکی ، (عبدالمليك ) ووتی : باوکە گیان ئایا چ زەمانێك هەیە کە تۆ ئەگەیتە نوێژی نیوەرۆ نامریت ، تاوە کو حەقی خەلك بگەرێنیتەوە ..؟! ئینجا (عمری کوری عبدالعزیز ) ئەمیری باوەرداران لە گەل ئەم قسانەی کورەکەی خەوی لە چاوان زراو هێزیك لەگیان دا جوولاندی فەرمووی : کورەکەم لێم نزیك بەرەوە ، ئینجا نێو چاوانی ماچ کرد ، فەرمووی : سوپاس بۆ خوا کە لە نەوەی من یەکێك هەیە دەستگرم بێت بۆ راستی ..!! ئینجا یەکسەر هەلّساو رۆیشت بۆ مەزگەوت بانگی خەلکی کرد ، فەرمووی : هەر کەسێك ستەمی لێکراوە بابێت وەری بگرێتەوە ...

## ٤ -(حسن بەسری ) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت —

لە ( مسلمەی کوری عبدالمليك ) — ڕەحمەتی خوا لێ بێت — دەلێت : ( چۆن گەلێك گومرا دەبێت کە پیاوێکی وەکو حسن بەسری تێدا بێت ).

دەگێرنەوە دەلێن : (حسن ) کە بەتەمەنی گەیشتە چواردە ساڵ لەگەل باوکی بەرێ کەوتن بۆشاری (بصرا ) یان (بەسرا ) بۆیی ناوبانگی دەرکرد لە دوایی بە (حسن بەسری ) چونکە ئەو کات شاری بەسرا مەلبەندی شاری موسلمانان بوو بۆ جیهاد کردن ، هەر بۆیە زۆر شارەزا بوو لە جیهاد کردن ، ئەو کات (حسن بەسری ) فەرموودەکانی زۆر لە هاوەلی بەرێزی پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرتووە لەوانە وەکو (عبدالله ی کوری عباس ) — خوا لێ رازی بێت - وە زانستی شەرعی وەکو تەفسیری قورئانی پیرۆز و فقە و ئەدەب و زمانی عەرەبی زۆری لەو وەرگرتووە ، هەروەها (خالیدی کوری سەفوان ) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەلێت : ( حسن بەسری ) ناو دلی وەك ڕووکەشی وایە و قسەی وەك کردەوەی وایە ئەگەر فەرمانی بە کردەوەی چاکە بکا ئەوا یەکەم کەسە کە خۆی فەرمان ئەکات بە چاکە و ئەگەر نەهی لە خراپە بکات ئەوا یەکەم کەسە نەهی لە خراپە ئەکات و من بینیم مالی دونیا نە ئەویست ئینجا خەلك داوایان لەو ئەکرد ) .

دەگێرنەوە دەلێن : جا کاتێك (حجاجی کوری یوسفی سەقەفی ) بوو بە فەرمانرەوای موسلمانان لە ولاتی عێراق کە دەلێن چەند پیاوێکی ستەمکار بووە ، ئەوە بوو لە سەردەمە دا (حسن بەسری ) ڕووبەروی بوویەوە بەرووی راوەستا و دژایەتی خراپەکاریەکانی دەکرد ، (حسن بەسری ) راوەستا و دژایەتی کرد و تەنها لە (خوای گەورە ) ئەترسا ..!! جارێکیان (حجاج ) کۆشکێکی گەورەی دروست کرد و بانگی خەلکی کرد بۆ ئەوەی بێن تەماشای بکەن (حسن بەسری ) ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی بچێت قسە بۆ خەلکەکە بکات بۆیە چووە چوار دەورەی و سورایەوە فەرمووی : تەماشامان کرد کە ئەم پیسی ناو پیسان مەبەستی (حجاج) بوو، کە ئەم کۆشك و مالەی دروست کردووە بەلام نازانێ کە (فیرعەون ) کۆشکێکی زۆر لەوی گەورەترو بەرزتری دروست کرد بوو ، دوایی (خوای گەورە ) فیرعەونی لە ناو برد خۆزگە (حجاج ) ئەزانێت کە ئەهلی ئاسمان رقیان لێ یەتی و خەلکی زەوی ئەویان هەلخەلە تاندووە ..؟! ئینجا یەکێك لە ئامادە بووان ووتی : بەسە ئەی باوکی سەعید ..؟! پاشان (حسن بەسری ) بە پیاوەکەی فەرموو:بە خوا بێ دەند نابم چونکە(خوای گەورە ) پەیمانی لە زانایان وەرگرتووە کە حەق بۆخەلك روون بکەنەوە وە حەق نەشارنەوە..!
ئینجا (حجاج ) بە پاسەوانەکانی خۆی ووت : ئەی بێ غیرەتینە بەندەیەك لە بەندەکان دێت ئاوا بە من ئەلێت ..!! ئێوەش وا رەوەستاون سویند بە خوا دەبێت خوێنی ئەو بەندەتان دەرخوارد بدەم ..!!(مەبەستی پێ حسن بەسری بوو ) پاشان (حجاج ) ووتی : بە پاسەوانە سەربرەکە خۆت ئامادە بکە و بە چەند پاسەوانێکی تریش ووت : برۆن ئەم پیاوە بۆ بهێنن ..!! ئینجا (حسن بەسری) یان هێنا بۆ لای (حجاج ) لێوی خۆی جولاند ، ئینجا (حجاج ) پی ووت : فەرموو فەرموو (ئەی باوکی سەعید ) لێرە دابنیشە لە شوێنی خۆی دانیا ، ئینجا خەلکی بەسرا زۆر پێیان سەیر بوو ، چونکە تاکەمێك پێش ئێستا دەی ووت : سە برەکە خۆت ئامادەکە بۆ ئەوەی لە ملی بدا ، (حجاج ) ئەوەندە تووڕە بوو لە (حسن بەسری ) کە ئەی ویست خوێنی برێژێنێ و پاسەوانەکانی خۆی لێ ئاگادار کردەوە ، بەلام ئێستاش وا گۆراو نەرم نیان بووە لە گەلی ...؟!

ئینجا (حجاج ) پرسیاری لێ ئەکرد (حسن بەسری ) وڵامی ئەدایەوە  تاوەکو تەواو بوو ، پاشان (حجاج ) ووتی : بۆنی خۆش بهێنن دەستی بە بۆنی خۆش ئەکرد بە ریشی (حەسن بەسری ) ئەدا تاوەکو تەواو بوو دوای (حجاج ) ووتی : تۆ گەورە زانایانی ئەی (باوکی سەعید ) پاشان (حسن بەسری ) رۆیشت  جێگیری (حجاج ) بە دوای کەوت ووتی : ئەی (باوکی سەعید ) پێش ئەوەی تۆ بێت بۆ لای (حجاج ) زۆر توورە بوو خوێن لە چاوانی ئەباری بەڵام من بینیم کە تۆ هاتیتە ژوورەوە لێوی خۆت  جولاند چیت ووت ..؟! (حسن بەسری ) دەڵێت ووتم : ( یاولي نعمتي و ملاذي عند کربتي أجعل نقمته بردا وسلاما علي کما جعلت النار بردا و سلاما إبراهیم ) ,

دەگێرنەوە دەڵێن : جارێکیان پاش ئەوەی ئەمیری باوەرداران (عمری کوری عبدالعزیز ) کۆچی دوایی کرد  (یەزید ) هاتە سەر تەختی فەرمانرەوایەتی ، ئەوە بو لایدا لە رێگای حەق وەك ئەوەی پێشت ر نە ئەبوو ، کاتێك بووە فەرمانرەوا کە سێکی کردە دەسەڵاتدار بەناوی (عمری کوری هەبیرە ) نامەی بۆ دەنووسی بۆی کە توند بە لەگەل خەلك و هەندێك جار برۆ با لەگەل حەقیش نەبێت ..!! بۆیە (عمر کوری هەبیرە ) بانگی هەر دوو زانای کرد لەوانەش (الشعبی ) و (حسن بەسری ) تێ گەیاندن کە (یەزید ) فەرمانی پێ ئەگات بە هەندێك جار بە خراپە و لە حەق لا بدا ، ئایا لە ئایین دەر ئەچێت ..؟!  بەڵام زانای گەورە (الشعبی ) وەڵامی دایەوە بەڵام تۆزێك نەرمی تێدا بەدی دەکرا بۆ خەلیفە (یەزید ) و دەسەڵاتدارەکانی ولاتی عێراق ، بەڵام (حسن بەسری ) بێ دەنگ بوو ئەوە بوو (عمری کوری هەبیرە ) ووتی : تۆ چی ئەڵێت : ئەی باوکی سەعید ..؟! (حەسن بەسری ) فەرمووی : ئەی (کوری هەبیرە ) لە خوا بترسە بۆ (یەزید ) بەڵام مەترسە لە (یەزید ) بۆ خوا ..!! وە بزانە (خوای گەورە ) ئەتپارێزی لە (یەزید ) بەڵام (یەزید ) ناتپارێزی لە (خوای گەورە ) ، وا بزانە خەریکە فریشتەیەك بۆت دابەزێت لەسەر تەختەکەت لا ببات و بتبات لە فراوانی قەسرەکەت یان کۆشکەکەت لە تەنگە بەری گۆرەکەت  ئیتجا  بۆ گۆرەکەت (یەزید ) نابینەو بەڵکو ئەم کردەوانەت  ئەبینەوە کە سەرپێچی خوای (یەزید )ت پێ ئەکرد ، ئەی (کوی هەبیرە ) بزانە ئەگەر لە گوێرایەلی (خوای گەورە ) دابیت ئەو دەتپارێزی لە خراپەی (یەزید) و ئەگەر لە گەل خراپەی (یەزید ) دابیت ئەوا ئەتداتە دەست خراپەی (یەزید ) وابزانە نابێت گوێرایەلی هیچ کەسێك بکرێت مادام ئەم کەسە گوێرایەلی (خوای گەورە ) ناکات ..!! ئینجا (کوری هەبیرە ) لەم قسانەی (حسن بەسری ) چاوی پر گریان بوو ، پاشان لە گەل (الشعبی ) و (حسن بەسری ) چوونە ناو خەلکەکەوە بۆئەوی بزانن چۆن فتوایان داوە ، بەڵام لێرەدا (الشعبی ) فەرمووی : بەخەلکەکە ئەی خەلکینە هەر کەسێك ئە یەوێت گوێرایەلی (خوای گەورە )  بەباشتر بزانێت لە خەلکی تر  لە هەموو شوێنێك با بیکات سوێند بەو خوایەی کە رووحی منی بەدەستە ئەم قسەیەی کە (حسن بەسری ) بە (عمری کوری هەبیرە ) فەرموو ئەم زانی بەڵام  بەخوا   ویستم دلی (عمر کوری هەبیرە ) رازی بکەم ، بەڵام (حسن بەسری ) ویستی (خوای گەورە لە خۆی رازی بکات ، وە (خوای گەورە ) ئەوی لە (عمری کوری هەبیرە ) نزیك کردەوە منی دوور کردەوە ..!!

دەگێرنەوە دەڵێن : رۆژێکیان پرسیار کرا لە (حسن بەسری ) لە بارەی دونیا ئەویش فەرمووی : پرسیارم لێ ئەکەن لەبارەی دونیا و رۆژیی دوایی ..؟!  وە پێم ئەلێن : پێناسەی دونیام بۆ بکە پێناسەی چیتان بۆ بکەم دونیایەك سەرتاکەی هەول دان و ماندوو بوونە کۆتاییەکەی لە ناو چوونە ..!! وە لە حەلالەکەی حیسابەو لە حەرامەکەی لێ پێچینەوە یە ..!! هەر کە سێك تیایدا دەولەمەند بوو ئەوا تووشی تاقی کردنەوە بووە ، وە هەر کەسێك هەژار بوو ئەوا دڵ غەمگین ئەبێت ..!!

### ٥-(عورەوەی کوری زوبێر ) — رەحمەتی خوا لێ بێت —

لە (عبدالمليك کوری مروان ) دەلێت : (هەر کەسێك تەماشای بکات کە بەهەشتیە باتەماشای عورەوەی کوری زوبێر بکات ).

دەگێرنەوە دەلێن : لە تەنیشت روکنی یەمانی لە کەعبەی پیرۆز ، چوار گەنجی دەم و چاو درەوشاوەی رووناك نەسەب پاك دەم بە زیکر و یادی خوا ، ئەت ووت کوتری سەر حەرامەی مککەی پیرۆزن ، ئەمانە خاوەن زانستی شرعی بوون ، ئەوانیش ئەم کە سانە بوون ، کە سێ لە کورەکانی (زوبێری کوری عەوام )بوون ئەوانیش : (عبداللەی کوری زوبێر ) و ( موصعەبی کوری زوبێر ) و (عورەوەی کوری زوبێر ) لە گەل یەکێکی تری شەویش (عبدالمليك کوری مروان ) ئەمانە بە هێمنی لە نێوان خۆیان دانیشتبوون گفتوگۆیان لە گەل یەکتری دەکرد ، یەکێکیان ووتی : دەی با هەر کەسێك لە ئێمە دوا رۆژی خۆی دیاری بکات و ، وەیان هیواو ئاواتی خۆی بلێت لە داهاتوو دا ، بەلکو بار هەر کەسێك لە ئێمە بخوازێت چ دوا ئەکات لە دونیادا واتە ببێت بەچ لە دونیادا..؟! (عبدالله کوری زوبێر ) ووتی : من ئامانجمە یان ئاواتم ئەوەیە ببم بە فەرمانرەوا وەیان ئەمیری موسلمانان لە ولاتی (حیجاز ) دا . (موصعەبی کوری زوبێر ) ووتی : من ئامانجمە یان ئاواتم ئەوەیە ببم بە فەرمانرەوا وەیان ئەمیری موسلمانان لە لاتی (عێراق )دا. (عبدالمليك کوری مروان) ووتی: بەلام من لە ئێوە زۆر بە تەماع ترم بۆ دونیا ئەمە وێت ببم بەخەلیفەی موسلمانان لە دوای (معاویەی کوری سوفیان ) — خوا لێ رازی بێت - ئینجا سێ یەکەی کەباسمان کرد ئامانج وئاوات خۆزگەی خۆیان ووت ، تەنها (عورەوەی کوری زوبێر ) مابوو ، پاشان هەر سێکیان روویان لەو کرد و ووتیان : ئەی تۆ بۆ هیچت نەووت بێ دەنگیت هەلبژارد پێمان بلێ حەز دەکەیت ببیت بەچ لە دونیادا ..؟! (عورەوەی کوری زوبێر ) فەرمووی : (خوای گەورە ) بەرەکەت بکاتە ئەوەی کە داواتان کردووە لە دونیادا بەلام من ئەمەوێت ببم بە زانایەکی خزمەتکار لە شەریعەتی ئەم ئیسلام خزمەت بە ئایینی خوا بکەم ، وە خەلکی لێم وەربگرێت قورئان و سوننەت ، وە لە ژیانی دوا رۆژیش رەزامەندی (خوای گەورە ) ی لەسەر بێت لێم وەرگرێ پێی بچمە بەهەشتەوە ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : رۆژان هات و رۆژان رۆیشت ، (عبدالله کوری زوبێر ) بوو بە خەلیفەی موسلمانان لە دوای (یەزیدی کوری معاویەی کوری سوفیان ) وە هەموو ناوچەی وللاتی (حیجاز ) ولاتی (عێراق ) ولاتی (یەمەنی ) کەوتە ژێر دەسەلاتی بەلام دوای (حیجاجی کوری یوسفی سەقەفی ) کوشتی لە نزیك ئەو جێگایەی کە تێدا دانیشتبوون گفتو گۆیان دەکرد واتە نزیك روکنی یەمانی، هەروەها (موصعەبی کوری زوبێر ) لە لایەن (عبدالله کوری زوبێر)ی برایەوە دەکرێتە دەسەلاتدارو فەرمانرەوە لە ولاتی (عێراق ) بەلام ئەویش دەکوژێ ، هەروەها (عبدالمليك کوری مروان ) لە پاش مردنی باوکی هەموو مولکی خیلافەتی دەکەوێتە ژێر دەستی دەبێتە ئەمیری باوەرداران لە ولاتی (حیجاز ) و (عێراق ) و (شام ) کە بنکەی سەرەکی خیلافەتیەکەی لە ولاتی شام بووە...

ئینجا وەرن بابزانین کە شکۆمەندی یان پایەبەرزی و عیززەتی ئەم کەڵە پیاوە واتە (عورەوەی کوری زوبێر ) چیە ..؟!

ئەم پیاوە باکی (زوبێری کوری عەوام )بوو هاوەڵی بەرێزی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە ، ئەکەم کەس بووە شمشێری لە پێناوی خوا ڕاکیشا لە بەرانبەر کافران ، (زوبێری کوری عەوام ) عشر مبشرا بووە واتە یەکێك بووە لە دەکەسەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دونیادا موژدەی بەهەشتی پێداون ، دایکی (عورەوەی کوری زوبێر ) ناوی (ئەسمایە ) کچی (ابو بکر صدیقە ) — خوا لێیان رازی بێت — کەواتە : خوشکی دایکی ئیماندارانە (عائیشە ) — خوا لێ رازی بێت — کەواتە : پوری (عەروەی کوری زوبێر ) دایکی ئیمانداران (عائیشە) هاوسەری پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵێ ئەم پیاوە بە عیززەت و شکۆمەندە بۆ ئەوەی ئاواتەکەی خۆی بێتە دێ هەڵسا بەداواکردنی زانستی شەرعی بە شوێن هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵەو لە دەرەوەیان بۆ ئەوەی ئەم زانستە شەرعیەیان لێ وەر بگرێت چەندی فەرموودەیانی لێ وەر گرتووە وەکو (علی کوری ئەبی تالیب ) و (عبدالرحمن کوری عەوف ) و (زیدی کوری سابت ) و (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ) و (ئوسامەی کوری زید ) و (سعید کوری زید ) و (ئەبو هریرە ) و (عبداللە کوری عباس )- خوا لێ یان رازی بێت — وە هەروەها بەشێکی زۆریشی لە پووری وەرگرتووە کە (عائیشە دایکی ئیمانداران ) — خوا لێ رازی بێت - ئەم پیاوە تاوەکو یەکێك بووە لە حەوت زانایی شاری مەدینە ...

دەگێرنەوە دەڵێن : (عورەوەی کوری زوبێر ) بەردەوام مندڵەکانی ئاموژگاری دەکرد دەی فەرموو : کورەکانم فێری زانست بن هەوڵی بۆ بدەن چونکە ئەگەر چەند بچووك بن لە چاوی خەڵکی بەزانست ئەوا گەورە ئەبن ئایا چ شتێك لەوە ناشرین هەیە ، کە مرۆڤ گەورە بێت و نەزان و نەفام بێت ..؟!

## ٦-(طاوسی کوری کیسان )- ڕەحمەتی خوا لێ بێت-

ناوی تەواوی (ئەبو عبدالرحمن تاووسی کوری کیسان ) لە وڵاتی یەمەن لە دایك بووە ، لە سەردەمی خەلیفایەتی (عمری کوری خەتاب ) یەکێك بووە لە گەورە زانایانی فقهە و وەرگرتنی فەرموودە ، وە یەکێك بوو لە گەورە زانایان لە شوێنکەوتووان ، (تاووس ) لە موالیەکان بووە ، واتە : بەرەچلەك عەرەب نەبووە ، بەلکو لە نەتەوەی فارس بووە ، باب و باپیرانی لە هەمدان هاتوونەتە وڵاتی یەمەن ، ناوی (زکوان کوری کیسان ) بووە هەر لەبەر زۆر شارەزایی لە زانتسی شەرعی نازناوی (تاووس ) لێنراوە ، (تاووس) زۆرێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوای ﷺ بینیوە ، وە فەرموودەی لەو هاوەلە بەرێزانەوە وەرگرتووە : (زیدی کوری سابت ) و (دایکی ئیمانداران عائیشە ) و (ابو هریرە ) و (زید کوری ئەرقم ) و (عبداللەی کوری عباس ) و (عبدالله کوری عمر ) و (جابری کوری عبدالله ) و (سراقە کوری مالك ) و (عبدالله کوری زوبیر ) — خوا لێ یان رازی بێت - ..!! (تاووس ) لە وەرزی حەجدا لە موزدەلیفە لە سالی (١٠٦) کۆچی دا وەفاتی کردووە ...

دەگێرنەوە دەلێن : (تاووسی کوری کیسان ) — ڕەحمەتی خوا لێ بێت — لە سەردەمی والی یەمەن (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) کە دەکاتە برای (حجاجی کوری یوسفی سەقەفی ) ، ئەوی کردوو بووە والی یەمەن ، لە رۆژێکی ساردی زستاندا (تاووسی کوری کیسان ) لەگەل (وەهبی کوری مونەبیە ) چوونە سەردانی ..!! کاتێك هەر دووکیان لە خزمەت فەرمانرەوای یەمەن دانیشتن کە دەکاتە ( محمد کوری یوسفی سەقەفی ) ، (تاووسی کوری کیسان ) دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی والی یەمەن ، هانی دا بۆ چاکە ، وە دی ترسان سزاکانی (خوای گەورە) ، وە ئاگاداری دەکردەوە لەوەی کەوا ئەمانەتی خەلکی لەسەر شانە دەبێت بە چاکی ئەنجامی بدە ..!! پاشان پارێزگاکانی (حجابە ) ووت : کە (جوبەیەکی ) سەوزی شایستە ئامادە بکە وەبیدە بەسەر شانی (تاووسی کوری کیسان ) گەورە زانای تابعینەکان یان شوێنکەوتووان ، ئەویش خێرا (جوبەیەکی ) گران بەهای ئامادەکرد و ، دای بەسەر شانی (تاووس ) دا ، (تاووس )بەردەوام ئامۆژگاریەکانی دەدا بە گوێی دا و ، لە سەرخۆ شانی دەجوولاند هەتا (جووبەکە ) لە سەر شانی کەوتە خوارەوە ، ئینجا هەستایە سەر پێ و لێیدا رۆیشت ..!! -چونکە مەبەستی نەبوو (جووبەکە ) لە والی یەمەن وەربگرێت — ئەوە بوو فەرمانرەوا والی کە (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) بوو زۆر توورە بوو بەم هەلوێستەی (تاووس ) ، ئینجا والی چاوەکانی سوور هەلگەرا و دەم چاویشی سوور داگیرسا ..!! بەلام هیچی نە ووت : جا کاتێك کە (تاووس ) هاورێکەی چوونەدەرەوەی دانیشتنە کە (وەهب ) ووتی : بە (تاووس ) سوێند بەخوا ئێمە بێ باك بووین لە تورە بوونەکەی ، وە بە خەیالماندا نەدەهات ... ئەگەر تووشی بەلایەکیش ببووینایە ... بەلام تۆ چ زەرێکت دەکرد ، ئەگەر ئەو (جوبەیەت ) لێ وەر بگرتایەو ، پاشان بتفرۆشتیایەو ، پارەکەیت بکردایەت بە خێرو دابەست بکردایە بەسەر هەژاران و بێ دەرامەتەکاندا ..؟! ئینجا (تاووس ) ووتی : ئەمە ئە تۆی کەوا دەلێت: بەلام من بەراست من لەوە دەترسم کە زاناکانی تریش بەلێن ئێمەش شت لە والی و فەرمانرەواکان وەردەگرین ، چونکە هەروەك (تاووس ) وەردەگرێ ..؟!

پاشان (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) ئەم هەلوێستەی (تاووسی ) هەر لە دلی مابوو کە (جووبەکە)ی لێ وەرنەگرت ، ویستی بەردێك بە هاوێژێت لە ناو چاوی (تاووس )بدات ، واتە : روو بەرووی ببێتەوە بەو شێوەی کە ئەو روو بەرووی بوویەوە ، پیلانی دانا ویستی تەلەیەك لە تەلەکانی بۆ زانای گەورە (تاووس ) بنێتەوە ..!! پیاوێکی زیرەك و هۆشیار و فێلبازی لە پیاوەکانی خۆی دەست نیشان کرد و پێ ووت : برۆ لای (تاووس ) ئەو کیسە پارەیە ببە بۆی تاوەکو وەری بگرێت لێت ، بە هەر جۆرێك بێت یان هەر فێلێك بێت رازی دەکەی کە کیسە پارەکەت لێ وەر بگرێت ..!! جا ئەگەر پارەکەی وەرگرت ئەوا پاداشتێکی زۆرت دەکەم ..!! جل وبەرگێکی نایاب و جوانت بۆ دەکەم یان دەتکەم بە نزیکەکانی خۆم ..!! ئینجا پیاوەکە رۆیشت بە خۆی و بە کیسە پارەکە ، تا گەیشتە خزمەتی (تاووس ) لە گوندێکی نزیك شاری (صەنعای) یەمەن نیشتە جێ بوو ، پێ دەووترا (ئەلجەنەد) ..!! کاتێك گەیشتە خزمەتی (تاووس ) سلاو لێکرد ، ئەویش زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کرد ، ئینجا ووتی : ئەی زانایی گەورە (تاووس ) ئەم خەرجیە م واتە کیسە پارەیەم بۆ هێناوی لە لای جەنابی والی (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) ، ئەویش ووتی : من هیچ پێویستیەکەم پێ نیە ..!! پیاوەکە بە هەموو رێگاو فێلێك هەولیدەدا لێ وەر بگرێت ..!! بەلام ئەو هەر نەکۆلی لێ دەکرد کە وەری نەگرێت ..!! ئینجا پیاوەکە هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی بێ ئاگایی (تاووس)ی قۆستەوە ، کیسە پارەکەی هاویشتە پەنجەرەیەکی بچکۆلە کە بەتەنیشتی دیوارەکەوە بوو ..!! پاشان لێدا رۆیشت و گەرایەوە لای والی ووتی: ئەی فەرمانرەوا (تاووس ) کیسە پارەکەی وەرگرت..!! ئینجا (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) ئەمەی لە پیاوەکە بیست زۆر دلی پێ خۆش بوو ..!! پاشان چەند رۆژێك بەسەر ئەم رووداوە تێ پەری کرد ، دووکەسی لە پیاوەکانی خۆی ناردو رەوانەی لای زانای گەورە (تاووسی ) کرد ، ئەو پیاوەشیان لە گەل دابوو کە کیسە پارەکەی شاردەوە ..!! ئینجا ووتیان : بە (تاووس ) ئەو پارەیەی کە بۆ تۆ رەوانەکراوە ، فەرمانرەوا بە هەلە رەوانی کردووە دەیەوێت بۆی بگەرێنیتەوە چونکە ئەو پارەیە بۆ تۆ نەهاتبوو ..!! ئینجا ووتیان : وا ئێمە هاتووین لێت وەربگرێنەوە ..!! بۆ ئەوەی ببینەوە بۆ ئەو کەسی کە والی بۆ رەوانە کردووە ..!! (تاووس ) ووتی : من هیچ پارەیەکم لە سامانی والی یان (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) وەر نەگرتووە تاکو بۆی بگێرمەوە ..!! ئینجا ئەوانیش ووتیان : بەلێ . وەرت گرتووە ..!! (تاووس) چاوی بڕییە بەلای ئەو پیاوەی کە کیسە پارەکەی بۆ هێنابوو ، وە پێ ووت : ئایا من هیچ شتێکم لە تۆ وەرگرتووە ..؟! پیاوەکەش کە ئەوەی بیست تووشی ترس دلەڕاوکی بوو ، ووتی : نەخێ ... بەلکو پارەکەم لە پەنچەرە بچکۆلە کە داناوە لە کاتێکدا کە تۆ بێ ئاگا بووی لێ ..!! ئینجا (تاووس ) ووتی : دەی کە پەنچەرەکە سەیر بکەن ، ئەوانیش سەیری ناو پەنچەرەکەیان کرد ، کیسە پارەکەیان وەکو خۆی بینی یەوە کە جالجالۆکە دەورەیان دابوو ..!! ئینجا پارەکەیان هەلگرت و گێرایانەوە بۆ (محمدی کوری یوسفی سەقەفی ) ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : لە سەردەمی خەلیفەی موسڵمانان (هیشامی کوری عبدالمليك ) ئەمەوی ، زانای گەورە (تاووسی کوری کیسان ) کۆمەڵێك هەڵوێستی جوامێرانە و مەردانەی هەبوو بەرانبەری لەوانە رۆژێکیان (هیشام ) هات بۆ (کەعبەی پیرۆز ) بۆ جێ بەجێ کردنی فەریزەی حەج کردن ..!! جا کاتێك گەیشتە حەرەمەی مككە ، ووتی : بە پیاوە تایبەت مەندەکانی لە خەڵکی (مككە ) بگەرێن لە پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ بدۆزنەوە و بۆم بانگ بکەن ..!!ئەوانیش پێیان ووت : ئەی خەلیفەی موسڵمانان هاوەڵانی پێغەمبەری خوا هەموویان یەك لە دوای یەك کۆچی دواییان کردووە گەراینەوە بۆ خزمەتی پەروەردگاریان ..!! ئێمە بزانین یەك کەسیان لە یاندا نەماوە ..!! ئینجا (هیشام ) ووتی : دەی یەکێك لە شوێنکەوتووان بۆم بانگ بکەن ..!! جا ئەوانیش (تاووسی کوری کیسان) یان بانگ کردە خزمەتی ..!! کاتێك (تاووس ) چووە خزمەتی ، نەعلەکانی لە تەنیشتی فەرشەکەیدا داکەند ..!! سلاوی لێکرد بەبێ ئەوەی بە ووشەی (ئەمیری باوەرداران ) بانگی بکات ..!! وە دواندی و قسەی لەگەل کرد بەناوی خۆیەوە نەك بەنازناوەکەیەوە ..!! وە دانیشت پێش ئەوەی روخسەت بدرێت بەدانیشتن ..!! ئینجا ئەو هەڵوێستەی (تاووس ) بووە توورەبوونی (هیشام ) ئاگری توورەبوونەکەی هەڵگیرساند ، هەتاکو هەڵچوون و توورە بوونەکەی لە چاوانیدا بە دەرکەوت ..!! ئەوەش بەوەی کە ئەوش بەوەی ئەو بەو هەڵس و کەوتانەی خۆنواندنی بوو بەسەریدا ، وە هێنانە خوارەوە بوو لە شان و شکۆی لەبەردەم ئامادەبووانی کۆرەکەداو داروودەستەکانیداو پیاوەکانی ..!! بەلاّم زۆری نەخایاند کە ئەوەی بیرکەوتەوە کە ئەو لە مالی خودای بالاّدەستدایە ..!! بۆیە بە خۆیدا چوویەوە ووتی : بە (تاووس ) چی وای لێکردی ئەی (تاووس) کە ئەو هەڵس و کەوتانە ئەنجام بدەیت ..؟! ئەویش ووتی : ئەوانە چی یە ك کردوومن ..؟! (خەلیفە ) توورەبوو و هەڵچوونەکەی خواردەوە ووتی : نەعلەکانت لەسەر سوچی فەرشەکەم داکەند ..!! سلاوت لێ نەکردم بەناوی (ئەمیری باوەرداران )..!! وە بە ناوی خۆمەوە ناوت بردم ، وە بە نازناوەکەمە ناوت نەبردم..!! پاشان دانیشتیت بەبێ ئەوەی رووخسەت بدرێت لەلایەن منەوە ..!!

ئینجا (تاووس ) بەهێمنی وەلاّمی دایەوە ووتی : دەربارەی داکەندنی نەعلەکەم لەسەر سوچی فەرشەکەت ، من رۆژی پێنج جار لە نێوان دەستەکانی پەروەردگاری بالاّدەست دا دایان دەکەنم ..!! کەچی ئەو لۆمەی ناکات و ، لێشم توورە نابێ ..!! کەچی تۆ لێم توورە دبیت ..!! وە دەربارەی ئەو ووتەیەت گوایە بە ناوی (ئەمیری باوەرداران )ە وە سلاوم لێ نەکردووی ..!! چونکە هەموو ئیمانداران رازینین یە فەرمانرەوایی جەنابت ..!! جا ترسام لەوەی کە درۆزن بم لەوەدا ئەگەر بانگم بکردیتایە بە (ئەمیری باوەرداران ) ..!! وە دەربارەی ئەوەی کە بەناوی خۆتەوە بانگم کردوویت وە نازناوەکەتم بە کارنەهێناوە لە راستی دا ئەوەیە خودای بالاّدەست پێغەمبەرانی بەناوی خۆیان بانگ کردووە فەرموویەتی ( ئەی (یەحیا ) .. (ئەی موسی ) ..!! وە نەیارو دوژمنە کانی بە نازناو ناو هێناوە فەرموویەتی : قال تعالی: ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾ [المَسَد: ١] واتە: دەی (ئەبو لەهەب) تیاچێت و زەرەرمەندو خەسارەتمەند بێت و هەردوو دەستەکانی تیا بچن (وَتَبَّ) ئەمەی یەکەم دوعایەو ئەمەی دووەم هەواڵەو (ئەبو لەهەب) تیاچوو... وە دەربارەی ئەو ووتەیەت کە گوایە من دانیشتووم پێش ئەوەی تۆ رووخسەتم بدەیت ..!! بەراستی من لە ئەمیری باوەرداران (علی کوری ئەبو تالیب ) — خوا لێی رازی بێت — بیستوومە فەرموویەتی : ( ئەگەر ئەتەوێت کە بڕوانیت بۆ پیاوێك لە خەڵکی دۆزەخ ، بروانە بۆ پیاوێك خۆی دانیشتووە ، وە بەدەوریدا و لە نێوان دوو دەستیدا کۆمەڵێك دەستەو نەزەر یان دەست پێوەندەکانی بە پێوە وەستاون ). جا منیش پێم ناخۆش بوو تۆ ئەو پیاوە بیت کە لە ئەهلی دۆزەخ ..!! کە (هیشام ) گوێبیستی ئەوە بوو ، لە شەرمەزاریدا رووی لەزەوی کردو ..!! دوایی سەری بەرزکردەوە ووتی : ئامۆژگاریم بکە (ئەی با عبدالرحمن ) واتە (تاووس ) ..؟!

## نموونەی شکۆمەندی و عێززەتی پێشەوایانی  ئوممەتی ئیسلام

### ١-پێشەوا (ابو حەنیفەی کوری نعمان ) — رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت —

ئەم پێشەوایە لە شاری کوفە لە سالی (٨٠) کۆچی لە دایك بووە ، هەورەها دەلێن بە رەچەلك لە نەوەی فارسە ئازادەکانە ، باب و باپیری لە سەردەمی فتوحاتی (عمری کوری خەتاب )، کۆچیان کردووە بۆ شاری کوفە ، لە سەردەمی خەلیفە (عبدالمیك کوری مروان ) لە سالی (٨٠) کۆچی لە دایك بووە ، دەگێرنەوە دەلێن : پێشەوا (ابو حەنیفە ) هاوەلیٚ بەرێزی پێغەمبەری خوا ﷺ (ئەنسی کوری مالیکی ) — خوا لیٚ رازی بیٚت بینیوە ..!! پێشەوا (ابو حەنیفە ) لەو سەردەمە پێگەیشت و ناو بانگ و پلەو پایە و رێزێچکی زۆری لە نێو خەلکدا دەستەبەر کرد هەتا ئەگا بەم سەردەمەی ئێمەش هەر بەردەوامە ..!! ئەو پێشەوایە زانستی شەرعی لە ( **عطاء کوری رباح** ) وەر گرتووە ئەو مامۆسایی بووە کە لە پێشدا باسمان کرد ، وە قوتابی (حماد کوری سلیمان ) بووە ، (ابو حەنیفە ) نازناوی شەرعی لە لای زانایان ئەمەی پی دە ووترا (**الامام الاعظم** ) **واتە** : پێشەوایی گەورە ...

### چەند ئامۆژگاریەکی  پێشەوا( أبو حەنیفە  )  بۆ قوتابیەکانی لە بەرانبەر دەسەلاتداران  :

- رێز لە دەسەلاتدار بگرە و شوێنەکەی بە گەورە بزانە..!!

-کاتێك لای دەسەلاتدارێکی خۆت بپارێزە لە درۆکردن..!!

- لە هەموو کات و بارو دۆخێکدا سەردانی مەکە، مادەم بۆ پێویستەیەکی زانستی بانگت نەکات ، چونکە ئەگەر لە بیرو ڕا دا جیاوازی بوو لەگەلی بە کەمت سەیر دەکات و سووك ئەبیت لەبەر چاوی ، خۆت وا بێنە بەرچاو کە لەنزیك ئاگری ، سوودی لیٚ ببینەو دوور کەوە لیٚ ، نزیك مەبەرەوە چونکە زیانت پی دەگات ، لەبەر ئەوەی سولتان و فەرمانرەواو دەسەلاتدار وەکو قازانج و سوود ئەتبینێت ..!!

-خۆت بپارێزە لە زۆر قسە کردن لە گەلی دا ، چونکە بە هۆی زۆری قسەی خۆتەوە هەلە ئەکەی ئەتکاتە بەلگە لەسەر نەزانینی تۆ ، واتە دەسەلاتدار لەلای دەست پێوەندەکانی بە کەسێکی نەزانات دادەنیٚ ، بەمەش لەبەر چاوی خەلکی سووکت ئەکا  ..!!

-وەها بچۆ لای کە رێزی تۆ رێزی کەسانی دیکەش بزانیٚ ..!!

-کاتێك زانایەك یان کەسێکی تری لەلایەو تۆ نایناسی سەردانی دەسەلاتدار مەکە ، چونکە ئەگەر تۆ لە ئەو  لەلای دەسەلاتدار نزیکترو بارودۆخت باشتر بوو ، ئەوا لەوانەیە ببێتە هۆکاری ئیرەیی و لەبەر چاوی دەسەلاتدار کەم دەبیت ..!!

-ئەگەر ئیشێکی پیٚ سپاردی یەکسەر لیٚ وەرمەگرە ، پێش ئەوەی بزانی کە دەسەلاتدار لە تۆ لە بیرو ڕا کانت رازیە ، تاکو پێویستی نەکات رێبازی جگە لە تۆ لە چارسەری کێشەکاندا هەلبژێرێت ..!!

-سەردانی پشت پەناو پاسەوان و دارو دەستەکەی دەسەلاتدار مەکە ، بەلکو تەنها لە دەسەلاتدار نزیك بەرەوە لە دارو دەستەکەی دوورکەرەوە ، تاوەکو پلە و پایەی رێزو شکۆت هەمیشە بە بەرزی بمێنێتەوە ..!!

بەڵێ (ابو حەنیفە ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – زانایاکی ئەوها گەورە مەزن کە چیاك بووە لە خۆڕاگری تێ کۆشان لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی ئایینەکەی (خوای گەورە ) بەرانبەر دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی ، هەر بۆیە هەندێك لەو ناخۆشی تاقی کردنەوانەی (ابو حەنیفە ) باس دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئێمەو نەوەکانمان بۆئەوەی لە سەر ڕێچکەی ئەم پیاوە شکۆمەندە بڕۆین.!

دەگێرنەوە دەڵێن : لە سالی (١٢٧)کۆچی لەسەردەمی خەلیفە (مروان کوری محمدی ئەمەوی ) لەو سەردەمە لە ڕێ دەرچووەکان (الخوارج ) شاری کوفەیان داگیر کرد ، بە سەرۆکایەتی (**ضحاك کوری قیس الشیباني** ) ، ئەوە بوو (**ضحاك**) و کۆمەڵێك لە هاوەڵانی چوونە لای (ابو حەنیفە ) دوایان لێ کرد کە تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە ، پێشەواش فەرمووی : لە چی تەوبە بکەم و لە چی پەشیمان ببمەوە ..؟! دووبارە فەرمانیان پێکرد کە تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە ، ئەویش بە هەمان شێوە وەڵامی دانەوە ، ئەوانیش ووتیان : بە ڕەزامەند بوونت لە دادوەری کردنی نێوان (علی کوری ئەبی تالیب ) و (معاویەی کوری سوفیان ) – خوا لێ یان ڕازی بێت - پێشەوا فەرمووی : لەم بارەیەوە گفتوگۆم لەگەل ئەگەیت ..؟! ووتیان : بەڵێ . پێشەوا ووتی : ئەگەر جیاوازی بیرو ڕا مان هەبوو کێ دەبێتە دادوەر لە نێوانماندا ..؟! ووتیان : فلان کەس ، پێشەواش فەرمووی : ئایا ڕازیت ببێتە دادوەر لە نێوانمان ..؟! ئەویش ووتی : بەڵێ . ئینجا پێشەوا بە (**ضحاك**)ی فەرموو : ئەوا ڕازی بوو بە دادوەی کردنەکە ، ئینجا وازیان لێهێنا ..!!

دەگێرنەوە دەڵێن : لە سالی (١٣٠) کۆچی دا پێشەوا تەمەنی (٥٠) ساڵ بوو ، دەسەڵاتدار و والی شاری کوفە (عمری کور هەبیرە )بوو ، لە سەردەمی خەلیفایەتی ئەمەویەکان ، لە وکاتەدا بەڵاو ناخۆشی فیتنە لە عێراق سەری هەڵدەدا ، زاناکانی ئەو سەردەم لە مالی (عمری کوری هەبیرە ) کۆبوونەوە و بە هەر یەکێکیان کارێکی پێ سپارد ، ئینجا ناردی بە دوای پێشەوا (ابو حەنیفە ) ئەویست مۆرەکەی بداتە دەست ، بەهۆیەوە هەموو نووسراوی فەرمانێکی تازە دەچوو ، وە ڕاکێشانی هەر مالێك یان دراوێك تەنها ئەوکەتە ژێر دەستی پێشەوا (ابو حەنیفە ) چونکە تەنها بە پێشەوا (ابو حەنیفە ) جێ بەجی دەبوو ، هەر بۆیە پێشەوا (ابو حەنیفە ) ڕازی نەبوو مۆرەکە بدات بەدەستی (عمری کوری هەبیرە ) کە والی کۆفە بوو ، ئەویش سوێندی خوارد ئەگەر مۆرەکەی وەرنەگرێت سزای بدات ..!! زانایانیش بە پێشەوا (ابو حەنیفە)یان ووت : سوێندت ئەدەین بەخوا خۆت بەهیلاك ئەدەی ..؟! ئێمە برای تۆین، چونکە هەموو ئەمانەمان پێ ناخۆشە ڕێگەی دەرباز بوونیشت نابینین ..!! پێشەوا (ابو حەنیفە ) فەرمووی : ئەگەر بیەوێت دەرگای مەزگەوتی واستی بۆ ئامادە بکەم و بکەمەوە فەرمووی : بۆی ناکەم ..!! ئەوا چۆن داوا لە من ئەکات نووسراوی فەرمانێك مۆربکەم کە تیایدا ڕژانی خوێنی مرۆڤێك بە حەلال یان بە ڕەوا دابنێت ..؟! ئەوە بوو پاسەوانەکانی (عمری کوری هەبیرە ) لە سەر ئەم هەلوێست و شکۆمەندیەی پێشەوا (ابو حەنیفە ) ئەوە بوو بەندیان کرد و ئازاریان دا سەد قامچیان لێدا ، بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان ماوەیەوە لە سەر ئەم هەلوێستە جوامێرانەی ..!! هەر بۆیە پێشەوا (ابو حەنیفە ) لە هەموو ئەمانە خۆڕاگر و بێ دەنگ بوو سکاڵای بارو دۆخی نە ئەکرد ، شوێنەواری لێدانەکە لەسەر دەم وچاوی مایەوە دەرکەوت زۆر غەمبار بوو ئەترسا لەوەی دایکی ببیبنێ و بە هۆیەوە ئازار بچێژی ..!! داوی ئەوەی دایکی ئەمەی بینی پێ ووت : ئەو زانستە ئەمەی بەسەر تۆ دا هێنا باشتروایە وازی لێ بهێنی ، ئەویش بە دایکی فەرموو : ئەگەر زانستەکەم لە پێناوی دونیادا بێت ، ئەوا دونیام بە دەست هێنا ، بەڵام ویستم بزانی من زانستم لە پیس بوون و فەوتان پاراستووە و خۆم تووشی ئەزیەت و ئازار کردووە ..!! خۆشەویستانم شکۆمەندی و جوامێری پێشەوایانی ئوممەت بەجۆرە بووە لە ژیانی دونیادا سزاو ئازاریان چەشتووە ،بەلام لە ژیانی دوا ڕۆژ خۆیان پاراستووە لە ئاگری دۆزەخ ،دەبا ئێمەش بۆ بەدەست هێنانی شکۆمەندی لە سەر ڕێچکەو ڕێبازی ئەم کەلە پیاوانە بڕۆین ...

## ٢-پێشەوا (مالیکی کوری ئەنەس ) –رەحمەتی خوای لیٚ بێت –

پێشەوا (مالیك ) لەسالی (٩٣) کۆچی لەدایك بووە بە دووەم لە چوار پێشەوایەکە دادەنرێت ، ئەم پێشەوایە پێشەوای شاری مەدینە بوو ، پێشەوا (فقهاء السبعه )واتە : لە حەوت شارەزاکانی شاری مەدینە بووە ، پێشەوا نزیکەی (٧٠) ساڵ ژیاوە ، لە سەردەی خەلیفە (ولید کوری عبدالمليك ) ئەمەویی لە دایك بووە ، لە سەردەمی (هارون رەشید ) عەباسیەکان کۆچی دوایی کردووە ، واتە : پێشەوا (مالیك ) هەردوو فەرمانرەوایەتی ئەمەویەکان و عەباسیەکانی بینیوە ..!!

### چەند ئامۆژگاری یەکی پێشەوا (مالیك ) بۆ زانایان و دەسەڵاتداران :

پێشەوا (مالیك ) دەی فەرموو : زانا بۆیە سەردانی دەسەڵاتداران ئەکات تاوەکو رێگای راستیان پیٚ نیشان بدەن ، رێگە بگرن نەهێلن خراپە بکەن ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : پێشەوا (مالیك ) رۆژێکیان سەردانی خەلیفە (هارون رەشید) ئەکات ، ئامۆژگاری دەکات بیری دەهێنێتەوەلەوەی کە (عمری کوری خەتاب ) – خوا لیٚ رازی بێت – لە کاتی گرانییەکەدا بە خۆی فووی لە ئاگر ئەکرد، پاشان دەی فەرموو: ( خوای گەروە کاتێك لە ئێوە رازییە کە ئەو کردەوەیە ناپەسەندانە نەکەن )..!!

دەرگێرنەوە دەلێن : پێشەوا (مالیك ) رۆژێکیان یەکێك لە دەسەڵاتدارەکانی کردو پێی فەرموو: ( ئاگاداری کاروباری خەلك بەو لە بیریان مەکە ، چونکە تۆ بەر پرس و لێپرسراوی ئەوانی ، لەبەر ئەوەی (عمری کوری خەتاب ) – خوا لیٚ رازی بێت – فەرموویەتی : سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر ووشترێك لە دەو ئاوی فورات بمرێت ، ئەوا بروام وایە (خوای گەورە ) لە بارەی ئەمەوە لە رۆژی دواییدا پرسیارم لیٚ ئەکات )) ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : پێشەوا (مالیك ) لە لای دەسەڵاتدایك بوو ، یەکیٚ لە ئامادەبووان مەدح ستایشی سەنایی دەسەڵاتدارەکەی کرد ، ئینجا پێشەواش بە دەسەڵاتدارەکەی فەرمووی : ئاگادار بە لەوەی لە خۆت بایی نەبیی بەهۆی ستایش مەدح و سەنا کردنی ئەم خەلکانە بۆ تۆ ..!! چونکە ئەو کەسەی ستایشت ئەکات و باسی چاکەیەکت ئەکات کە نەتکردووە..!! نزیکە باسی خراپەیەك بکات لە تۆ کە تۆ ئەم خراپەیەت نەکردووە ..!! لە خوا بترسە و تەقوای (خوای گەورە ) بکە لەبەر دوا رۆژت ، خۆت بپارێزە لە پیاهەلدانی خەلکی بۆ تۆ ..!! وە لە هیچ کەسێك رازی مەبە لەوەی بەرەو روو مەدح ستایش سەنات بکەن ..!! چونکە تۆ لە بارەی خۆتەوە شارەزاتری لە ئەوان ..!! چونکە پێیان راگەیاندووم پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ مەدح و ستایشی ئەکات ، ئەویش فەرمووی : پشت یاخود ملتان شکاند ، ئەگەر کوێی لێبگرتایە ئەوا سەرفراز نەئەبوو ، وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : خۆل بکەن بە چاوی ئەوانەی بەرەو روو مەدح و ستایشتان ئەکەن )..!!

هەر بۆیە پێشەوا (مالیك ) لە ووتنی قسەی ڕاست و حەق دا ئازاو چاو نەترس و بە هیبەت شکۆمەند بوو لە بارەی ئەم ئیسلامە..!!

دەگێرنەوە دەڵێن: پێشەوا (مالیك ) جارێکیان خەلیفە (هارون رەشید ) قەدەغەی پێشەوا دەکات لەوەی فەرموودەیەکی دیاریکراو بۆ خەڵکی باس بکات ، ئەویش ڕازی نابێت بە فەرمانەکەی (هارون رەشید ) و فەرمانەکەی پشت کوێ ئەخات و ئەم ئایەتەی (خوای گەورە ) ئەوخوێنێتەوە ، قال تعالی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩﴾ [البَقَرَة: ١٥٩] واتە : {سزای شاردنەوەی دین} [ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ ] ئەو كەسانەی كە ئەو شتە ڕوون و ئاشكراو هیدایەتەی كە ئێمە ناردوومانە دەیشارنەوە دوای ئەوەی كە لە كتابەكاندا ئێمە ئاشكرامان كردووە واتە: مەبەست پێی جوولەكەو گاورە وە لە كتابەكانی ئەواندا باسی هاتنی پێغەمبەری خوا كراوە صلى الله عليه وسلم بە ئاشكرا ئەوانیش ئەیشارنەوە وە بە خەڵكی ناڵێن [ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ (١٥٩) ] ئەوانە خوای گەورە نەفرەتیان لێ ئەكات وە هەموو نەفرەتكاران لە فریشتەو جنی و مەلائیكەت و ماسی و نەهەنگەكان و مێرووڵەكان هەموو نەفرەتكارێ نەفرەتیان لێ ئەكات..!!

دەگێرنەوە دەڵێن : پێشەوا (مالیك ) ڕێزی زانستی شەرعی زۆر دەگرت لە بێ ڕێزی ئەی پاراست ، ڕۆژێکیان (هارون رەشید ) بانگی دەکات و بە شوێنیدا ئەنێرێ و ئەڵێت : ئەی (باوکی عبداللە ) پێویستە سەردانمان بکەیت و پەرتووکی **(الموطا)** بۆ منداڵەکانم بخوێنیتەو، پێشەواش وەڵامی دایەوە فەرمووی : خوا پایە دارت بکات ئەی ئەمیری ئیمانداران ، ئەم زانستە لە ئێوەوە هاتووە ، ئینجا ئەگەر ئێوە ڕێزی لێبگرن و بەگەورەیی سەیر بکەن ئەوا (گەورە و شکۆمەندو ڕێزدار ) ئەبێت ، بەڵام ئەگەر ئێوە بێ ڕێزی و نواند لە بەرانبەر ئەوا لە بەرامبەر خەڵکیش (بێ ڕێزو بچووك ) ئەبێت ، (هارون رەشید )یش پێ ووت : ڕاست ئەکەیت ، پاشان بە منداڵەکانی ووت : بڕۆنە مەزگەوت تاوەکو لە گەڵ خەڵکی فێرە زانست بن ، پێشەوا (مالیك )یش فەرمووی : بە مەرجی ئەوەی کە هاتنە مەزگەوت لە کوێ ڕێزی خەڵك کۆتایی پێهاتبوو ئیوەش لەوی دابنیشن و بەسەر خەڵکیدا هەنگاو مەنێن و نەچنە ڕیزەکانی پێشەوا ئینجا (هارون رەشید ) بەمە ڕازی بوو ..!!

## ٣-پێشەوا شافعی (محمدی کوری ئیدریسی شافعی ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت –

پێشەوا (شافعی ) لە سێیەم پێشەواکەیە لە چوار پێشەواکەی زانستی شەرعی ، پێشەوا لە شاری (غەزەی ) ولاتی فەلەستین لە دایك بووە لە سالی (١٥٠ ) کۆچی دا ، لە بنەمالەیەکی هەژارو نەدار لە دایك بووە ، هەر بە هەژاریش شکۆمەند و پایەدار بووە...

هەربۆیە لەبەر هەژاری نەداری دا ، دایك و باوکی پێشەوا (شافعی ) لەبەر هەژاری کەم دەرامەتی لە شاری مککە کۆچیان کرد بۆ شاری غەزەو عەسقەلان لە ولاتی شام فەلەستین ، ئەوەبوو پاش ماوەیەك پێشەوا (شافعی ) لە دایك دەبێت ، پاشان باوکی وەفات دەکات ئەم منداله بە هەتیوی دەمێنێتەوە ، بە دایکی بە خێوکردنی منداله کەی دەکەوێتە سەرشانی بەم هەژاری و کەم دەرامەتیە، ئیتر چارەنووسی پێشەوا (شافعی ) کەوتە دەست دایکی ، بەلاَم چ دایکێکی نەجیب زادە و خانەدان و بە وقارو ، ژنێکی جەندی بلێ بەرێزو شکۆدارو پایە بەرز ، هەر بۆیە ئەگەر دایکێك ژیرو عاقل هۆشمەندو بێت ئەوا هۆکاری خۆشبەختی و کامەرانی بۆ مندالەکاکەی مسۆگەر ئەکات ، بەلاَم ئەگەر وەها نەبوو ئەوا دەبێتە مال وێرانی مندالەکەی تووشی خراپە و داهاتوویەکی نارۆشن بۆ دەستە بەر دەکات ، هەر واشە دایك پێشەنگ بۆ مندالەکەی بۆ ئەوەی چارەنووسی رۆشن بکات ، بەلاَم لەبەر شەنسی پێشەوا (شافعی ) دایکی یەکێك بوو لە و دایکانە ی کە ژیرو عاقل و هۆشمەندوە نەجیب زادە شکۆدار و لە تێکۆشەرە باشەو چاکە کان بووە ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێکیان دایکی پێشەوا (شافعی ) لەگەل ژنێك و پیاوێکی دیکە بۆ شایەتی دان بانگ ئەکرێن لە لای قازی یان دادوەر ..!! جا لەو کاتە دا قازیەکە دەیەوێت هەر دوو ژنەکە لێك جیا بکاتەوە بە جیا گەواهییەکەیان لێ وەر بگریێت ، بۆیە دایکی پێشەوا (شافعی ) بە قازی دەلێت : بەم شێوەیە نابێت مەگەر خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا نەی فەرمووە : قال تعالى:

﴿وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰ﴾ [البَقَرَة: ٢٨٢] واتە: [ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ ] وە با دوو پیاوی دادپەروەرو موسڵمانیش شایەت بن لەسەر ئەو نووسینە، کە بەگوێرەی ئەم ئایەتە بوونی شایەت واجبە [ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ ] وەئەگەر دوو پیاو نەبوو یان دوو پیاوتان دەست نەکەوت بۆ شایەت با پیاوێك و دوو ئافرەت شایەت بن [ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ ] لەو کەسانەی کە خۆتان لێیان ڕازین لە شایەتەکان بە عەدالەت و دادپەروەری و دینیان ڕازین [ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا ] نەوەکو ئەو دوو ئافرەتە یەکێکیان لەبیری بچێتەوە، لەبەر ئەوەی ئافرەتان زیاتر تووشی لەبیر چوونەوە دەبن لە پیاوان لەبەر ئەو خوێنەی لێیان دەڕوات لە سوڕی مانگانە و زەیستانی کە ئێستاش زانست ئەو شتەی دەرخستووە [ فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى ] کە ئەگەر کەسێکیان بڕگەیەك شتێکی لەبیرچوو با ئەوەی تر بیری بخاتەوە...

ئینجا قازیەکە لە سەر ڕای دایکی پێشەوا (شافعی ) ڕازی بوو ، ئەمەش بە هەلێنجانێکی بە هێز دانا و بە بەلگەش دانا لەسەر زانایی و شارەزایی هەبوونی بە قورئانی پیرۆز ، زانستەکەشی هۆکارێك بوو لە پەروەردەکردنی منالەکەی بە پەروەدەیەکی تەندروست و رێك و پێك ، کە بە هۆیەوە پێشەوا (شافعی ) کوری بووە بە ئەستێرەی زانایان وە پایە بەزی گەورەی زانایان شکۆدار بە بەر چاوی ئومەتی موسلمانان دا ، کە ئەستێرەیەکی درەوشاوەیەی لێ دەرچووە ، کە هەموو ئوممەتی ئیسلام شانازی بەم زانا بەرێزە دکات ...

بەلێ پێشەوا (شافعی ) یەکێك لە سیفەتە هەر جوانەکانی ئەوە بوو کە سەخاوەتییەکی بێ وێنەی هەبوو ، جا هەر چەندە زۆربەی ژیانی بە هەژاری و دەست کورتی بەرێکرد ، بەرادیەك کات هەبووە خۆراکی شەوێکی لە لای خۆی شك نە ئەبرد ، بەلاّم هەر کاتێك برە پارەیەکی پێ بگەیشتایە ئەوا بە ڕاست و بەچەپ دا بە سەر هەژارانی دابەش دەکرد و دەبەخشی بە کەم دەرامەتەکان ...

دەگێرنەوە دەلێن : خاوەن سەخاوەتمان بیستووە و هەندێکیش لە دەوروبەر خۆماندا هەبووە ، بەلاّم وەك پێشەوا (شافعی )مان نەدیوە.

دەگێرنەوە دەلێن : جارێکیان پێشەوا (شافعی ) لە وڵاتی یەمەن هاتەوە بیست هەزار دیرهەمیشی پێ بوو ، هەر لە دەورەوی شاری مککە چادرەکەی هەلّ داو ، لە جێ خۆی هەلّ نەستا هەتا هەموو پارەکەی بەسەر خەلکی هەژار بە خشییەوە ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : جارێکیان پێشەوا (شافعی ) ویستی بچێت بۆ شاری مککە وە هەندێ پارەشی پێ بوو ، پێم ووت : خۆزگە پارچە زەویەکت یان مولکێکت بۆ مندالە کانت بکریایە ، چونکە لە بەر بەخشندەیی و نەرم و نیانی سەخاوەتی هیچ پارەی لە دەست دا نەدەمایەوە ، ئەویش ڕۆیشت پاشان گەرایەوە منیش پرسیارم لێ کرد پارچە زەوی نەکری ، ئەویش فەرمووی : لە شاری مککەدا پارچە زەوی یان مولکێکم نەبینی بتوانم بی کرم ..!! بەلاّم لە مینا چادرێکی گەورەم بۆ هاوەلانمان هەلداوە ، تا کە حەجیان هاتن بچنە ژێری بۆ ئەوەی بحەسێنەوە ..!! ئینجا کە بینی من وا زۆر بایەخ بەو دەدەم لە خەمی ئەودام لەپاشان ئەم پارچە شعرەی فەرموو:

إذا اصبحتُ عندي قوت يومي ......................... فخلَّ الهمَّ عني يا سعيدُ

ولا تخطر هموم غدٍ ببالي .......................... فإن غدا له رزق جديد

أُسلم إن أراد الله أمرا ............................ وأترك ما أريد لما يريد

واتە: دەری دەبری کە ئەگەر خۆراکی ئەمرۆی هەبێ پێویستی بە خەفەت ناکات ، چونکە بەیانی رزقی نوێ بۆی دێت و ،وا چاکە هەموو کارو بارێك بدرێتە دەست (خوای گەورە ) ...

لە (رەبیعی کوری سلیمان ) دەگێرێتەوە دەلێت : پێشەوا (شافعی ) فەرمووی : ئەی (رەبیع ) رازی کردنی خەلك کارێکە هەر گیز پێی ناگەی وەیان پێت ناکرێ ، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کە بۆت چاکە ئەنجامی بدە ، چونکە رازی ناکرێن ، ئەوەش بزانە هەرکەس فێری قورئان بوو لەبەری چاوی خەلکدا پایە بەرز و شکۆمەند دەبێت و، هەر کەس فێری فەرموودە بوو بەلگەی بەهێز دەبێت و، هەر کەسیش فێری (نحو) بوو سامی یان هەیبەتی دەبێت و ، هەر کەسیش فێری عەرەبی بوو سروشتی ناسك دەبێت و ، هەر کەسیش فێری ژمارە بوو ڕای بەهێز دەبێت و ، هەر کەسیش فێری فقهە بوو رێزی زیاد دەبێت و ، هەر کە سیش خۆی نەپارێزێ زانستەکەی بە کەلکی نایەت و ، ئەمەش هەر هەمووی بەستراوە بە تەقواوە ...

پێشەوا دەفەرمووی : تۆ ناتوانی هەر هەموو خەلکی رازیی بکەی ، کەواتە نێوان خۆت و نێوان خوا چاکە بکە ، پاشان باکت بە خەلکی نەبێت ..!!

پێشەوا دەفەرمووی : نموونەی چاکە کردن سێ شتە : سەخاوەت بووە لە کاتی دەست کورتیی دا ، وەرەع لە کاتی تەنیایی دا ، ووتنی ووشەی (حەق) لە بەردەم کەسێکی خاوەن دەسەلاّتدار ...

## ٤-پێشەوا (أحمد کوری حنبل ) – ڕەحمەتی خوا لێ بێت –

پێشەوا (احمد ) لە سالیٚ (١٦٤) کۆچی دا لە دیك بوو لە شاری بەغداد ، پێشەوا بە هەتیوی گەورە بوو دایکی کە ناوی (صیفە ) بوو هەموو ژیانی خۆی بەخشی بە کورە تاقانەکە ، پێشەوا لەتەمەنی (١٤) سالیدا هەموو قورئانی پیرۆزی لە بەرکرد بوو ، پێشەوا ئەم شوێنانەی کردووە بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی وەکو مککە و مەدینە و ولاٚتی شام و ولاٚتی یەمەن وە شاری کوفە و بەسرە ، بەلیٚ پێشەوا (احمد کوری حنبل ) پاش ماندوو بوونێکی زۆرو شەونخونیەکی کەم وێنە توانای ئەوەی پەیدا کرد کە بتوانێت دابنیشێت کۆری زانستی پەرە پیٚ بدە لە دانیشتەنەکانی بۆ خەلکی قوتابیەکانی و ئەوانەی بە دوای زانستی شەعیەوە بوون ، هەر بۆیە هەولی دەدا فێرخوازەکان لە زانستەکەی بەهرەمەند بکات ، بە شێوەیە لە تەمەنی چل سالی دا لە یەکێك لە مەزگەوتەکانی بەغداد کۆری زانستی دەگێرا ووتاری بۆ خەلکی دەدا ، دەگێرنەوە دەلێن ژمارەی ئەو کەسانەی لە کۆرە کەی دادەنیشتن بە نزیکە (پێنج هەزار ) کەس دەبوون ، لە شوێنی جیا جیا ئەهاتن ، هەبوو بۆ فێرو بوون هاتبوو ، هەیان بوو تەنها بۆ ئاموژگاری وەرگرتن هات بوو ، هەشبوو بۆ ئەوە هاتبوو تەنها چاوی بە پێشەوا (احمدی کوری حنبل ) بکەوێت ، هەشبوو بۆ ئەوە هاتبوو چاو لە ئاکارو فتارو ڕەوشتە بەرزکانی پێشەوا بکات ، بۆ ئەوەی بەم هۆیەوە ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە ...

پێشەوا (شافعی ) دەلێت : لە بەغداد گەنجێم بینی ئەگەر ووتبای پێیان راگەیاندووین و فەرموودەی باس کردبایە هەموو خەلك ئەویان ووت : ڕاست دەکەیت ، (مزنی ) بە پێشەوا (شافعی ) ووتی : ئەم گەنجە کیٚ بوو..؟ئەویش ووتی:(احمدی کوری حنبل) بوو.

دەگێرنەوە دەلێن : لەسەردەمی خەلیفە (مەئمون ) وەزیرێك هەبوو بەناوی ( احمدی کوری ئەبو داود ) وەزیری ڕاوێژکاری خەلیفە بوو ، ئاگری بەلایەکی هەلکرد ئەویش بە خۆی (معتزلە ) بوو ، ئەم بەلایە ئەمەبوو کە دەیان ووت : قورئانی پیرۆز دروست کراوە ، هەر بۆیە خەلیفە بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەم بریارەی جیٚ بەجیٚ کرد ، بەلاٚم پێشەوا (احمدی کوری حنبل ) ڕەتی کردەوە کە قورئان دروست کراوە ، هەندێك لە زاناکان چوونە ژێر باری ئەم بریارەی خەلیفە ، چونکە لە هێزو ستەمەکەی ترسان ملکەچی خۆیان ڕاگەیان بەم بریارە نارەوایە ، تەنها پێشەوا (احمد ) نەبێت ئەویش بەرپەرچی دایەوە لەوەی بلێت : قورئان دروستکراوە ، بەلاٚم ئەو ووتی : قورئانی پیرۆز فەرموودەی (خوای گەورە ) یە و فەرموودەش ڕەفتارێکە (صفە ) یێکە لە ڕەفتارە (صفە) کانی (خوای گەورە ) ، وە (خوای گەورە ) و پاك و بێگەردیش کۆنە (قدیم ) ە نەسەرتاو نەکۆتایی هەیە ، کەوا بوو ڕەفتارو سیفەکانیشی بەهەمان شێوە کۆن و بیٚ سەرتان ... ئیتر ئەوە بوو خەلیفە (مئمون ) مرد خەلیفە (معتصم ) بووە بە خەلیفە ، پاشان پێشەوا (احمد کوری حنبل ) هێنایە لای خەلیفە (معتصم ) ئەویش گفتو گۆی لەگەل کرد ، بەلاٚم لەبەر ئەوەی (معتصم ) لووت بەرزانە هەلس و کەوتوو لەگەل کرد و دەی ویست بە زۆر بیرو ڕاکەی بەسە ربسە پێنیٚ ، بەلاٚم پێشەوا ڕازی نەبوو لەوەی بلێت : قورئان دروست کراوە ، بۆیە (معتصم ) هەرەشەی لێکرد ، بەلاٚم پێشەوا سوور بوو لە سەر هەلوێستەکەی خۆی ، ئینجا دەستیا کرد بە ئازاردن و لێدانێکی زۆر بە قامچی تاوەکو لە هۆش خۆی چوو ، تەنها لە پێناوی ئەوەی کە پەشیمان بێتەوە ملکەچی بریارەکانی خەلیفە (معتصم ) بێت ، بەلاٚم پێشەوا بەردەوام بوو لەسەر هەلوێستەکەی ، ئینجا بەندیان کر هەر دەیان نارد بە دوایی لە بەندیخانە بۆ ئەوەی پەشیمان بێتەوە ، بەلاٚم پێشەوا بەردەوام بوو هەر ڕازی نەبوو و بە جێگیری و دامەزراوی لە سەر هەلوێستە جومێرانەکەی خۆی مایەوە ، هەر بۆیە بۆ ماوەی دوو سال و نیو بەندکرا ، ئەمەش شکۆمەندی چاونەترسی (احمدی کوری حنبل ) – ڕەحمەتی خوا لیٚ بێت -

## ٥-ئیمامی (البخاری ) – ڕەحمەتی خوا لێ بێت –

بوخاری ناوی تەواوی (ئە بو عبدالله محمدی کوری إسماعیل کوری إبراهیم ) ، بوخاری خەلکی شاری بوخارایە کە گەورەترین شاری بەناوبانگی وەلاتی پشت ڕووبارەکەیە مەبەستی لە روباری (جەیحونە ) ، هەروەها بوخارا ئێستا دەکەوێتە وەلاتی ئۆزبەکستانەوە ، لە سالیّ (٩٠) کۆچی دا ئیسلام چووە ئەم وەلاتەوە ، ئیمامی بوخاری خاوەنی پەرتووکی صحیحی بوخاریە ، کە ئێستا موسلمانان لە سەران سەری جیهاندا شانازی پێوە دەکەن لە دوای قورئانی پیرۆز بە نرخترین پەرتووکی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە ، سەیری ئەم پلەو پایە و شکۆمەندیەی ئەو جوامیرە بکەن کە بۆ تە فەخرو شانازی هەموو موسلمانان لە سەرتاپەی جیهان ، ئیمامی بوخاری بە مندالی هەردوو چاوی کوێر بووە نابینا بووە ، باوکی زانایەکی شەرعی بووە ، کۆچی دوای کردووە ، دایکی زۆر خەمبار بووە بۆ کورەکەی کە نابینا بووە ، دەلێن : ڕۆژێکیان دایکی نووسراوێکی باوکی لە مالەوە دەدۆزێتەوە ئەویش زۆر خەمبار دەبێت کە کورە بچووکەکەی ناتوانێ بیخوێنێتەوە ، هەر بۆیە شەو ڕۆژ دوعایی دەکرد کە (خوای گەورە ) شفا بدات کورەکەی بوخاری چاوی چاك بێتەوە ، (خوای گەورە ) دوعاکەی دایکی قبول کرد ، ماوەی سالێکی نەبرد چاوی چاك بوویەوە (خوای گەورە ) شفای بۆ رەوانەکرد!

دەگێرنەوە دەلێن : کاتێك شاری نەیسابوری بەجێهێشت گەرایەوە بۆ شارەکەی خۆی شاری بوخارا ، ئەوە بوو خەلکی بوخارا زۆر دلّ خۆش بوون بە گەرانەوەی ، ئیتر بۆ ماوەیەك لە شارەکەی خۆی دەرس وانەی لە مەزگەوت دەوتەوە ، جارێکیان والی شارەکە کە ناوی ( خالیدی کوری ئەحمەد ) بوو داوای لێکرد ، کە بچێتە مالەکەی خۆی وانەی (مێژوو ) و (فەرمووده) بە مندالەکانی بلێت ! بەلام ئیمامی بوخاری بەم شێوەیە وەلامی دایەوە ، کەمن زانستی شەرعی زەلیل ناکەم و نایبەمە لای کەس ، ئەوەی پێویستی زانستە دە بێت خۆی بچێت و بە دوای بگەرێ ..!! جگە لەوەش من بۆ خۆشم زانست نابەمە دەرگای دەسەلاتداران و ، زانستیش مافێکی گشتییەو تایبەت ناکرێت بە کەسەوە ، ئنجا بە پیاوە نێرداوەکەی والی بوخاری فەرموو : ئەگەر پێویستی بە زانستی شەرعییە ، با بێتە ئێرە بۆ مەزگەوت بۆ لام ، یان با بێتە مالەوە ، ئەگەر جەنابی والی بوخارا ئەمەشی پێ ناخۆشە ، با فەرمانێك دەربکات کۆرو وانە ووتنەوەم لێ قەدەغە بکات ..!! تاکو بۆ منیش ببێتە حجە لە ڕۆژی قیامەتدا ..!! چونکە من زانست ناشارمەوەو هەر دەی لێمەوە ، ئیتر ئەمە بووە سەرەتایی دەست پێکردنی ناکۆکی نێوان ئیمامی بوخاری والی شاری بوخارا ، ئینجا (خالیدی کوری ئەحمەد ) کە والی شار بوو ، پیاوێکی بۆ ئەزیەتدانی و ئازاردانی کردە بە پرس ، ناوی ( ئەبو لوەرقا ) بوو ، زۆر بێ ئینسافانە کەوتنە زمان لێدان و تۆمەتبار کردنی بەتاوان و فیتنە وە کو ئەوەی لە (شاری نەیسابور ) ئەو تۆمەتەیان بۆ هەلبەست ، ئەویش تۆمەتی ئەوەی کە (قورئان دروستکراوەی خوای گەورە یە )گوایە ئەو وای وتووە ، ئەمەش تۆمەتێکی سیاسی بوو وەکو بۆ چەندین کەسایەتی و زانا ئایینەکان دروست دەکرێت ..!! تاکو گەیشتە ئەوەی والی شاری بوخارا فەرمانی نەفی کردن و دەرکردنی بۆ دا ، ئیمامی بوخاری گەیشتە قەراغی شاری بوخارا ، کە والی فەرمانی دەرکردنی بۆ دا بوو ، ئینجا ئیمامی بوخاری دەستی کرد نزاو پارانەوە رووی کردە ئاسمان و نزای کرد فەرمووی : خوایە گیان ، ئەوشتەی نیشان دەرەوە ، کە لە کێشەی مندا مەبەستیان بوو ، خوایە لە خۆیان و مالّ و مندالیان دەرهێنەرەوە... ئینجا دەلێن : مانگێکی نەبرد (خالید ) والی بوخارا دەرکردن زەلیل کردنی بۆ دەرچوو ، نەك هەر لە والیەتی لایان برد ، بەلکو سواری ماکەرێکیشیان کردو بە ناو شار بە چاو شۆری گێرایان !! ئەو بەرپرسە کەی تریش خۆی مالّ و مندالی تووشی بەلاو موسیبەتێکی وا بوو ، کە هەر باس ناکرێت ... (هدی الساری ) ص ٤٩٣.

## ٦-شێخ ئیسلام (ابن تیمیه ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت –

ناوی تەواوی ( ئەبو عباس تقی الدین ئەحمدی کوری عبدالحکیم کوری عبدالسلام النمری الحرانی الدمشقی ) جنبلی ، ناسراوەی بە شێخی ئیسلام ، بەلیٚ شێخ ئیسلام لە حەران لە دایك بووە کە شارێکی کۆنەو ، وە لە کۆندا یەکێك بووە لە گرنگترین نیوەندە ئاینییەکان کە لە نزیك شاری (ئورفەی ) باکوری کورستان لە تورکیا ، لە سەرچاوە مێژووەیەکان دەلێن : شێخ ئیسلام عەرەب نەبووە بە لکو ئەم زانا بەناوبانگ و گەورەیە کورد بووە ..!! شێخ ئیسلام لە سالی (٦٦١) کۆچی لە دایك بووە لە باکوری کوردستانی گەورە ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : شێخ ئیسلام پیاوێکی لێبووردەو بەخشندە بووە ، دوای تووڕە بوونی یەکسەر لێبووردەیی دەهات بە دوایدا ، ڕێزی لە کەسانی دەوروبەری دەگرت ، لە کاتی سەلام و قسە کردندا زەردەخەنی دەکرد ، خاوەنی جوامێری و شکۆ و هەیبەتێکی تایبەت و هێزێکی کاریگەر بووە ..!! دەچووە نێو دلی هەر کەسێك کە قسەی بۆ دەکرد ، زۆر زیرەك هۆشمەند و تێگەیشتوو بوو ، زۆر خێرا شتی دەخوێندەوە و زووش لەبەری دەکرد ..!!

شێخ ئیسلام لە سەردەمێکی پڕ لە ناخۆشی نەهامەتی و نارامیدا دەرکەوت ، ئەوکاتە ژیانی موسلمانان پڕ بوو لە ڕووداوی کاریگەر و ناخۆش ، ئەویش هاتنی (تەتار ) بوو بۆ وەلاٚتی موسلمانان ، هەر بۆیە دیمەنی شەراگێزی و وێران کردن و خوێن ڕشتنی موسلمانان و فسادو گەندەلیەکانی (تەتار ) ی لە بەر چاو بوو ، هەر ئەمەش وای لیٚ کرد بوو بە کەسایەتییەکی دیاری کۆمەلگای ئیسلامی لە و سەردەم دا ، هەر بۆیە بەردەوام بانگەشەی جیهاد و تێکۆشانی دەکرد لە پێناوی (خوای گەورە ) دژ بە (تەتار ) هەر خۆشی بە کردەی بەشداری جیهادی دەکرد هانی موسلمانانی دەدا بۆ جیهاد کردن دژی (تەتار ) ..!! چونکە شێخ ئیسلام لەو کاتەدا بەدەستێکی زانست قەلەم بەدەستەکەی تری شمشێری هەلگرتبوو دژی (تەتار) ..!!

شێخ ئیسلام تەمەنی (٧) سال بووە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە ، لە تەمەنی (١٩) سالیدا فتوایی داوە ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : کاتێك تەمەنی منداڵ بووە ، لە مالەوە باوك و دایکی براکانی ووتیانە دەچین بۆ گەشت و سەیران ، ئەویش داوای لە باوکی کردووە ، من نایەم لەگەلتان لە مالەوە دەمینیمەوە ، ئەوانیش چوونە گەشت و سەیران ، پاشان گەرانەوە مالەوە ، باوکی لیٚی پرسی چیت کردووە لە مالەوە ئەویش وتوویەتی : من یەك پەرتووکم لەبەر کردووە ، باوکیشی بۆ تاقی کردنەوەی پرسیاری لیٚ کردووە لە سەر پەرتووکە کە ، هەمووی وەلاٚم داوەتەوە ، ئینجا باوکی ناوچاوانی ماچ کرد و پێی گووت : با ئەمە نێهنیەك بێت لە نێوان خۆم و خۆت ، وە بە کەس مەلیٚ نەوەك بە چاو بچی ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت – دەلێت : گوێم لیٚ بوو شێخ ئیسلام دەی فەرموو: لە دونیادا بە هەشتێك هەیە ئەویش- بە هەشتی ئیمان بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ هێناویەتی – هەر کەسێك نەچێتە ناوی ، ناچێتە بەهەشتی ئەو دونیا..!!

ئیمامی (ابن القیم ) — رەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : دەی فەرموو : دوژمنانم چیم لێ دەکەن ..؟! من بەهەشت و باخ و بێستانێك لە سنگم دایە ، بۆ هەر شوێنێك برۆم ئەو بەهەشتە لێم جیا نابێتەوە ، زیندانی کردنم خەلوەتە ، کوژرانم شەهادەتە ، دەرکردن نەفی کردنم گەشت و گوزارو سەرانە ..!!

دەگێرنەوە دەڵێن : جارێکیان سولتان (ناصر محمدی کوری قلاوون ) پێ ووت : بیستوومە کە خەڵکی بە قسەت دەکەن ، و دەتەوێت گەورەیی دەسەڵات بە دەست بهێنێت ، شێخ ئیسلام فەرمووی : بە دەنگێکی بەرز خەڵکی تێگرا گوێیان لێ بوو ، من واناکەم ..؟! سوێند بێ بە خوا هەموو دەسەڵاتی تۆ و مەغۆل ، لە لای من دوو فلس ناهێنێت ..!!

ئیمامی (ابن القیم الجوزی ) — رەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : هەر گیز نەم دیووە دوعا نزا لە هیچ یەکێك لە نەیارەکانی بکات ، تەنانەت دوعا و نزای بۆ کردوون ، رۆژێکیان چووم مزگێنی مرنی یەکێك لە دوژمنەکانیم پێدا ، کە زۆر ترین دوژنایەتی دەکرد ، ئەویش سەرزەنشتی کردم و پێی ناخۆش بوو ، فەرمووی : ( أنا لله وإنا إليه راجعون ) دوایی یەکسەر هەڵساو چووە بۆماڵی مردووەکە و سەرەخۆشی لێ کردن و دلی دانەوە ، پێی فەرموون : من بۆ ئێوە لە جێی ئەوم ، هەر ئیشێکتان هەبێت و هەر پێویستیەکتان هەبێت من ئامادەم یارمەتیتان بدەم ..!!

(ابن مخلوق ) دەڵێت : نموونەی وەکو شێخ ئیسلام نەبینیوە ئەوەندە لێ بووردەیی هەبێ ، چونکە ئێمە خەڵکیمان لە دژی هاندەدا و دژایەتیمان دەکرد ، کە تواناشما بەسەر دانەبوو ، بەلام ئەو کە توانای بەسەرماندا هەبوو تۆلە بسێنێت ، لە بری تۆلە سەندنەوە چاوپۆشی لێ دەکردین و بەرگریشی لێ دەکرین ..!! بێ گومان ئەم جۆرە لێ بووردنە تەنها بە پیاوی شکۆمەندو جوامێر دەکرێت..!!

شێخ ئیسلام دەڵێت : هەر شتێك بە پشتیوانی (خوای گەورە ) نەبێ نابێت ، هەر چیش لە پێناوی(خوای گەورە ) نەبێت نەسوودی دەبێت و نە بەردەوامیش دەبێت ..!!

شێخ ئیسلام دەڵێت : هاوارکردن و پەنابردن بەدێهێنراو بۆ بەدێهێنراوێکی تر وەك ئەوە وایە نقووم بوویەك هاوار لە نقووم بوویەکی تر بکات و پەنای پێببات ..!!

شێخ ئیسلام دەڵێت : مرۆڤ بە هەمیشەیی لە نێوان دوو شتدایە :
نیعمەتێك بۆی لە پەروەردگارییەوە .. کە تیایدا پێویستی بە سوپاسکردنە هەیە .. !! وە تاوانێك لە شەیتانەوە .. کە تیایدا بە دوایی لێ خۆشبوون هەیە ..!! چونکە مرۆڤ بەردەوام لە ناو نیعمەتەکان و دەستکردەکانی (خوای گەروە ) دایە ، بەردەوام پێویستی بە تەوبەکردن و داوای لێ خۆشبوون لێکردن هەیە ..!!

شێخ ئیسلام دەڵێت : دلسۆزی بۆ خوا بە دونیا نەویستی و بە قەناعەتکردن بە کەم خەڵاڵ نەبێت دەستە بەر نابێت ..!! پارێزگاریش بە دونیا نەویستی نەبێت فەرهەم نابێت ..!! پازێزگاریش واتە شوێنکەوتنی فەرمانی چاکەو رێگیریکردن لە قەدەغەلێکراو ...

## ٧-(ابن قيم الجوزيه ) – رەحمەتی خوای لیّ بێت –

ئیمامی (ابن القیم ) ناوی تەواوی ( ئەبو عبداللە شمس الدین محمد کوری ئەبی بکر کوری أیوب کوری سعد کوری حریز الزرعی الدیمشقی الحنبلی ) ناو لە شۆرەتی یان نازناوی (ابن القیم الجوزیە ) هۆکاری ناو دەرکردنی (الجوزیە ) دەرگرێتەوە بۆ باوکی چونکە ئەو ماوەیەك بەرێوەبەرو سەرپەرشتیاری قوتابخانەی (الجوزیە ) بوو لە شاری (دیمشق ) ، هەروەها لە سالی (٦٩١)کۆچی لە شاری دیمەشق لە دایك بووە ، ئیمامی (ابن القیم ) زۆر بەی ئەندامانی خێزانەکەی وە ك باوك برای و برازاکەی ئەوانە هەموو زانای ناوداری ئایینی بوو خزمەتێکی زۆریان بە بانگەوازی ئایینی ئیسلام گەیاندووە ، ئیمام (ابن القیم ) رێچکەی باوکی گرتووە لە زانستی (نحو) دەستێکی بالآی هەبووە لە (ألفیە ابن مالك ) لە کتێبەکەی بەناوی ( **إرشاد السالك إلی حل ألفیة إبن مالك** ) شرح کردووە، ئیمامی (ابن قیم ) هەروەها مامۆستاکەی ( ابن تیمیە ) بووە ، قوتابییەکەشی **(ابن کثیر ) بووە** ، ئیمام (ابن القیم ) زاتێك بووە لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا زۆر شارەزا بووە ، زۆر لە پێش هاوەلە نزیکەکانی خۆیەوە بووە ، ناوبانگ و شۆرەتی بە هەموولایەك بلاّو بووبوویەوە ، زانینی و مەعریفەتی ئەو بەرانبەر مەزهەبەکانی پێشین زۆر قوولّ و فراوان بووە …

ئیمامی (ابن القیم ) دەلێت : ( ئەوەندە شکۆ وپایەدارییەت بەسە کە تۆ بەندەی ئەویت ، ئەوەندە فەخرو شانازییەشت بەسە ئەو پەروەردگاری تۆیە ) مەبەست پیّ زاتی (الله تعالی ) ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەلێت : ( هەر کەسیّ پەروەردگاری بناسیّ ، ئەو ناسینە بە شێوەیەك سەرقالی دەکات کە نای پرژێتە سەر شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووەکانی ) . مەبەستی پیّ ئەگەر خوات ناسیی دونیا ویست نابیت ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەلێت : ( پەروەردگار بەزر و بە شکۆ و مەزن لە قورئانی پیرۆز دا بانگی بەندەکانی دەکات لە دوو رێگەوە بیناسن : یەکەمیان : رامان و وردبوونەوە لە دروستکراوەکانی ، دووەمیان : تێفکرین و بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی ، یەکەمیان بریتیە لە بەلگەو نیشانە بینراوەکان ، دووەمیشیان بریتیە لە ئایەتە بیستراو وە دەرك پێکراوەکان ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەلێت : ( ئەگەر بەندە بەیانی و ئێوارە بەسەر داهات و جگە لە (خوای پەروەردگار) هیچ خەم و خەتێکی دیکەی نەبوو ..!! ئەوا (خوای پەروەردگار ) هەموو پێویستیی و حاجە تەکانی بۆ دەخاتە ئەستۆی خۆی یان فەراهەمی دەکات ، هەرچیی بۆ ئەو بەندەیە گرنگ و جێبایەخە ، (خوای پەروەردگار ) خۆی بۆی جیّ بەجیّ دەکات ) . ئەلێرەدە مەبەست پێی نیەت و دلسۆزیە تەنها لە پێناوی (خوای پەروەردگار ..!!

## ئیمامی (ابن القیم ) لە بارەی چاكسازیكردن لە نەفس هەندێك ووتەی هەیە

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( فەرترین جیهاد جیهادی نەفس و هەوا و شەیتان و دونیایە ، كەسێ ئەگەر جیهادی دوژمنە پەنهان و شاراوە و نادیارەكانی نەكردبێ ، ئەوا ناتوانێ جیهادی دوژمنە  دیار و ئاشكراكانی بكات ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : كەسێك كە نەفسی خۆی بناسێ ، ئەوا ئەو خۆناسینە سەقالی دەكات بە چاك كردنی عەیب و عاری خۆی و ناپرژێتە سەر عەیب و عاری خەلكی ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( بەر بەستی عادەتی و نەریت ئاسان بكە ، ئەگەر ئەو هیممەتەی لە ناخ و دەروونی تۆ دا هەیە تۆی شكۆمەندو بەرز كردەوە ، ئینجا بەرزیت گەشە دەكاو دەر دەكەوێ ، لەوێ رووناكییەكانی گەورەیی و سوور بوونیەت بۆ دەردەكەویت یان جدیەتت بۆ دەردەكەوێ ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( پیاوچاكان و بۆ خوا صولحاوان بە هیممەت بەرزی شكۆمەندییان لە خەلكانی ئاسایی جیا دەكرێنەوە ، نەوەك بە رەنگ و شكڵ و شێوەكانیان ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( گەورەترین قازانج لە دونیادا بریتیە لەوەی : هەموو كات نەفس خۆت بەو شتانەوە سەرقاڵ بكەی كە بۆ قیامەتت لە پێشتر و بە سوود ترن ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( بە فیرۆدانی كات لە مردن قورسترە ، هەر چیی مردنە تەنها لە دونیا و خەلكەكەیت دادەبرێنی ، بەڵام بە فیرۆدانی كات لە (خوای پەروەردگار) و ئاخیرەتت دادەبەرێنێ ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( ئەوەی بۆ گەیشت بە پێگە و رێز و شكۆ و گەورەیی ، گەرمی هەتاوی نیوەرۆیان نەچێژی ، ئەوا لە ژێر سێبەری پێگەی رێز و شكۆ و گەورەییدا ناحە سێتەوە یان پشوو نادا ..!!

ئیمامی (ابن القیم ) دەڵێت : ( هەر كەسێ سام هەیبەت و شكۆمەندی ویقاری پەروەردگاری لە دڵ دابێ كە نەتوانێ سەر پێچی بكات ، ئەوا (خوای گەورە ) لە دلی خەلكیدا سام و هەیبەت و شكۆمەندی و ویقاری پێ دەبەخشێ ، خەلكی وایان لێ دێ بچووكی بۆ بكەن و خۆیان لەو بە بچووكتر سەیر بكەن ..!!

# چیرۆکی هەندێك لە ڕەوشتەجوانەكان بۆ بەدەستهێنا شكۆمەندی

١-لە بارەی (بۆ خوا بوون ) دلسۆزی :

قال تعالى: ﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ ۖ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَٰنَ رَبِّهِۦ ۚ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ۚ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾﴾ [يُوسُف: ٢٤] واتە : [ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ ] ئافرەتەكە ویستی خراپە لەگەڵ یوسفدا بكات [ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَنْ رَأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ ] خیلافێكی زۆر لەم ئایەتە هەیە ئیمامی (الشنقیطی) بەدرێژی باسی دەكات بگەڕێوە سەری زۆر بەسودە، بۆچوونی تەواو ئەوەیە كە پێش و پاشێك لە ئایەتەكە هەیە، واتە: (لَوْلَا أَنْ رَأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ هَمَّ بِهَا) ئەگەر بەڵگەی خوای گەورەی نەبینیایە ئەوە یوسفیش - صلى الله عليه وسلم - بە دڵ دڵی بەلای ئافرەتەكەدا دەچوو بەڵام بەڵگەی خوای گەورەی بینی، واتە: بیری كردەوە لە تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ئەو كاتە ئەسڵەن هیچ هەمم و خورەیش بەدڵیدا نەهاتووە، وە ئەگەر هاتبێتیش ئەوەی دڵ بە تاوان نانووسرێ، وە زۆر شتی ئیسرائیلیات لە كتێبی تەفسیرەكاندا باسكراوە كە شایان نیە بە یوسف پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - [ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ (٢٤) ] بەم شێوازە بۆ ئەوەی كە خراپەكاری و زینا لە یوسف - صلى الله عليه وسلم - دوور بخەینەوە، بەراستی ئەو یەكێك بوو لە بەندە هەڵبژێراو و دڵسۆزو چاك و پاكەكانی خوای گەورە...

لە (ابو هريره ) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( قالَ عبدٌ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ قطُّ مخلِصًا، إلَّا فُتِحَت لَهُ أبوابُ السَّماءِ، حتَّى تُفْضيَ إلى العرشِ، ما اجتَنبَ الكبائرَ)).

**سنن الترمذي برقم** (٣٥٩٠). واتە : هەر كەس بە نیەت پاكی و بە دلسۆزیەوە بلێ : ( لا إله إلا الله ) بە مەرجێ ئیللا دەرگاكانی بەهەشتی بۆ دەركرێتەوە هەتا دەگاتە عەرشی پەروەردگار ، بە مەرجی خۆی بە دوور گرتبێ لە تاوانە گەورەكان ...

لە (مەكحول ) –ڕەحمەتی خوا لێ بێت دەلێت :

(( ما أخلص عبد قط أربعين يوما إلا ظهرت ينابيع الحكمة من قلبه و لسانه ). **لابن القيم في( مدارج السالكين )**(٣/٩٦).

واتە : هەر بەندەیەك چل ڕۆژ بۆ خودا دلسۆزی هەبێت ، ئەوا كانیای حیكمەت لە دڵ و لە سەر زمانی هەڵدەقوڵێت ...

لە( جونەید ) – ڕەحمەتی خوای لێت بێت – دەلێت : ( لسۆزی نهێنیەكە لە نێوان خودا و بەندەدا ، فریشتە پێی نازانێت بینووسێت ، و شەیتان پێی نازانێت لێ تێكبدات ، و ئارەزوو پێی نازانێت خواری بكات ...

بە (سەهل ) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - ووترا : چ شتێك لەسەر نەفس گرانە ..؟! فەرمووی : دلسۆزی ، چونكە بەشی نەفسی تێدا نییە ...

دەگێرنەوە دەڵێن : (عمری کوری سابت ) – خوا لێ رازی بێت – پیاوێکی نەوەی (عبد ئەشهل ) بوو ناسراو بوو بە ( ئەصیرەم ) ئەم پیاوە هەر کەسێك داوای موسلمان بوونی لێدە کرد ، زۆر بە توندی بەر پەرچی دەدایەوە و ئامادە ن بوو بێتە ناو ئیسلام ، بەڵام لە کاتی غەزای (ئوحد) دا لە ناکاو بریارێکی کتوپریدا ، شمشێرەکەی خۆی هەلگرت و چووە ناو ریزی پێشەوەی موسلمانانەوە لە گەل کافران کوشتاری کرد و زۆر مەردانە جوامێرانە کوشتارێکی گەورەی ئەنجامدا ، سەر ئەنجام لە چەند شوێنێکەوە زۆر بەسەختی بریندار کراو کەوتە سەر زەوی ..!! لە کۆتایی جەنگی (ئوحد ) دا پیاوانی نەوەی ( عبد ئەشهل ) کەوتنە گەران بە شوێن کوژاروەکانیاندا ، بینیان وا (ئەصیرەم ) لە پێش دەمیاندایە و بە سەختی بریندار بووە ، لە دیمەنە زرۆ سەرسام بوون ..!! چونکە ئەوان پێش جەنگەکە کە بەجێیان هێشت ئەو موسلمانان نەبوو بوو ، بۆیە لێیان پرسی : ئایا لەبەر غیرەی گەلەکەی ئەم کارەی کردووە یان بەهۆی هاتنە ناو ئیسلام و موسلمان بووینەوە ..؟! ئەویش ووتی : بەلکو حەزم بەناو ئیسلام کردو باوەرم بەخواو پێغەمبەرەکەی کردو تەسلیم بووم ..!! پاشان شمشێرەکەم هەلگرت و لە خزمەتی پێغەمبەری خوا دا ﷺ کەوتمە جەنگ و کوشتا کردن هەتاکو بەو شێوەیەم لێهات کە دەبینین ..!! پاش کەمێك لە بەردەستیان مایەوە دواتر گیانی سپارد ..!! کاتێ هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە غەزای (ئوحد ) گەرانەوە ئەم باسەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێرایەوە ، ئەویش فەرمووی : بەدڵنیاییەوە ئەو ئەهلی بەهەشتە ...

**لە (أسلم )**- خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

(( أنَّ عُمرَ خرَجَ إلى المسجدِ يومًا فوَجدَ مُعاذَ بنَ جبَلٍ عندَ قبرِ رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَبكي، فقالَ: ما يُبكيكَ يا مُعاذُ؟ قالَ: يُبكيني حديثٌ سَمِعْتُه مِن رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، يقولُ: «اليَسيرُ مِن الرِّياءِ شِرْكٌ، ومَن عادَى أولياءَ اللهِ فقدْ بارَزَ اللهَ بالمُحاربةِ؛ إنَّ اللهَ يُحِبُّ الأبرارَ الأتقياءَ الأخْفياءَ، الَّذينَ إنْ غابوا لم يُفتَقدوا، وإنْ حضَروا لم يُعرَفوا، قُلوبُهمْ مَصابيحُ الهُدى )). الحاكم المستدرك في الصحيحين برقم (٤) ، اخرجه ابن ماجه برقم (٣٩٨٩).

واتە : رۆژێکیان (عمری کوری خەتاب ) – خوا لێ رازی بێت – چووە مەزگەوتی پێغەمبەر ﷺ **(معاذی کوری جبل )**- خوا لێ رازی بێت – بینی لە لای گۆری پێغەمبەر ﷺ زۆر بە کوڵ دەگری ..!! (عمر ) پرسیاری لێ کرد : ئەی **(معاذ)** بۆچی وا بە کوڵ دەگری یان چی دەگرێنێ ..؟! **(معاذ)** فەرمووی : فەرمایشتێ کە لە پێغەمبەرم بیستووە دەگرێنێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بچووکترین و کەمترین ریا هاوەڵ بریاردانە بۆ خوا ..!! هەرکەس دوژمنایەتی ئەولیاو خۆشەویستانی خوا بکات ئەوە دوژمنایەتی یان جەنگی لە گەڵ خودا راگەیاندووە ، (خوای گەورە) چاکەکارو ئەهلی تەقوای خۆشدەوێت ، ئەوانەی شاراوەن کەسانێك ئەگەر دیار نەبوون کەس بۆیان ناپرسێ ، ئەگەر دیاربوون ناناسرێن ، دلە کانیان وە چرای هیدایەت یان رێنوویی وایە ...

دەگێرنەوە دەڵێن : جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکێ لە غەزاکان دژی کافران شەری دەکرد ، یەکێ لە هاوەڵانی هات ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من پیاوێکی رەش پێستم ، وە بۆنیشم ناخۆشە ، دەم و چاوم زۆر ناشرینە ، هیچ ماڵ سەرووەتم نیە ، ئەگەر کوشتاری کافران بکەم تاکو شەهید دەبم ، دوایی من لە کوێ دەبم ..؟! ئەم پیاوە زۆر راستگۆ و دڵسۆز بوو لە قسە کانیدا ، وە نیەتی خوای بە دڵسۆزی هەبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ پێ فەرموو : لە دوای ئەوەی کە شەهید کرای ئەوا لە بەهەشت دای ..!! پیاوەکە رۆیشت و کوشتاری کرد هەتا شەهید کرا ، پێغەمبەر ﷺ بەلایدا رۆیشت بینی شەهید کراوە ، فەرمووی : خوا دەم وچای سپی کرد ، وە بۆنی خۆشکرد و ماڵ سەرەوەتی زۆر کرد ، پاشان فەرمووی : بە هاوەڵانی : بینیم هاوسەرەکەی لە (حور العین ) جبەیەکی لە خۆی بۆ دروست دەکرد ، لە نێوان هاوسەرەکەی و جبەکەیدا دەچووە بەهەشت ...

دەگێرنەوە دەڵێن : جارێکیان پیاوێکی خواپەرستی نەوەی جوولەکە یان بنی ئیسرائیل ، بینی خەلکی خەریکی پەرستنی دارێکن ، دارەکە بە پیرۆز دەزانن و توشی شیرك بوون ، بۆیە ئەویش بریاریدا ئەو دارە ببڕێ تەوە تاخەلکی لەو گوناهە ڕزگاربکات و روو بکەن خوای پەروەردگاری تاك تەنها ، ئیتر ئەویش تەورەکەی هەلگرت و ڕۆیشت بۆ ئەوەی دارەکە ببڕێتەوە ، لە ڕێگادا (شەیتان ) لە شێوەی پیرە پیاوێك چووە سەر ڕێگای ووتی : کابرا بۆ کوێ دەچیت ..؟! ئەویش ووتی : دەڕۆم خەلکی تووشی گوناهو شیرك بوون ئەو دارە دەبڕمەوە ، (شەیتان ) ویستی ڕێگری لێ بکات نە هێلێت بچێت ، پەلاماریدا پیاوە خواناسەکە (شەیتان)ی خستە سەر زەوی ، (شەیتان ) ووتی : ئێ باشە بگەڕێرەوە ، لە بڕینی ئەو دارە وازبهێنە من لە بری ئەو ڕۆژە دوو دینارت دەدەمێ ..!! ئیتر هەردووکیان لە سەر ئەوە ڕێکەوتن ، پیاوە خواناسەکە لە ڕۆژی یەکەم و دووەم دوو دیناری لە مالەکەی دەست دەکەوێ ، بەلام ڕۆژی سێهەم (شەیتان ) پارەکەی پێنەدا ، هەر بۆیە پیاوە خواناسەکە بریاریدا دووبارە بچێتەوە دارەکە ببڕێتەوە ، ئینجا تەورەکەی هەلگرت بەرێگا دا ڕۆیشت ، (شەیتان ) چووە سەر ڕێگای لە شێوەی پیرە پیاوێك ، دووبارە کەوت قسەکردن ئەو دارە نەبڕێ ، بەلام پیاوە خواناسەکە سوور بوو ، ئینجا پەلاماری یەکیان دا ئەم جارە پێچەوانە بوویەوە ، پیاوە خواناسە کە کەوتە سەر زەوی ، ئینجا ووتی : بە (شەیتان ) باشە چۆن ئەم جارە زالبووی بەسەرمدا ، (شەیتان ) ووتی : تۆ یەکەمجار لەبەر خوا تووڕە بوویت و هاتی ، (خوای گەورە ) تۆی لەمن پاراست و ڕزگارت بوو سەرکەوتی ، وە توانیت من بدەیت بەزەویدا ، بەلام ئەمجارە تووڕە بوون و هاتنەکەت لەبەر نەمانی دوو دینارەکە بوو بۆیە من زالبوم بە سەرتا ...؟!

دەگێرنەوە دەلێن : لە یەکێك لە غەزاکان سوپای موسلمانان دەورەی قەلایەکیان دابو نەیان دەتوانی بچنە ئەو دیوی قەلاکەوە ، بریاریاندا دەوریان بگرن تا خۆیان بەدەستەوە بدەن یان تەسلیم بن ..!! لە بەیانێکدا موسلمانان هەستیان کرد ڕێگەیەك هەیە کە بیان گەیەنێتە ئەو دیووی ئەو دیوارە ..!! بەلام دیار بوو یەکێك لە موجاهیدە موسلمانەکان ئەو کارەی کردبوو ..!! ئینجا ئەمیری سوپاکەی موسلمانان ووتی : کێ بوو ئەو کارەی ئەنجامدا کەس وەلامی نەدایەوە ، پاشان ئەمیرەکە سوێندی خوار دەبێت ئەو جومێرەی ئەم کارەی کردووە دەبێت بێتە دەرەوە ، ئینجا موجاهیدێك لە موجاهیدەکان پاش کەمێك دەم چاوی پێچرا بوو هاتە دەرەوە ..!! ئینجا ئەمیرەکە داوای لێکرد خۆی ئاشکرا بکات ، بەلام ئەو ئامادە نەبوو ..!! ئەمیرەکەی سوپای موسلمانان سەیری کرد ئەو موجاهیدە کە خاوەنی دەمامکە کەیە نایەوێ خۆی ئاشکرا بکات ، بەلام سوێندیدا کە بچێت بۆلای لە کاتێکی تاریکی شەودا ، ئینجا کە شەو داهات موجاهیدەکە هات بۆلای ئەمیری سوپاکەی موسلمانان دەم و چاوی داپۆشی ئەمیرەکە ووتی : تۆ خاوەنی دەمامکەکەی بوویت ..؟! ئەویش ووتی : بەلێ . ئەمیرەکە ووتی : دەم و چاوت ئاشکرا بکە . تۆ کێت ..؟! موجاهیدەکە ووتی : بەسێ مەرج دەم وچاوم خۆمت پێ نیشان دەدەم ، یەکەم با هیچ کەسێ جگە لە تۆ نەم ناسێ ..!! دووەم هیچ مال و غەنیمەتی زیاترم نەدەیتێ کە لە حەقی موجاهیدەکانی تر زیاتر بێت ..!! سێهەم ئەمەم لە پێناوی ڕەزامەندی خوا کردووە دەمەوێت موجاهیدێکی وون بوم یان نادیار بووم بۆ ئەم کارە ..!! ئیتر ئەمیرەکەی سوپای موسلمانان بەلێنی پێدا ، خۆی نیشاندا ، ئەم موجاهیدە بەڕاستی کارو تێکۆشانی تەنها لە بەر خوا بووە ، نەك بۆ ناو بەناوبانگی و شۆرەت و مەدح و سەنا ...

## ٢-لە بارەی ئەمانەت پارێزی :

بێ گومان هەموو ئەمانەی کە (خوای گەورە ) فەرزی کردووە  لە سەر بەندەکانی ئەمانەت یان سپاردەن لە سەر بەندە وەك : نوێژ و رۆژوو زەکات و حەج و قەرز و وەکالەت و نهێنی پاراستن و پاراستنی ماڵ شەرەف ئەمانەت و سپاردە ، ئەمانە هەموو رەوشتیکە لە دەروونی ئیماندار جێگیر دەبێت ، هەر بۆیە پێغەمبەران – علیه السلام – هەموویان (ئەمین ) بوون خاوەن ئەمانەت سپاردە بوونە ، بە بێ زیاد و کەم ئەرکەکانی سەر شانیان جێ بەجێ کردووە ، هەروەك پێغەمبەری سەروەرمان بە (صديق أمين ) ناسراوە.

لە(ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( أدِّ الأمانةَ إلى من ائتمنكَ ولا تخُنْ من خانكَ)) . سنن ابو داود برقم (٣٥٣٥).

واتە : ئەو سپاردەیەی کە لات دانراوە بیدەرەوە بە خاوەنی ، ناپاکی مەکە  لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ناپاکێت بەرامبەر دەکات ...

لە (جابری کوری عبدالله ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إذا حَدَّثَ الرجلُ الحديثَ ثم التَفَتَ فهي أمانةٌ )) . سنن الترمذي برقم (١٩٥٩).

واتە : ئەگەر کەسێ لە کاتی قسەکردندا ئاوری دایەوە بەو لادا هەتا بزانێ کەس گوێی لە قسەکەیەتی ، ئەوا قسەکەی ئەمانەتە و سپادریە ...

لە(ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((المسلِمُ مَن سلِمَ المسلمونَ من لسانِهِ ويدِهِ، والمؤمِنُ من أمِنَه النَّاسُ على دمائِهم وأموالِهم )) .سنن الترمذي برقم (٢٦٢٧).

واتە: موسلمان ئەو کەسەیە کە موسلمانان سەلامەت و پارێزراوبن لە دەست و لە زمانی ، و باوەرداریش ئەو کەسەیە خەلك بە ئەمین و سەر راستی بزانن لەسەر خوێن و ماڵیان ...

**لە (أبا ذر الغفاري )** – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

(( يا رسولَ اللهِ ألا تستعملْني أي في منصبٍ قال : فضرب بيدِه على منكبي ثم قال : يا أبا ذرٍّ إنك ضعيفٌ و إنها أمانةٌ و إنها يومَ القيامةِ خزيٌّ و ندامةٌ إلا من أخذها بحقِّها و أدَّى الذي عليه فيها )) . صحيح المسلم برقم (١٨٢٥).

واتە :  ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نامکەیتە کاربەدەست ..؟! بە دەستی پیرۆزی دای بەسەر شانم دا و فەرمووی : **ئە ی (أبا ذر)** تۆ کەم تواناێت یان لاوازیت ، کاربەدەستیش ئەمانەت و سپاردەیە ، بۆ رۆژی قیامەتیش ریسوایی پەشیمانیە ، مەگەر کەسێك کە شیاوبێت بۆی بتوانێ مافی خۆی بداتێ ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی نارد بۆ لای هۆزی سولەیم  تاکو زەکاتەکانین کۆبکاتەوە ، لە پاش ماوەیەك ئەم پیاوە گەرایەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ وە هاوەڵاندا دانیشت ، پێغەمبەر روویکردە هاوەڵەکەو هەندێ ماڵ و یارمەتی کە ماڵی زەکات و صەدەقە بوو دانا ، هەندێ ماڵی تری لاما بوو ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەی ئەمانە چیە لە لات ..؟! کابراش ووتی : ئەوانە دیارییە بە خشیویانە بە من ..!!پێغەمبەر ﷺ سەیری کرد ویستی فێری بکات ئەوە ئەمانەتە  لای ، فەرمووی : ئەوانەی دیارییان بە خشیووە بە تۆ لەبەر ئەوە بووە زانیویانە تۆ نێردراوی پێغەمبەری ئەگەر وانە بوایە هیچیان نەئەدایتێ ، کەواتە هەمووی هی خەزێنەی موسلمانانە یان هەمووی هی بیت ماڵی موسلمانانە ..!! تا بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا رێنمایی کرد کە موسلمان دەست پاك و سەر ڕاست بێت لە بەرامبەر ماڵی موسلمانان هیچ مەبەستی تری نەبێت ، هەمووی بداتەوە دەست خاوەنەکەی  نابێچ موسلمان خیانەت لە کتری بکەن ، چونکە خوا تۆڵەی لێدەسەنێتەوە لە رۆژی قیامەتدا ...

دەگێڕ نەوە  دەڵێن : جارێکیان لە رۆژێکی گەرمادا (عوسمانی کوری عەفان ) – خوا لێ رازی بێت – لە دەرەوەی شار لە گەل خزمەت کارەکەی لە ژێر سێبەری دارێکدا دانیشتبوو ، لە دوورەوە پیاوێکی بینی ، دوو ووشتری پێش خۆی دابوو ئەویش فەرمووی: چی ئەم پیاوەی بەم گەرمایە هێناوەتە دەرەوە بۆ چاوەرێ ناکا تادونیا فێنك دبێت ..؟! کاتێك نزیك بوویەوە زانی ئەوە ئەمیری باوەردارانە (عمری کوری خەتاب ) – خوا لێ رازی بێت – رۆیشت بۆ پێشوازی ، بەڵام زۆر نارەحەت بوو بەرگەرماکە گەرایەوە بۆ ژێر سێبەرەکە ، تاکو (عمر ) گەیشتە بەردەمی ، فەرمووی : چی هێناویەتیە دەرەوە بەم کاتە ..؟! فەرمووی : دوو ووشتری صەدەقە جێمابوو ترسام بفەوتێ ، لە قیامەتا (خوای گەورە ) پرسیارم دەبارەیان لێدەکا گەرام بە شوێنیا تا دۆزیمەوە ، ویستم بیانگەرێنمەوە ناو مێگەلەکەیان (ئەوشێنەی ووشتری خێریان لێ دەلەوەڕان ) عوسمان فەرمووی : وەر ئەی خەلیفەی موسلمانان تۆ مەبیە کەسێکی تر لە بری تۆ دەیبا ، بەڵام (ئیمامی عمر) قبولی نەکرد ، ووشترەکانی پێش خۆی داو بردنی تا گەیاندنیە ناو مێگەلەکە ..!! (عوسمان ) فەرمووی : کێ پێی خۆشە سەیری ( بە هێزو سەر ڕاست و دەستپاك بکات ) باسەیری ئەوە پیاوە بکات چەنچەی بۆ ئیمامی (عمر) – خوا لێ رازی بێت – ڕاکێشا ...

هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویت :﴿ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨ ﴾ [النِّسَاء : ٥٨]

واتە : {فەرمانکردن بە گەڕاندنەوەی راسپاردە بە خاوەنەکانیان} [ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا ] بە دڵنیایی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە ئەمانەتەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنی خۆیان، ئەم ئایەتە هەر چەندە ئایەتێکی مەدەنییە لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - بۆ مەدینە دابەزیوە، بەڵام لەناو مەککەدا دابەزیوە لەسەر گەڕاندنەوەی کلیلەکانی کەعبەی پیرۆز بۆ خاوەنەکەی کە (عثمان بن أبي طلحة) بوو [ وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ] وە ئەگەر حوکم و بڕیاریشتان دا لە نێوان خەڵکیدا با بە دادپەروەری بێ بەتایبەتی قازیەکان ئەوانەی کە فەرمانڕەوان، چونکە تا دادپەروەر بن خوا لەگەڵیانەو پشتیوانیانە [ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ ] بە دڵنیایی ئەمە باشترین شتە کە خوای گەورە ئامۆژگاری ئێوەی پێ دەکات [ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (٥٨) ] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بیسەری وتەکانتانەو بینەری کردەوەکانتانە...

## ٣-لە بارەی (العدل ) دادپەروەری :

بەلیٚ هەر کەسێك بیەوێت لە دادپەروەری خوا بە تەواوی تێبگات دەبێت فێری زانستی کتابەکەی پەروەردگار بێت ، بۆیە پێویستە باوەر بە دادگەری فەرمانەکانی (خوای گەورە ) بهێنی بیٚ ئەوەی رەحنە بگرێت ، چونکە مرۆڤ ئاگاداری زانستی پەروەردگار نیە ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ۗ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَـٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾﴾ [البَقَرَة : ١٤٠] واتە : [ قُلْ أَأَنْتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ ] ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: ئایا ئێوە باشتر ئەزانن و زاناترن یان خوا؟ بەدڵنیایی خوای گەورە زاناترە وانەبووە ئەوان موسڵمان بوونە [ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَتَمَ شَهَادَةً عِنْدَهُ مِنَ اللَّهِ ] وە کێ لەو کەسە زاڵمترە؟ واتە: هیچ کەسێك لەو کەسە زاڵمترو ستەمکارتر نیە کە شایەتیەکی لەلایەن بێت و بیشارێتەوە کە جولەکەو گاور ئەو شتانەیان ئەزانی بەڵام دەیانشاردەوە لە موسڵمانان، وە ئەیانزانی کە دینی راست تەنها ئیسلامە وە محمد پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم بەڵام دەیانشاردەوە [ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (١٤٠) ] وە خوای گەورە بێئاگا نیە لەو کردەوە خراپانەی کە ئێوە ئەیکەن لەم زوڵم و ستەمە...

بەلیٚ جا دادپەروەری لە بوارەکانی ژیانی پێویستە مرۆڤ ئەنجامی بدا ، وەك لە نێوان دووکەس دا ، وەیان لە نێوان ژن و پیاو ، لە نێوان منداڵەکانی ، لە نێوان کریار و فرۆشیار ، لە سەر کار ئەگەر بەر پرسی شوێنێك بێت ، دادپەروەری لە باسی خەلك و هەڵسەنگاندنی ، وەیان لە نێوان مرۆڤە کان بەبیٚ سەیرکردنی رەگەزو دین مەزهەب ... هتد هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت:

قال تعالی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَـٰنِ﴾ [النَّحل : ٩٠] واتە : {فەرمانکردن بە دادپەروەریو چاکە کردن} [ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ ] بە دڵنیایی خوای گەورە فەرمان دەکات بە دادپەروەری و چاکەکردن...

قال تعالی: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ﴾ [النِّسَاء : ٥٨] واتە : [ وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ] وە ئەگەر حوکم و بڕیاریشتان دا لە نێوان خەڵکیدا با بە دادپەروەری بێ بەتایبەتی قازیەکان ئەوانەی کە فەرمانڕەوان، چونکە تا دادپەروەر بن خوا لەگەڵیانەو پشتیوانیانە...

لە (عبداللە کوری عمرو ) — خوا لیٚ رازی بێت — دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إنَّ المُقْسِطِينَ عِنْدَ اللهِ علَى مَنابِرَ مِن نُورٍ، عن يَمِينِ الرَّحْمَنِ عزَّ وجلَّ -وكِلْتا يَدَيْهِ يَمِينٌ- الَّذِينَ يَعْدِلُونَ في حُكْمِهِمْ وأَهْلِيهِمْ وما وَلُوا )) .صحيح المسلم برقم (١٨٢٧).

واتە : فەرمانڕەوایانی دادپەروەر لای (خوای گەورە ) لە رۆژی قیامەتدا لەسەر مینبەری نوورن ، لە لای ڕاستی خوای گەورەن ، کە هەر دوو لای هەر ڕاستە ، واتە : ئەو فەرمانڕەوایانەی کە دادگەرن لەفەرمانڕەواییاندا و ، لە ناو کەس و کاریاندا و ، وە لە ناو ئەوانەشدا سەر پەرشتیان دەکەن ...

له (ابو سعيد الخدرى ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إن أَحَبَّ الناسِ إلى اللهِ يومَ القيامةِ، وأدناهم منه مَجْلِسًا إمامٌ عادلٌ، وأَبْغَضَ الناسِ إلى اللهِ وأَبْعَدَهُم منه مَجْلِسًا إمامٌ جائرٌ )) . سنن الترمذي برقم ( ١٣٢٩ ).

واته : له ڕۆژی قیامەتدا خۆشەویسترین کەس ونزیکترین کەس لەرووی پلە و پایەوە لای (خوای گەورە ) کار بەدەست و پێشەوای دادپەروەرە ، وە بێزارترین کەس و دوورترین کەسیش لە رووی پلە و پایەوە لای (خوای گەورە ) کار بەدەست و پێشەوای زاڵم و ستەمکارە ...

له (ابو سعيد الخدرى ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( نَّ من أعظمِ الجهادِ، كلمةُ عدْلٍ عند سلطانٍ جائرٍ )) . سنن الترمذي برقم (٢١٧٤).

واته : بێ گومان گەورەترین جیهادو تێکۆشان وتنی ووتەی (حەق)ە له بەردەم فەرمانڕەوای زاڵم و ستەمکار دا ...

ووتراوە (الدنيا تدوم مع العدل والكفر ولا تدوم مع الظلم والاسلام )واتە : دونیا بەردەوام دەبێ بە دادپەروەری با کافریش بن ، بەڵام به زوڵم ستەم بەردەوام نابێت ، با موسڵمانیش بن ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : **(عباسی کوری عبدالمطلب )** –خوا لیّ رازی بێت – خاوەنی خانوویەك بوو بە تەنیشت مەزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، (عمری کوری خەتاب ) – خوا لیّ رازی بێت- ویستی مەزگەوتەکە فراوان بکات و خانووەکە له (عباس ) بکرێ ، بەڵام ئەو پێ خۆش نەبوو پێی بفرۆشێت و خانووەکەی پێ نەدا ، هەتاکو مەزگەوتەکەی پێ فراوان بکات ، (عمر) زۆری لێکرد دەبێت هەر یەکێکیان جێ بەجێ بکەی ، بەڵام (عباس ) رازی نەبوو ، بۆیە دادگەریەکەیان بردە لای (ئوبەی کەری کەعب ) – خوا لیّ رازی بێت - ئەویش بە (عمر) ووت : نابێت لەو خانووە ی خۆی دەرکەی هەتا خۆی رازی نەبی یان هەتاکو بە رەزامەندی خۆی نەبێت ، ئینجا (عمر) ووتی : هۆی چییە تۆ وا دادگەری دەکەیت ..؟! (ئوبەی کوری کەعب ) ووتی : لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە فەرموویەتی : کاتێك پێغەمبەر (سلیمان ) – علیه السلام - خەریکی دروستکردنی (بیت المقدس ) بوو ، هەر کاتێك چینێك دیواری دروست دەکرد ، بەیانی رووخابوو ، (خوای گەورە ) وەحی بۆ رەوانەکرد کە هیچ دیوارێك دروست نەکات لە مافی خەڵکی دا تا خاوەنەکەی رازی نەکات ، کاتێك (عمر) ئەم فەرمایشتەی بیست وازی لە خانووەکەی هێنا ، ئینجا (عباس ) خانووەکەی کرد بە خێر بۆ موسڵمانان تا مەزگەوتەکەی پێ فراوان بکەن ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : ڕۆژێکیان لە ئەصفەهانەوە ماڵ وسامانێکیان هێنا بۆ لای پێشەوا (علی کوری ئەبو تالیب ) – خوا لیّ رازی بێت – ئەوانەی شایستەی بوون بە ماڵە کۆیکردنەوە هەموویان حەوت کەس بوو ، ئینجا پێشەوا ماڵەکەی کردە بە حەوت بەش ، پاشان نانێك مایەوە ، ئەویشی کرد بە حەوت پارچەوەو لەسەر هەر بەشێك لە ماڵە کەیان پارچەیەك لەو نانەی دانا ...

دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێکیان ئافرەتێکی تیرەی مەخزومی دزی دەکات ، هەواڵ بە بێغەمبەری خوا ﷺ دە گەیەنن، پێغەمبەر ﷺ لەم کارە ئاگادار دەکرێتەوە ، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا فەرمان دەکات بە جێ بەجێ کردنی حدەی شەرعی لەسەر ئافرەتەکە ..!! بەڵام ئەم ئافرەتە لە بنەماڵەیەکی ناوداری قورەیش بوو لە تیرەی مەخزومی ، هەر بۆیە هۆزی قورەیش کۆبوونەوە بۆ ئەوەی حدەی شەرعی لەسەر جێ بەجێ نەکرێت ، بۆ ئەم مەبەستە ئەم کارەیان بردە لای (ئوسامەی کوری زید ) — خوا لێ رازی بێت - بۆ ئەوەی بچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ تکای بۆ بکات و دوای لێخۆش بوونی بۆ بکات ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ (ئوسامەی کوری زیدی ) زۆر خۆش دەویست ..!! بەڵام کاتێك (ئوسامە ) چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و باسەکەی کردەوە و تکای بۆ ئافرەتەکە کرد ، پێغەمبەر ﷺ زۆر تووڕە بوو ..!! بە (ئوسامە)ی فەرموو : ئایا تۆ تکادەکەی بۆ کەسێ کە سنووری خوای بەزاندبێ و داوا دەکەی حدەی شەرعی لەسەر جێ بەجێ نەکرێت ..؟! ئینجا تەشریفی موبارەکی هەستاو ووتارێکی داو فەرمووی : ئەی خەلکینە هۆی لە ناو چوونی گەلانی پێش ئێوە ئەوە بوو کاتێك بەرێزو ناودارێکیان دزی بکردایە وازیان لێدەهێنا ، بەڵام ئەگەر هەژار و بێ کەسێك بوایە حەدەی شەرعیان لە سەر جێ بەجێ دەکرد ، سوێند بەخوا ئەگەر بێت و (فاتیمە کچی محمد ﷺ ) دزی بکات دەستی دەبرێتەوە ...

دەگێرنەوە دەلێن : جارێکیان دەشتەکییەك هاتە خزمەتی پێشەوای باورداران (عمری کوری خەتاب ) — خوا لێ رازی بێت ، چەند پارچەیەك لەقژو پرچەکەی بەدەستەوە بوو ، (عمر کوری خەتاب ) فەرمووی : ئەمە چییە ..؟! ئەویش ووتی : هاتووم سکاڵای خۆم لەخزمەت تۆدا بکەم ، لە دەستی لێپرسراوەکەمان ئەویش (ئەبو موسی ئەشعرییە ) ..!! (عمر ) فەرمووی : چی کردووە ..؟! پیاوەکە ووتی : مافی تەواوەتی نەدامێ چەند جار چووم بۆلای کەمی پێدام ، منیش وەرم نەگرت ..!! کەچی بیست جەلدەی لێدام وە پرچی بریم ، ئەوەتا لە ناو ئەو پارچە قوماشەدایە کەلاتە ..!! ئینجا (عمر ) زۆر تووڕە بوو و خەفەتی زۆری لێ خوادر لە سەر ئەم کارەی (ئەبو موسی ئەشعری) ، لە پاشان نێردراوێکی نارد بۆ لای (ئەبو موسی ئەشعری ) پیاوەکەشی لەگەل نارد ، کە دەبێت (ئەبو موسی ئەشعری ) دانیشێ لە بەردەم کۆمەلێك لە موسلمانان هەتا ئەو پیاوە دەشتەکیە بیست جەلدەی لێبداتەوەو سەری بتراشێ ..!! کاتێك (ئەبو موسی ئەشعری ) نووسراوەکەی ئەمیری باوەردارانی بینی و خوێندیەوە و فەرمووی : بە پیاوە دەشتەکیەکە هەستە فەرمانەکەی ئەمیری باوەرداران جێ بەجێ بکە ، قامچیەکی داپێی هەتا تۆلەی خۆی بکاتەوە وەقژی ببرێ ، ئینجا پیاوە دەشتەکیەکە زۆر بەم کارە سەری سورما ..!! کە چۆن سەر کردەیەك گوێرایەلی فەرمانی گەورەی موسلمانان دەبێت ، هەر بۆیە بە شاهیدی ئامادەبووان لە (ئەبو موسی ئەشعری ) خۆش بوو ، ووتی : هیچ کەسێك نیە ستەمی لێبکرێت کاتێك (عمری کوری خەتاب) پێشەوای باوەرداران بێت ...

٤-لە بارەی (الوفاء) وەفادرای

بەلێ وەفاداری مەبەست لە تەواو کردن دامەزراندنی ئەو بەلێن و پەیمانەیە کە مرۆڤ بڕیاری لە سەر دەدات ، وەیان وەفاداری بە پەیمان واتە: تەواو کردنی ئەو پەیمانەیەو پاراستنی ئەو شتانەیە کە خۆت بڕیارت لە سەر داوە …

قال تعالی: ﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِيٓ أُوفِ بِعَهۡدِكُمۡ وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ۝٤٠﴾ [البَقَرَة : ٤٠] واتە : [ وَأَوْفُوا بِعَهْدِي ] وە وەفاتان هەبێ بەرامبەر بەو پەیمانەی کە بەمنتان داوە کە شوێن محمد صلى الله عليه وسلم بکەون کاتێك کە دێت [ أُوفِ بِعَهْدِكُمْ ] منیش ئەو ئەجرو پاداشتانەی کە وەعدم پێ داون بۆتان جێبەجێ ئەکەم و لێتان ڕازی دەبم و دەتانخەمە بەهەشتەوە [ وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ (٤٠) ] وە بەتاك و تەنها لە من بترسێن...

قال تعالی: ﴿وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا ۝٣٤﴾ [الإِسۡرَاء : ٣٤] واتە : [ وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ ] وە کە پەیمانێکتان هەبوو بیبەنە سەرو وەفاتان بەرامبەری هەبێت و بیپارێزن [ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولًا (٣٤) ] لەبەر ئەوەی بەدڵنیایی مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر پەیمانەکانی پرسیاری لێ ئەکرێ...

قال تعالی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ﴾ [المَائِدَة : ١] واتە : {وەفابوون بەرامبەر بە پەیمان} [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ ] ئەی باوەڕداران وەفاتان هەبێت بەرامبەر ئەو عەقدو بەڵێننامەو پەیمانانەی کە داوتانە بە خوای گەورە وە لە نێوان یەکتریشدا بەیەکتریتان داوە جێبەجێی بکەن و بیبەنە سەر، یاخود ئەوەی کە خوای گەورە لە قورئاندا حەڵاڵی کردووەو حەرامی کردووەو فەرزی کردووەو دیاری کردووە ئێوە هەڵیمەوەشێننەوە...

لە (عقبە کوری عامر ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( أَحَقُّ ما أوْفَيْتُمْ مِنَ الشُّرُوطِ أنْ تُوفُوا به ما اسْتَحْلَلْتُمْ به الفُرُوجَ )) . صحيح البخاري برقم ( ٥١٥١).

واتە : ڕەواترینی مەرجەکانی کە داواتان لێ کراوە وەفای پێ بکەن ، ئەو مەرجانەیە داوێنی هاوسەرەکانتان پێ حەڵاڵ کردووە…

لە(ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( ثَلَاثَةٌ لا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَومَ القِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: رَجُلٌ علَى فَضْلِ مَاءٍ بالطَّرِيقِ يَمْنَعُ منه ابْنَ السَّبِيلِ ، وَرَجُلٌ بَايَعَ إِمَامًا لا يُبَايِعُهُ إِلَّا لِدُنْيَاهُ، إنْ أَعْطَاهُ ما يُرِيدُ وَفَى له وإلَّا لَمْ يَفِ له، وَرَجُلٌ يُبَايِعُ رَجُلًا بِسِلْعَةٍ بَعْدَ العَصْرِ، فَحَلَفَ باللَّهِ لَقَدْ أُعْطِيَ بِهَا كَذَا وَكَذَا فَصَدَّقَهُ، فأخَذَهَا، وَلَمْ يُعْطَ بِهَا )) . صحيح البخاري برقم (٧٢١٢).

واتە: سێ جۆر کەس خوا لە ڕۆژی دواییدا سەیریان ناکات و پاکیان ناکاتەوە ، وە سزای سەختیان بۆ هەیە : پیاوێك لە سەر ئاوێك بێت و لەرێگایەك دایە لە پێویستی خۆی زیاتر بێت ڕێگری ڕێبواری لێ بکات یان (بیخواتەوە ) ، پیاوێکیش بەیعەت یان پەیمان بدات بە پێشەوایەك تەنها لەبەر قازانجی دونیایی بەیعەتی یان پەیمانی بداتێ ، جا ئەگەر ئەوەی دەیەوێ پێشەوا پێی بدات پەیمانەکەی لە گەل دەباتە سەر ، وە ئەگەر نا پەیمانەکەی لە گەل نەباتە سەر ، پیاوێکیش پاش عەصر کاڵاکەی ئەوەندەی بفرۆشێت بە پیاوێك و سوێند بخوات بە خوا کە بەراستی ئەوەندەو ئەوەندەی پێداوە ، کریارەکەش باوەری پێ بکات و کاڵاکە ببات ، لە کاتێکدا ئەو نرخە پێ نەردراوە …

دەگێرنەوە دەڵێن : پێش دەست پێکردنی غەزاری بەدر پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەل هاوەڵانی دا راوێژی دەکرد لە بارەی کاروباری جەنگەکەوە ، لە ناو کۆچەکەریەکاندا (ئەبو بکر صدیق ) و (عمری کوری خەتاب ) – خوا لێ یان رازی بێت – ئەوە بوو ووتەی خۆیان ووت دەربارەی جەنگەکە بە جوانترین شێوە پێشکەش کرد ..!! پاشان پێغەمبەر ﷺ دەیوست گوێی لە بۆ چوونی ئەنصارەکانیش بگرێ ، بە تایبەتی کاتێ کە ئەوان بەڵێنیان پێدابوو پشتگیری لێبکەن و بانگەوازەکەی سەربخەن و یارمەتی دەری بن ..!! ئەوە بوو لە ناویاندا (میقدادی کوری عمر ) – خوا لێ رازی بێت- هەڵساوە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا لەسەر ئەو شتە برۆ بەردەوام بە کە لە لایەن ڕاست و چەپ و ئەوسا ( سعدی کوری موعاز ) – خوا لێ رازی بێت – هاتە گفتو گۆ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەراستی ئێمە ئیمان و باوەرمان هێناوە بە تۆ و بە ڕاستگۆمان داناویت و پەیمان گەواهی حەق و راستیمان پێداویت لەسەر ئەو پەیامەی کە هێناوتە ، فەرمانت بەچییە بیکە ئێمە لە گەڵتین ..؟!
پێغەمبەری خوا زۆر دڵخۆش بوو بە بۆچوونەکانیان و سەیری هات بە دڵسۆی و وەفادارییان بۆ بەڵێنە کانیان ...

دەگێرنەوە دەڵێن : دایکی ئیمانداران (خەدیجە ) – خوا لێ رازی بێت – ناوازەترین نموونەی ئافرەتانی جیهان بوو ، ئافرەتێکی زۆر بە وەفا ئەمەکدار بوو بۆ هاوسەرەکەی ، چونکە ئەو کاتێك دڵخۆش دەبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ دڵخۆش بووایە ، خەفەتبارو غەمبار دەبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ خەفەتبارو غەمبار دەبوو ، هەموو کات پشتگیری لێدەکرد لە کاتی نەهامەتەکان و ناخۆشیەکانی دا ، ئازارو زەحمەتێکی زۆری هەڵدەگرت لە پێناوی خوا دا ، لە بەرانبەریشدا پێغەمبەر ﷺ هەمووکات ئەو چاکە و بەخشنانەی لە بیر نەدەکرد لە بەرانبەر خێزانەکەی کە هەموو شتێکی بۆ بکردایە لە یادو لە بەر چاوی بوو ، وە زۆر بە وەفابوو بەرانبەر دایکی ئیمانداران (خەدیجە ) ..!! دوای ئەوەی کە دایکی ئیمانداران (خەدیجە ) کۆچی دوایی کرد ، پێغەمبەر ﷺ بە وەفا ترین کەس بوو بۆی و هەمووکات بە چاکە باسی دەکرد و هەرکاتێك هاوەڵێك یان خزمێکی (خەدیجە ) بینیبایە زۆر دڵخۆش و شادومان دەبوو ، تاکو ئەوەی رۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە لای دایکی ئیمانداران (عائیشە ) – خوا لێ رازی بێت – زۆر باسی (خەدیجە)ی کردو وەصفی مەدح سەنای کرد ، (عائیشە ) ووتی : ئایا ئەو هەر پیرێژنێك نەبوو کە (خوای گەورە ) بۆی گۆریویت و ئێستا لە وباشتری پێداوێت ..؟! پێغەمبەری خوا بەم قسەیەی دایکی ئیمانداران ( عائیشە ) زۆر توورە بوو ، پاشان فەرمووی : سوێند بە خوای پەروەردگارم لە وباشتری پێنەداوم ، کاتێ کە خەڵکی بروایان پێنەدەهێنام ئەو بروای پێهێنام ، کاتێ کە خەڵکی بە درۆزنیان دانام ئەو بە ڕاستگۆی دانام ، کە خەڵکی قەدەغەیان لێدەکردم ئەو پێی دەبەخشیم ، وە بێجگە لە ویش پەروەردگارم لە هیچ ئافرەتێکی تر منداڵی پێنە بەخشیوم ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : (ئەنسی کوری نەزیر ) لە بەر ئەوەی لە غەزاری بەدر بەشداری نەکرد بوو زۆر غەمبارو پەرێشان بوو ، بۆیە بەلێنی پەیمانی دابوو بە پەروەردگاری خۆی ئەگەر هاتوو جەنگێکی تر هەلگیرسا ئەوە زۆر بە چاکی لە پێناوی (خوای گەورە ) بنگێت کوشتاری بێ باوەران بکە ، ئەوە بوو دوای سالێك غەزاری (ئوحود ) هاتە پێش و فەرمان کرا بە موسلمانان خۆیان ئامادە بکەن بۆ غەزای (ئوحود ) ..!! ئیستا کاتی ئەوەیە کە (ئەنس ) بە وەفابێ لە بەرامبەر بەلینەکەیداو بەلێنەکە ی نەشکێنێت ، بەلێ (ئەنس ) بەلێنەکەی بردە سەرو زۆر بە چاکی و شکۆمەندو جوامێرانە چوو ناو مەیدانی جەنگە کەو بەرامبەر بە بێ باوەران راوەستا هەتاوەکو شەهید بوو ، هاوەلان دەلێن : هەشتا و ئەوەندە شوێنی شمشێریو رِم و تیری بەسەر لاشەیەوە بوو ، لە بەر زۆر برین و زامداری زۆری تەنها خوشکەکەی ناسییەوە و زانی کە (ئەنسی کوری نەزیرە ) ..!!

لە حەقی ئەم وەفاو بەلێنەی (ئەنسی کوری نەزیر ) — خوا لێ رازی بێت — (خوای گەورە ) ئەم ئایەتە پیرۆزەی دابەزاند :

قال تعالى: ﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ٢٣﴾ [الأحزاب: ٢٣] واته: [مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ ] (ئەنەسی کوڕی مالیك) دەفەرمێت: (ئەنەسی کوڕی نەزری) مامم لە غەزای (بەدر) بەشداری نەکرد، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئامادەی یەکەم غەزا نەبووم کە کوشتاری کافرانت کرد ئەگەر خوای گەورە یارمەتیم بدات ئامادە بم لە کوشتاری کافران دەمبینێت کە چی دەکەم، لە غەزای (ئوحود)دا کە موسڵمانان تێکشکان، وتی: خوایە من داوای لێبوردنت لێدەکەم کە هاوڕێکانم تێکشکان، وە بەریم لەوەی کە کافران دەیکەن، پاشان چووە پێشەوە (سەعدی کوڕی موعاز) پێی گەیشت، وتی: ئەی (سەعدی کوڕی موعاز) سوێند بێت بە خوای باوکم من بۆنی بەهەشت دەکەم لە لای (ئوحود)ەوە، (سەعد) فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەوەی (ئەنەسی کوڕی نەزر) کردی من نەمتوانی بیکەم، (ئەنەس) دەفەرمێت: بینیمان هەشتاو ئەوەندە برین بە لەشیەوەیە کە بە شمشێرو رم و تیر لێیدرابوو، وە کوژرا بوو وە لاشەی شێوێنرابوو کەس نەیناسیەوە تەنها خوشکەکەی نەبێت بە سەرەپەنجەکانی ناسیەوە، (ئەنەس) دەفەرمێت: ئەم ئایەتە لەسەر (ئەنەسی کوڕی نەضر)و هاوشێوەکانی دابەزیوە: لەناو پیاواندا کەسانێك هەن کە ڕاستگۆ بوونە لەو بەڵێنەی کە بە خوای گەورەیان داوە کە بەرگری لە دینی خوای گەورە بکەن [ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ ] جا هەیانبووە بەڵێنەکەی جێبەجێ کردووە کە بەڵێنیان داوە کە بگەن بە دوژمن کوشتاریان بکەن، یاخود مردوونەو شەهید بوونە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: (طلحة لەم کەسانەیە) [ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ ] وە هەشیانە چاوەڕێیە کە ئەجەلی بێت و لە پێناو خوای گەورە بکوژرێ [ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (٢٣) ] وە ئەو بەڵێنەی کە بە خواو پێغەمبەری خوایان داوە - صلى الله عليه وسلم - نەیانگۆڕیوەو بەردەوام بوونە لەسەری...

٦-لە بارەی لە خۆبوردەیی یان خۆنەویستی (**الایثار** )

واتە : پێشخستنی بەرژەوەندی خەلك و موسلمانان بەسەر بەرژەوەندی خۆتدا بە مەبەستی رەزامەندی (خوای گەورە ) .

خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ۝٣٧ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ۝٣٨ فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ۝٣٩﴾ [النَّازِعَات : ٣٧ - ٣٩] واتە : ئەو کەسەی لە دونیادا کوفری کرد بێت بە خوای گەورەو تاوان و سەرکەشی کرد بێت و سنووری بەزاند بێت..!! وە ژیانی دونیای پێشخستبێ بەسەر قیامەت و دینەکەیداو لە حەرام نەگەڕابێتەوە..!! ئەوە بە دڵنیایی دۆزەخ شوێنی گەڕانەوەی ئەوانەو لە دۆزەخدا ئەمێننەوە...

خوای گەورە دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ۝٩﴾ [الحشر : ٩] واتە : [ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ ] ئەو موسڵمانانەیان خۆش ئەوێ کە لە مەککەوە کۆچیان کردووەو هاتوونە بۆ لای ئەمان وە چاکەیان لەگەڵدا ئەکەن [ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا ] وە ئەوەیشی کە موهاجیران پێیان بەخشراوە لە پلەو پایەو رێزو غەنیمەت و ئەو شتانە ئەمان حەسوودیان پێ نابەن، لە فەیئدا تەنها موهاجیران بەشیان دراو ئەنصارییەکان بەشیان نەدرا تەنها دوو کەسی فەقیر نەبێ لە ئەنصاریەکان کە زۆر پێویست بوون پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - پێی دان، کە (سەهلی کوڕی حونەیف و ئەبو دوجانە سەمماکی کوڕی خرشە) بوون، جا ئەمان حەسوودی نابەن بە موهاجیران کە ئەو ماڵەیان دەست ئەکەوێ [ وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ] وە ئەنصارییەکان موهاجیران پێش خۆیان ئەخەن لە شتی دونیاییدا ئەگەر خۆیشیان زۆر پێویستیان پێ بێت و زۆر فەقیر بن، وەکو ئەو کەسەی کە میوانی پێغەمبەری خوا بوو - صلى الله عليه وسلم - کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - کەسێکی نارد بۆ لای خێزانەکانی ئەوان وتیان جگە لە ئاو هیچ شتێکمان نیە بیدەینێ، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: (رەحمەتی خوا لە کەسێك بێت ئەمشەو ئەم میوانەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەباتەوەو میوانداری بۆ ئەکات)، (ئەبو تەڵحەی ئەنصاری) بردیەوەو بەخێزانەکەی وت: میوانی پێغەمبەری خوایە - صلى الله عليه وسلم - هیچ شتێك هەڵمەگرەو چی هەیە بیهێنە، ئەویش وتی: سوێند بە خوا تەنها خواردنی منداڵەکانە، وتی: ئەگەر منداڵەکان داوای خواردنیان کرد بیانخەوێنەو بیدە بە میوانەکەو چراکە دەکوژێنینەوەو خۆمان هیچ ناخۆین، وایان کرد، بەیانی کە چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - پێی فەرموو: خوای گەورە سەرسام بوو بەم ژن و پیاوەو خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەسەریان دابەزاند [ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٩) ] وە هەر کەسێك لە ڕەزیلی و چروکی و ڕژدی نەفسی، خۆی بپارێزێ و خۆی پاك بکاتەوە ئەو کەسانە بەڕاستی سەرفرازو سەرکەوتوون، بەوەی کە زەکاتی ماڵەکەی بدات یان حەقی تری تیابێ بیدات...

( ماليك كوری دینار ) – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەگێڕێتەوە دەڵێت :پێشەوای باوەڕداران (عمری كوری خەتاب ) – خوا لێ رازی بێت - خزمەتكارەكەی بانگ كرد بڕە پارەیەكیكی دایە كە چوار سەد دینار بوو ، فەرمووی : ئەمە ببە بۆ (ئەبو عبیدەی جەراح )- خوا لێ رازی بێت – ماوەیەك لەوێ بمێنەوە تابزنی چی لە و بڕە پارەیە دەكات ..!! خزمەتكارەكەش بڕە پارەكەی بر بۆ (ئەبو عبیدەی جەراح ) پی ووت : ئەمە پێشەوای باوەڕداران (عمری كوری خەتاب ) ناردوویەتی تا بۆ هەندێ پێویستی بەكاری بهێنی ..!! ئینجا (ئەبو عبیدەی جەراح ) خزمەتكارەكەی بانگ كردو ووتی : ئەم پێنج دینارەم بۆ بەرە بۆ فلان كەس ، ئەو حەوت دینارەم بۆ بەرە بۆ فلان كەس ، ئەم پێنج دینارەم بۆ بەرە بۆ فلان كەس تا هەموو پارەكەی بەم شێوە بەخشی ..!!

پاشان خزمەتكارەكەی پێشەوای باوەڕداران گەڕایەوە بۆ خزمەتی و هەموو ڕووداوەكەی بۆ پێشەوای باوەڕداران (عمری كوری خەتاب ) گێڕایەوە ، پاشان بە ئەندازەی ئەوەی پێشووی دایەوە بە خزمەتكارەكەی فەرمووی : ئەمەیان ببە بۆ (مەعازی كوری جەبەل ) – خوا لێ رازی بێت - ، ئینجا خزمەتكارەكە بەهەمان شێوە پارەكانی بر بۆ (مەعازی كوری جەبەل ) ئەویش ووتی : ئەوا پێشەوایی باوەڕاداران ئەم پارانەی بۆ ناردووی تا بۆ پێویستی خۆت خەرجی بكەیت ، ئەویش دوعای خێری بۆ پێشەوا (عمری كوری خەتاب ) كردو پاشان خزمەتكارەكەی خۆی بانگ كردو ئەو پارەی بۆ هاتبوو دایە دەست خزمەتكارەكەی و فەرمووی : ئەوندە ببە بۆ مالی فلان كەس لە پارەیە ، وە ئەوەندەی تریشی ببە بۆ مالی فلانەكەس خێزانی (مەعاز كوری جەبەل ) بەوەی زانی كە پارەی لایە ووتی : واللە ئێمە خۆشمان زۆر هەژارین بەشی خۆشمان بدە ..!! پاشان سەیری كرد چەندی لاماوە هیچی وانە مابوو تەنها دوو دینار نەبێ ، ئەوەی دا بە خێزانەكەی بۆ خۆیان ..!! پاشان خزمەتكارەكەی پێشەوای باوەڕداران (عمری كوری خەتاب ) گەڕایەوە بۆ لای ڕووداوەكەی بۆ گێڕایەوە ، پێشەوا (عمر ) فەرمووی ئەوانە دلیان پەیوەستە بەیەكەوە و برای ڕاستەقینەن )..؟! . القرطبی (١٨/١٩).

تێبینی : ئەم دوو كەسە هەردووكیان فەرماندە و ئەمیری سوپایی موسلمانان بوونە لە وەلاتی شام ، بەرژەوەندی خەلكیان خستە پێش بەرژەوەندی خۆیان ، ئەوەندە خەمی خەلكیان بووە ئەوەندە خەمی خۆیان نەبووە ، ئەگەر سەیری ئەم سەردەمە بكەین هەر ماشا اللە ئەگەر كاربەدەستێك بڕە پارەیەكی دەست كەوێت لە لایان دەولەتەوە ئەوا بە غەنیمەت و دەست كەوتی دەزانی هەر خەمی خۆی و مال و مندال و خزم و كەس و كارەكەیەتی ...

دەگێڕنەوە دەلێن : جارێكیان كۆمەلێك پیاو ڕۆیشتن بە سەردانی هاوڕێیەكیان كە ژمارەی میوانەكان لە سی كەس زیاتر بوو ، بەلامی لە مالی هاورێكەیان نانی كەمی لێ بوو كە بەشی نەدەكردن ، یەكێ لە هاورێكان پێشنیاری ئەوەی كرد كە هەموو خواردنەكە لە قاپێكدا دانێن تاكو بەشیان بكات..!! یەكێكی تریان پێشنیاری ئەوەی كرد لە كاتی خواردن چراكە بكوژێنێتەوە هەتا هەر كەسەو ئەوەندە بخوات بە قەدەری پێویستی خۆی ، تاكو كەس هەست بە نارەحەتی شەرم كردن نەكات ..!! بەلێ خواردنەكەیان هێناو لە ناوەڕاستدا دایان ناو لە دەوری كۆبوونەوە ، ئینجا چراكەیان كوژاندەوە ، ماوەیەك مانەوەو لە پاشان هەلیانكردەوە ، بەلام شتێ زۆر سەیریان بینی ..!! ئەویش ئەوە بوو ئەو خواردنە چۆن دانرابوو ئاوەها هیچ كەمی نەكردووە ..!! چونكە هەموویان لە خۆیان بوردن ، زال بوون بەسەر نەفسی خۆیاندا ، كەسیان دەستیان بۆ ئەو خواردنە نە برد بوو ، بە برسێتی مابوونەوە ، هەموویان وازیان لێهێنا بوو تاكو هاوڕێكەی تری بیخوات ...

دەگێرنەوە دەڵێن : جارێکیان دایکی ئیمانداران (عائیشە ) — خوا لێ ڕازی بێت — گوێی لە دەنگی دەرگابوو کاتێك چوو بینی ئافرەتێکی هەژار و دووکچی منداڵ پێیەو داوای خواردن دەکات ، لە ماڵی (عائیشە ) لە ڕۆژەدا لە سێ دەنکە خورما زیاتری لێ نەبوو ، هێنای دای بە ئافرەتە هەژارەکە ، دایکە هەژارەکەش هەر دەنکە خورمایەکی دا بە منداڵێکیان سێهەم خورمای بۆ خۆی هەلگرت ..!! منداڵەکان خورماکانی خۆیان خوارد و سەیری دایکیان دەکرد کە خورمای بەدەستەوەیە ، دایکە کەش بێ دوو دڵی کردی بە دوولەتەوە و هەر منداڵەی لەتێ خورمای دایە دەستی ..!! لەبەر منداڵەکانی خۆی بە برسی هێشتەوە ..!! (عائیشە ) زۆری لاسەیر بوو ئەم دایکە چۆن وایکرد بۆ منداڵەکانی ..!! کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەوە (عائیشە ) بەسەر هاتەکەی بۆ باسکرد کە ئەو دایکە چەندە هەڵوێستی جوان و سەیری بوو لە خۆی بورد یان خۆنەویشت بوو لەبەر خاتری منداڵەکانی ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ( إن الله قد أوجب لها بها الجنة) . واتە (خوای گەورە بە هۆی ئەو کارەوە بەهەشتی پێ بەخشی ...

دەگێرنەوە دەڵێن : لە غەزای یەرمووکدا (حارسی کوری هیشام ) و (عکرمەی کوری ئەبی جەهل ) و (عیاشی کوری ئەبی ڕەبیعە)- خوا لێ یان ڕازی بێت - زۆر بە سەختی بریندار بوون ، لە ناو خێمەی بریندارەکاندا کەوتبوون ، (حارس) داوای ئاوی کرد بۆ پیاوێك ئاوی بۆ هێنا کاتێك نزیکی کردەوە لە دەمی تاکو بیخواتەوە ، (حارس ) سەیری کرد (عکرمە ) سەیری ئاوەکە دەکات ، زانی ئەویش تینوویەتی دیەوێ ئاوبخواتەوە ..!! (حارس ) ووتی : ئەم ئاوە ببە بۆ (عکرمە ) بیدە بەو کاتێك ئاوەکەی برد بۆ (عکرمە ) لە تەنیشتیدا (عیاش ) بریندار بوو کەوتبوو ، (عکرمە ) حەزی زۆر لە ئاو بوو تێبینی کرد (عیاش ) سەیری ئاوەکە دەکا ..!! (عکرمە ) بەو پیاوەی ووت : بیبە بۆ (عیاش ) ، کاتێك پیاوەکە ئاوەکەی برد بۆ (عیاش ) بینی شەهید بووە مردووە..!! گەڕایەوەو ئاوەکەی بردەوە بۆ (عکرمە ) بینی ئەویش شەهید بووە مردووە ..!! گەڕایەوە بۆ لای (حارس ) بینی ئەویش شەهید بووە مردووە ، هەر سێکیان شەهید بوون ..!!

تێبینی : هەر کەسەو **(لایثار )** کرد بۆ برا کەی تری ، تا ئەو ئاوەکە بخواتەوە تەنانەت لەو چرکەساتەی ژیاندا کە زۆر هەستیارە ، پێویستی بە ئاوە ، ئەمەیە لەخۆبوردەیی و خۆنەویستی بۆ برا موسلمانەکەی ... تفسیر ابن کثیر (٤/٣٣٨) .

بەڵێ لە خۆبوردەیی و خۆنەویستی یەکێکە لە ڕەوشتە جوانەکان کە موسلمان خۆشی لەزەتیان لێوەرگرتووە بەراستی بە خشیویانە لەوەی (خوای گەرە ) پێیداون ، با زۆر لە نارەحەتی و پێویستیشدا بووبن ..!! بێ گومان لەخۆبوردەیی و خۆنەویستی ئەوەیە موسلمان پێویستی برای موسلمان پێش پێویستی خۆی بخات ..!! لە بەر پاداشتی گەورە لە لای (خوای گەورە) ، چونکە لە خۆبوردەیی و خۆنەویستی پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ بەستنەوەی دڵەکان بەیەکەوەو بەهێزکردنیان ، وە تۆوی خۆشەویستی لە نان دڵەکان دەروێنی ..!!

## ٧-لەبارەی شەرم (الحياء ) :

شەرم خۆپارێزیە لە شتانێك کە ناشرین و قێزەونە یان لە شتانێك کە نهیی کراوە قەدەغەکراون لە ڕووی شەرع ئاین و عەقل و عورفەو دابوونەریتی هەر گۆمەلگایەك ..!! چونکە شەرم رەوشتێکە واله مرۆڤ دەکات واز لە کردارو گوفتاری نابەجێ بهێنێ وەحەقی خاوەن حەق پێشێل نەکات ..!! شەرم پاراستنی نەفس و دەروونە نەبادا تووشی کارێکی ناشیرین بێت وە سەرئەنجام سەرزەنشت بکرێت ..!!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ﴾ [القَصَص : ٢٥] واتە : [شەرم و شکۆی ئافرەت] [ فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاءٍ ] دوای ئەوەی کە دوو ئافرەتەکە ئەمڕۆ زوو گەیشتنەوە ماڵەوە باوکیان پرسیاری لێ کردن چۆن وا زوو هاتنەوە؟ بۆیان گێڕایەوەو وتیان: پیاوێك ئاوی ئاژەڵەکانی بۆ داوین، ئەویش ناردی بە شوێنیداو یەکێکیان بە شەرمەوە هاتەوە بۆ لای موسى - صلى الله عليه وسلم - (کراسەکەی دابوو بەسەر روویدا)...

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡ﴾ [الأَحۡزَاب : ٥٣] واتە : چونکە بە دڵنیایی ئەمە ئازار بە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەگەیەنێ وە ئەویش شەرم ئەکات لێتان کە ئیزنتان بدات، کاتێك پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - (زەینەبی کچی جەحش)ی خێزانی گواستەوە، وە صەحابەی دەعوەت کرد بۆ نان خواردن کە نان و گۆشت بوو، دوای نان خواردن سێ کەسیان مانەوەو نەڕۆیشتن تا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند...

لە (سلمان فارسی ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إنَّ اللهَ حَيِيٌّ كريمٌ يستحيي إذا رفع الرجلُ إليه يدَيه أن يردَّهما صِفرًا خائبتَين )). سنن الترمذي برقم (٣٥٥٦).

واتە : پەروەردگاری بەرز و شکۆمەندتان زۆر بە حەیا و بەرێزە و نازو نیعمەت بەخشە بە بەندەکانی ، حەیا دەکا ئەگەر بەندەیەکی باوەرداری دەستەکانی بۆ بەرزبکاتەوە بە خالی یان بە بەتالی بیانگێڕێتەوە ...

لە ( زيد بن طلحة بن ركانة) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( لِكلِّ دينٍ خُلُقٌ، وخُلقُ الإسلامِ الحياءُ وَفي روايةِ إسحاقَ : وإنَّ خُلُقَ الإيمانِ الحياءُ )) البيهقي شعب الايمان (٢٦١٩/٦).

واتە : هەموو ئایینێك ئاکارو رەوشتی خۆی هەیە ، وە ئاکارو رەوشتی ئیسلام حەیا و شەرمە ، -لە ریوایەتی (ئیسحاق )هاتووە – ئاکارو رەوشتی ئیمان حەیاو شەرم کردنە ..؟!

لە (ابو مسعود عقبة بن عمرو ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێنەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إنَّ ممَّا أدْرَكَ النَّاسُ مِن كَلامِ النُّبُوَّةِ، إذا لَمْ تَسْتَحْيِ فاصْنَعْ ما شِئْتَ )) . صحيح البخاری برقم (٣٤٨٤).

واتە: بێ گومان یەکێك لەو ووتەی پێغەمبەرایەتی کە بەخەڵك گەیشتووە ئەمەیە ،ئەگەر شەرمت نەکرد ئەوە چی دەتەوێت بیکە..؟!

دەگێڕنەوە دەڵێن : ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ دەڕۆیشت بەیەکێ لە ڕێگاکانی ناو شاری مەدینەدا ، بینی پیاوێك لە پشتیوانان (ئەنصار) سەرزەنشتی براکەی دەکا ، وەلۆمەی دەکا لەسەر ئەو هەموو شەرم و حەیایەی کە هەیەتی ،وە ئامۆژگاری دەکات بەوەی کە ئەوەند شەرم مەکەو کەمی بکەرەوە ، وەشەرمنیت لای خەلك ئاشکرامەکە با فرسەتت لێ نەهێنن ..!! پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەیدان و ڕوونکردنەوەیدا بۆ کابرای ئەنصاری فەرمووی : خۆرازاندەوە بە شەرم و حەیا کەمن و عەیب نییە ، بەلکو شەرم کردن جوانی و زینەتە بۆ باوەردار ، وە خێر و چاکەیە بۆی ، فەرمووی : بە کابرا وازی لێبێنە چونکە شەرم لە ئیمانەوەیە ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : جارێکیان هاوەلی بەڕێز (عەبداللەی کوری حارس ) — خوا لێ ڕازی بێت — لەگەل هاوەلێکیدا دەڕۆیشتن بینیان کۆمەلە گەنج ولاوێکی قورەیشی ، جلەکانیان داکەندووە بە ڕووتی دەگەڕێن بەوناوەدا ، وە گەنجەکان جلەکانیان ئالآندبوو بەیەکەوە بەستبوویان وەك گوریس هەندێکیان لە هەندێکی تریان دەدا و بە گوریسە ، وە پێدەکەنین و گاڵتەیان دەکرد ..!! پاشان (عەبداللە ) هاوەلەکەیان بینی هیچ گوێیان پێنەدان و بەردەوام بوون لەسەر گاڵتەو یاری کردنی خۆیان ، هیچ شەرم حەیایەك نەیگرتن لەو هاوەلە بەڕێزانە ، وە پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ بەوێدا تێپەری ، کە پێغەمبەریان بینی ، ئینجا بلآوەیان لێ کرد و ڕایانکرد خۆیان شاردەوە تا پێغەمبەر ﷺ نەیان بینێ ، پێغەمبەر ﷺ زۆر توورەبوو گەڕایەوە بۆ مالەوە ، فەرمووی : ( پاکی و بێ گەردی بۆ خوا، شەرم لە خوا ناکەن ، بەلآم شەرم لەمن دەکەن و خۆیان دادەپۆشن ..!! دایکی (ئەیمەن ) — خوا لێ ڕازی بێت — دانیشتبوو تورەیی بەدەم چاوی پێغەمبەر ﷺ بینی ، فەرمووی : داوای لێ خۆشبوونیان بۆ بکە لە خوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر داوای لێ خۆشبوونیان بۆ نەکەی ، ئەوە بەردەوام حەیا و شەرمیان دادەبەزێ ئەوکارە دووبارە دەکەنەو پێغەمبەر ﷺ دوعای بۆ کردن ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : ئافرەتێك کە ناسراو بوو بە دایکی (خەلاد ) — خوا لێ ڕازی بێت — زانی کورەکەی لە یەکێك لە غەزاکان شەهید کراوە ڕۆیشت بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری کرد لە بارەی حال و ئەحوالی کورەکەیەوە ، دایکی (خەلاد ) ئافرتێك بوو نەقابی کردبووە واتە: دەم چاویشی داپۆشی بوو بە جوانی ، کە خەلکەکە بینیان سەر سورمانی خۆیان دەربری لەوەی کە ئەم ئافرەتە تەنها مویەکیش بەدەرەوە نیە و داپۆشراوە ، وە دەم و چاویشی داپۆشراوە ، کارێك ناکات وەکو ئافرەتانی تر ، چونکە بەڕاستی زۆرێك لە ئافرەتان لەمانای پۆشتەیی و حیجاب حالی نین ، بەلکو ئەم ئافرەتە زۆر ڕەوشت بەرز و بێ فیز و خۆپارێزە ،زۆر خۆشحال بوو بەوەی کە (خوای گەورە ) بەسەری کردۆتەوە بەوەی کە بووەتە دایکی شەهید ..!! یەکێ لە دانیشتوان ووتی : تۆ ئافرەتێکی ئاوایت کەچی هاتووی پرسیار لە حالی کورەکەت دەکەی ..؟! دایکی (خەلاد ) ووتی : من ئامادەبووم کورەکەم لە دەست بدەم هیچ کات ئامادەنیم حەیا و شەرم لە دەست بدەم ...

٨-لەبارەی ڕاستگۆیی (الصدق ) :

ڕاستگۆیی  واتە : بوونی هێز لە شتێکدا وتە بێت یان کردار ، ئەمەش بەرامبەر بە درۆ کە هیچ هێزی تێدا نیە ..!!

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ١٥﴾ [الحُجُرَات : ١٥] واتە: [ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ] تەنها ئیمانداری ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە ئیمانیان بە خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - هێناوە [ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ] پاشان هیچ گومانێك تێکەڵ بەو ئیمانەیان نەبووە وە جیهادیان کردووە لە پێناو خوای گەورە بە ماڵ و گیانیان [ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (١٥) ] ئا ئەو کەسانە ڕاستگۆن لە ئیمان هێنانیان، نەك ئەو دەشتنشینانەی کە بانگەشەی باوەڕ دەکەن...

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوۡمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدۡقُهُمۡۚ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١١٩﴾ [المَائـِدَة : ١١٩] واتە : [ قَالَ اللَّهُ هَذَا يَوْمُ يَنْفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ ] خوای گەورە فەرمووی: ئەمە ڕۆژێکە ڕۆژی قیامەت ئەو کەسانەی کە لە دونیادا ڕاستگۆبوونە ئێستا ڕاستگۆییەکەیان سوودیان پێ ئەگەیەنێ، (ابن عباس) ئەفەرمێت: ڕۆژێکە یەکخواپەرستی سود بە یەکخواپەرستان دەگەیەنێت [ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ] ئەوە لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە ئەیانخاتە بەهەشتەوە کە پڕە لە باخ و باخات و جۆگەلە ئاو بەژێر خانو دارەکاندا تێ ئەپەڕێ [ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ] بەهەمیشەیی و بەنەمری تیایدا ئەمێننەوە [ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ ] خوای گەورە لێیان ڕازیە بەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیا کردوویانە [ وَرَضُوا عَنْهُ ] ئەوانیش بەو بەش و پاداشتەی کە خوای گەورە ئەیانداتێ پێی ڕازین کە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە [ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١١٩) ] ئا ئەمە بردنەوەی هەر گەورەیە کە مرۆڤ بچێتە بەهەشتەوە...

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩﴾ [التَّوۡبَة : ١١٩] واتە: [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ ] ئەی باوەڕداران ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن [ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ (١١٩) ] وە لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن، واتە لەگەڵ پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - هاوەڵان بن...

لە (حسن کوری علی ) — خوا لێ ڕازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( دَعْ ما يُريبُك إلى ما لا يُريبُك , فإنَّ الصِّدقَ طُمأنينةٌ, والكذبَ رِيبةٌ )) . سنن الترمذي برقم ( ٢٥١٩).

واتە: واز لەوە بهێنە کە دەتخاتە گومانەوە ، بۆ شتێك کە ناتخاتە گومانەوە ، چونکە بێ گومان ڕاستگۆیی دڵنیاییە ، درۆ و دەلەسەش دوودڵییە ...

دەگێرنەوە دەڵێن : بە لوقمانی حەکیم ووترا : تۆ بەندەی فلان کەس نەبوویت ..؟! فەرمووی : بەڵێ . ووتیان : ئەی چۆن گەیشتیتە ئەم پلە و پایەو شکۆمەندیە ..؟! فەرمووی : تەقوای خواو  ڕاستگۆیی لە قسەدا و گێڕانەوەی ئەمانەت و وازهێنان و لەشتێ کە پەیوەندی بە منەوە نەبێت ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : جارێکیان هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ (ببلال کوری رەباح )- خوا لێ رازی بێت- لە گەل براکەیدا رۆشت بۆ ئەوەی داخوازی ئافرەتێکی لە هۆزی قورەیش بۆ بکات ، کاتێ چوون لای کەس و کاری ئافرەتەکە داخوازی بکەن ، (بیلال) پێی ووتن : ئێوە هەموو شتێك دەربارەی من و براکەم دەزانن و شارەزان ، ئێمە دووکەسی بەندە بووین خاوەنی خۆمان نەوبووین ، (خوای گەورە) ئازادی کردین ، ئێمە گومراو بێدین بووین ، (خوای گەورە ) رێ نیشانداین بۆ ئیسلام ، ئێمە هەژار بووین ، (خوای گەورە) دەولەمەندی کردین ، ووتیان : بەلێ وایە ئەی بیلال ..!! بە چاکی ئەوە دەزانین چیت دەوێت ..؟! ئەویش ووتی : هاتووومم داخوازی کچەکەتان بکەم بۆ براکەم ، ئەگەر پێی دەبەخشن سوپای خوا دەکەم ئەگەر رازیش نابن دەسەڵاتمان نیە (فلا حول و ولاقوة إلا بالله).
کەس وکاری ئافرەتەکە رۆشت بۆ راوێژی خۆیان ، یەکێکیان ووتی : ئێوە پلەوپایەی (بیلال ) لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەزانن کچەکەتان بدەن بە براکەی ، بە دڵنیاییەوە خێری تیایە ، ئەوانیش رازی بوون ، پاشان رۆیشن بۆ ئەوەی هەوالی رازی بوونەکە بە (بیلال ) و براکەی بدەن ، کاتێ چونە دەرەوە ماڵئاواییان کرد لەگەل راکەیدا ، براکەی بەگلەییە وە بە (بیلال ) ووت : ئەی (بیلال ) خوا لێت خۆش بێت ، ئایا باشتر نەبوو کە هەلوێستە جوانەکانمان لە ئیسلامدا لە ناو کورەکەدا باس بکەیت و خۆشت نەشکێن ..؟! (بیلال) پێی ووت : براکەم ، لە قسەکاندا راستم کردووە ئەوەش بووە هۆی ژن هێنانی تۆ ...

دەگێڕنەوە دەڵێن : (ابو هريره ) شەوێك بینی وا دزێك لە مالی موسلمانان (بيت مال ) دزی دەکات و پەلاماری داو گرتی کابرا ووتی : کاکە من زۆر مەحتاجم و هەژارم ، مال و مندال خێزانم هەیە زۆر پێویستیم پێ یە ..!! (ابو هريره ) بەزەیی پێدا هاتووە وازی لێ هێنا ..!! بۆ بەیانی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشت بە (ابو هريره ) پێی فەرموو : ئەی (ابو هريره ) ئەی (ابو هريره ) ئەسیرەکەی یان دیلەکەی شەوی رابردووت چی لێکرد ..؟! ئەویش ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لێم پارایەوە و باسی حالی خۆی کرد کە هەژار بوو ، مال و خێزان و مندالی زۆرە ، منیش رێگەمدا بڕوات ..!! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەو درۆی لە گەل کردیت و دەشگەڕێتەوە ..!! بەلێ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستی فەرموو بۆ جاری دووەم و سێهەمیش گەڕایەوە و هەردوو جارەکە (ابو هرير) دەیگرێت و ئەویش داوای لێبوردنی دەکرد تا رزگاری بکات ، جاری سێهەم کە سوور بوو لەسەر ئەوەی بیبات بۆ خزمەت پێغەمبەر..!! کابرا پێی ووت : وازم لێ بهێنە چەند ووشەیەکت فێردەکەم ، (خوای گەورە ) بە هۆیانەوە سوودت پێ دەگەیەنێ ، (ابو هريره ) ووتی : چیم فێر دەکەیت ..؟! ئەویش ووتی : ئەگەر چوویتە سە رجێگەت ئایەت الکورسی بخوێنە تاکووتایی ئایەتەکە ئەگەر وات کرد (خوای گەورە ) پارێزەرێکت بۆ دەنێرێ و تابەیانی شەیتان لێت نزیك ناکەوێتەوە ، ئەو شەوەش (ابو هريره ) وازی لە کابرا هێنا ..!! بۆ بەیانی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری ڕووداوەکەی لێکرد (ابو هريره ) بۆی گێڕایەوە کەچی ڕوویداوە و ئەویش چی پێی ووتوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەوەی پێی ووتی ڕاست دەکات ، بەڵام خۆی درۆزنە ..!! ئینجا بە (ابو هريره) فەرموو : ئەی (ابو هريره ) دەزانی ئەم سێ شەوە قسەت لەگەل کێ دا دەکرد ..؟! ئەویش ووتی : نەخێر . فەرمووی : ئەوە شەیتان بوو...

دەگێرنەوە دەلێن : پیاوێك کەم و کوری ناتەواوی زۆر بوو ، زۆر هەولیدا بۆ چاککردنی ناتەواوییەکانی ، بەلام نەیتوانی و سەرکەوتوو نەبوو ، ناچار رۆشت بۆ لای زانایەکی ناسراو و لە خواترس و ئیماندار ، سکالای حالی خۆی کرد ، پاشان داوای لە زاناکە کرد چارەسەر و ئامۆژگارییەکی بکات ..!! مامۆستاکەش یەکەمجار داوای لێکرد لە تەنها چارەسەری یەك سیفەتی خراپی خۆی بکات کە "درۆیە" وە ئامۆژگاری کرد لە هەموو کات و شوێنێکدا ڕاستگر بێت و پەنا بۆ درۆ نەبات ، کابرا سەرسام بوو ، لە دەروونی خۆیدا پرسیاری کرد ، دەبێت پەیوەندی نێوان ڕاستگریی و سیفاتە خراپەکانی تر چی بێت ، بەلام هەر چۆن کابرا بڕیاریدا بەگوێی ئامۆژگاری مامۆستا بکات ..!! ڕۆژان هات و ڕۆژان ڕۆیشت ، کابرا ویستی شەراب بخوات ، چوو ئامادەی کرد و پەرداخێکی پرکرد ، کاتێ بەرزی کردەوە بۆ دەمی لە دلی خۆیدا ووتی : ئەگەر مامۆستا پرسیاری لێکردم ، ئایا هەوالی بدەمێ کە ئەم گوناهەم کردووە ..؟! یان درۆی لەگەل بکەم ..؟! نەخێر . ناخۆمەوە و درۆشی لەگەل ناکەم ، چونکە بڕیارم داوە ، بەم شێوەیە ، هەر کات کابرا دەیویست گوناهێك ئەنجام بدات ، وازی لێ دەهێنا بۆ ئەوەی لە لای مامۆستاکە درۆ نەکات ..!! بەرۆشتنی کات وردە وردە کابرا وازی لە سیفاتە خراپەکانی هێنا ، ئەمەش لە سەر ئەنجامی پابەند بوونی بە ڕاستگۆیی و دوور کەوتنەوە لە درۆ کردنەوە...

دەگێرنەوە دەلێن : یەکێك لە زاناکانی فەرموودەناس کە سەرقالی کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ، بۆ ئەوەی بیان نووسێتەوە و تۆماریان بکات ، هەوالی بیست پیاوێك فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ لایە یان لە بەر کردووە ، ئەویش بۆ وەرگرتنی ئەم فەرموودەیە بەرێکەوت و ڕۆیشت بۆ لای پیاوەکە ، کاتێك زاناکە گەیشتە لای پیاوەکە بینی وا لایەکی کراسەکەی گرتووە وە ئەوەی خۆراکی تێدابێت ، وە بانگی ئاژەلەکە یان ولاخەکەی دەکرد ، ئەویش خێرا دەچوو بۆ خواردنی شتەکە ، کە گەیشتە لای پیاوەکەی خاوەنی ، ئەویش گرتی و بردیەوە بۆ مالەوە ، زاناکە لێی پرسی ..؟! ئەوە هیچ خۆراکێك لە ناو کراسەکەتدا هەبوو بۆ ولاخەکەت کە بانگت کرد ..؟! ئەویش ووتی : نەخێر , هیچ خۆراکی تێدا نیە ، بەلکو ئەوە بوو فێلم لێکرد تا بیگرمەوە ..!! ئیتر زاناکە بەمەی زانی زۆر تووڕە بوو ، پێش ئەوەی داوای فەرموودەکەی لێ بکات و لێی وەربگرێ یەکسەر بەجێ هێشت و ڕۆشت ، پیاوەکەش بانگی کرد ، چاوەڕێبە تاکو فەرموودەکەت بۆ دەلێم ، بەلام زاناکە لە ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو بەدەم ڕێگەوە بە پیاوەکەی ووت : بەڕاست نازانم ، چونکە تۆ لەگەل گیانلەبەراندا درۆ دەکەیت ، من فەرموودە لە کەسی درۆزن وەرناگرم ...

بەلێ موسلمان هەمیشە سوورە لە سەر ڕاستگۆیی لەگەل هەموو کەسێکدا ، وا دەزانێ پێچەوانەی ڕاستی درۆیە ، ئیتر جیاوازی نییە لە نێوان درۆیەکی بچووك لەگەل درۆیەکی گەورە هەر دووکیان لای (خوی گەورە ) هەر بە درۆ کردن تۆمار دەکرێن ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : جارێکیان دایکێك بانگی مندالە بچووکەکەی دەکات و دەلێ : وەر شتێکت پێ دەبەخشم ..!! پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لێ دەبێت ، پرسیار لە ئافرەتکە دەکات ، دەتەوێت چی پی ببەخشیت ..؟! ئەویش ووتی : خورما . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەگەر شتێکت پێنەبەخشیایە دریەك لەسەرت دەنووسرا ...

## ٩-لە بارەی بێ فیزی یان سادەیی بوون (التواضع) :

بەڵێ بێ گۆمان بێ فیزی یان سادەیی و خاکی بوون ، وەیان خۆ بەکەم زانین بەرانبەر (خوای گەورە) کە دەتەوێت لە بەردەم گەورەیی و شکۆمەندی گەورەیی دا بچووکی خۆت دەربخەیت ، وە لە گەل خەلکیدا ، یان ملکەچ بوون لەبەرانبەر حەق ڕاستی دا وە ڕەخنە نەگرتن لە بەردەم بڕیارەکانی شەرعدا ، بێ گومان (التواضع ) چیایە لەگەل (ذل) **واتە:** زەلیلی ، چونکە خۆبەکەم زانین لە ناسینی خواو سیفاتەکانی و گەورەیی و خۆشەویستی خواو ناسینی خود دروست دەکات ، بەلاّم زەلیلی سووکی وملکەچی بۆ جگە لە (خوای گەورە ) ئەوا کارو کردەوەی شەیتانە ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢١٥﴾﴾ [الشُّعَرَاء : ٢١٥] **واتە :** لە ڕۆژێك كە ڕۆژی قیامەتە هیچ شتێك سوودی نیە نە ماڵ و سەروەت و سامان نە منداڵ سوود بە هیچ کەسێك ناگەیەنێت و لە سزای خوای گەورە ڕزگاری ناکات...

(خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَن تَبۡلُغَ ٱلۡجِبَالَ طُولٗا ﴿٣٧﴾﴾ [الإسۡرَاء : ٣٧] **واتە :** [ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا ] وە بە فەخرو شانازی کردن و لووتبەرزی بەسەر زەویدا مەڕۆ [ إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الْأَرْضَ ] بەدڵنیایی تۆ ناتوانی زەوی ببڕیت [ وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا (٣٧) ] وە ناگەی بە درێژایی شاخەکان و ئەوەندە گەورە نیت ئیتر بۆ فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا ئەکەی...

**لە (عیاض کوری حمار)-** خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إنَّ اللهَ أوحى إليَّ أن تواضَعوا حتى لا يبغيَ أحدٌ على أحدٍ، ولا يفخرَ أحدٌ على أحدٍ )) سنن ابوداود برقم (٤٨٩٥).

واتە: (خوای گەورە) وەحی بۆ من کردووە : کە بێ فیز بن و سادە بن ، وە خۆتان بەکەم بگرن بە جۆرێ کەس زوڵم و ستەم لە کەس نەکات و ، کەس بەسەر کەسدا فەخرو شانازی نەکات و کەس خۆی لە کەسی تر بەگەورەتر نەزانێ ...

لە (ابو هريره ) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((ما نَقَصَتْ صَدَقةٌ مِن مالٍ، وما زادَ اللَّهُ عَبْدًا بعَفْوٍ إلَّا عِزًّا، وما تَواضَعَ أحَدٌ لِلَّهِ إلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ )). صحيح المسلم برقم (٢٥٨٨)

واتە : بەخشین هیچ کاتێك ماڵ سەرمایە کەم ناکاتەوە ، هەر بەندەیەك لێبووردنێك بنوێنێ (خوای گەورە ) زیاتر شکۆمەندی دەکات و پایە بەرزی دەکات ، هەر کەسێکیش لەبەر خاتری خوا ملکەچی و بێ فیزو سادەیی بنوێنێت ، ئەوا (خوای گەورە ) بەرزی دەکاتەوە...

لە (حسن بەسری ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (التواضع ) : بریتیە لەوەی کە ماڵ دەرچیت بە هەر موسلمانێك گەیشتی ، وابزانیت لە تۆ باشترە ... حياء علوم الدين .

دەگێرنەوە دەلێن : کاتێ (سلمانی فارسی ) — خوا لێ رازی بێت — کاربەدەستی یان والی (مەدائین ) بوو ، رۆژێکیان پیاوێك لە وەلاتی شامەوە هات بۆ ئەو شارەی (مەدائین ) ، ئەو پیاوە بارێك کای پێ بوو ، دەگەڕا بۆ کەسێك کە یارمەتی بدات هاریکاری بکات لە هەلگرانی ئەو بارەدا ، ئەویش جگە لە (سلمانی فارسی ) هیچ کەسێکی نەبینی ، ئەویش واگومانی برد کە ئەو پیاوە حەنباڵە یان کرێکارە بۆ کار کردن دەگەڕێت -مەبەستی (سلمانی فارسی ) بوو - ئەویش بانگیکردو پێ ووت : ئەم بارە هەلگرە..!! ئینجا (سلمان ) بارە کا کەی بۆ هەلگرت و بەرەو ئەو مالە ی پیاوەکە دەیویست رۆشت ، لە رێگەدا خەلك بینیان وا (سلمان ) ئەو بارەی بۆ ئەو پیاوە هەلگرتووە ..!! ووتیان : ئەوە چیت کردووە ئەوە ئەمیرەو کاربەردەست یان والی ئەم شارەیە ..؟! پیاوەکە بەداوای لێبوردنەوە بە (سلمانی ) ووت : بە راستی تۆم نەناسی بۆیە داوای لێبووردن دەکەم ئیتر ویستی خۆی بارەکە هەلبگرێت ..!! بەلام (سلمان) ووتی : نەخێر ... هەتا نەیگەیەنمە شوێنی خۆی داینانێم ...

دەگێرنەوە دەلێن : پێشەوای باوەرداران (ابو بکر صدیق ) — خوا لێ رازی بێت - پێش بوونی بە خەلیفەی موسلمانان لە یەکێك لە گەرەکەکانی شاری مەدینە دەژیا لە ناو برا ئەنصارەکانی ، (ابو بکر صدیق ) زۆر هاوکاری یارمەتی ئەوانی دەدا ، مەرو مالاتیان هەبوو ئەویش هاوکاری دەکردن بۆیانی دەدۆشی ..!! ئەمەش نیشانەی سادەیی و بێ فیزی و رەوشت بەرزی ئەم هاوەلە بوو ..!!
بەلام کاتێك (ابو بکر صدیق ) بوو بە پێشەوایی باوەرداران ، گوێی لە دەنگی ئافرەتێکی گەرەکەی ئەنصاریەکان بوو ، دەی ووت : ئیتر (ابو بکر صدیق ) بوو بە خەلیفەی موسلمانان تازە مەرو مالاتەکانمان نادۆشێت ..!! ئینجا پێشەوای باوەرداران فەرمووی : هەر بەردەوام دەبم و مەرو مالاتەکان دەدۆشم ..!! ئومێدەوارم بوونم بە خەلیفە ئەو رەوشتانەم نەگۆری ...

دەگێرنەوە دەلێن : (زیدی کوری سابت ) — خوا لێ رازی بێت -نوێژی لەسەر جەنازەیەك کرد ، پاشان ویستی سواری ولاخەکەی بێت ، (عبداللە کوری عباس ) — خوا لێ رازی بێت — هات و زینی ولاخەکەی بۆ گرت ، تاکو قاچی لەسە دابنێت و سەر کەوێت بۆ سەر ولاخەکە ..!! (زید ) زۆر داوای لێکرد کە زینی ولاخەکە بەر بدات ئەو کارە نەکات ..!! پێی ووت : (ئەی کوری مامی پێغەمبەر ﷺ ) -مەبەستی ئەی کوری عباس — بوو ، ووتی: وابهێنە و زینکە بەردە ، شەرم دەکەم قاچ لەسەر زینێك دابنێم کە بەدەستی تۆوە بێت ..!! بەلام (عبداللە کوری عباس ) وازی نەهێنا ووتی : ئێمە فەرمانمان پێکراوە کە ئاوا بەرێزبین لەگەل زانایان و گەورەکانماندا ، ئینجا (زید)یش دەستی (کوری عباس ) ی گرت و ماچی کرد..!! ووتی : ئێمەش فەرمانمان پێکراوە ئاوابین لەگەل ئال بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ ...

## ١٠-لەبارەی ئازایەتی و جوامێری (الشجاعة ):

جوامێری ئەوەی کە کەسێك پێش دەکەوێت و هەلمەت دەبات ئازایە و خۆراگرە لە نەهامەتی دا ، وە یان ئازایەتی چوونە پێشە بۆ ناو نارەحەتی لە کاتی پێویستدا ئەم رەوشتە ئاستی مامناوەندی یە لە نێوان ترس و هەلچوون دا ...

(خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُواْ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٤٥﴾﴾ [الأنفال : ٤٥] واته : [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا ] ئەی باوەڕداران ئەگەر رووبەڕووی هەر کۆمەڵێك لە موشریکان بوونەوە ئەوا جێگیرو دامەزراو بن و ڕاناکەن [ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٤٥) ] وە زۆر زیکرو یادی خوای گەورە بکەن لەبەر ئەوەی هۆکارێکە بۆ دامەزراوی بەڵکو خوای گەورە سەرفرازو سەرکەوتووتان بکات (لەکاتی جەنگ و ترس و رووبەڕووبوونەوەی کافران خوای گەورە فەرمان دەکات بە زیکر کردنی زۆر ئەی ئەگەر لە کاتی ئارامی و ئاسایش و شێنەیی بێت ئەوە زیاتر)...

(خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾﴾ [آل عِمْرَان : ١٣٩] واته: وە ئێوە لاوازو بێدەسەلات مەبن وە خەفەت مەخۆن هەر ئێوەی موسڵمان بەرزو بالادەست و سەرکەوتوو دەبن بەسەر دوژمنتاندا ئەگەر ئیماندار بن...

لە ( ئەنسی کوری مالك )- خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەلێت :

(( كان رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ أَحْسَنَ النَّاسِ، وَكانَ أَجْوَدَ النَّاسِ، وَكانَ أَشْجَعَ النَّاسِ وَلَقَدْ فَزِعَ أَهْلُ المَدِينَةِ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَانْطَلَقَ نَاسٌ قِبَلَ الصَّوْتِ، فَتَلَقَّاهُمْ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ رَاجِعًا، وَقَدْ سَبَقَهُمْ إلى الصَّوْتِ، وَهو علَى فَرَسٍ لأَبِي طَلْحَةَ عُرْيٍ، في عُنُقِهِ السَّيْفُ وَهو يقولُ: لَمْ تُرَاعُوا ، لَمْ تُرَاعُوا قالَ: وَجَدْنَاهُ بَحْرًا ، أَوْ إنَّه لَبَحْرٌ. قالَ: وَكانَ فَرَسًا يُبَطَّأُ )). صحيح المسلم برقم (٢٣٠٧).

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ جوانترین کەس بوو ،جوامێر ترین کەس و ئازاترین کەس بوو ، شەوێکیان خەلکی مەدینە بەدەم دەنگێکەوە ڕاچلەکان و بەرەو ڕووی دەنگەکە دەرچوون ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان گەیشت لەو سەرەوە دەگەڕایەوە ، چونکە ئەو پێش ئەوان ڕۆیشتبوو بۆ هەواڵی ئەو دەنگە ، بە سواری ئەسپەکەی (ابو تەلحە ) کە پشتی رووت بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ شمشێرێکی لە شانی دابوو ، دەی فەرموو : ( مەترسن ، مەترسن ) . (ئەنس ) دەلێت : ئەسپەکە دی زۆر خێرا دەرۆیشت وەکو دەریا شەپۆلی دەدا ، لە کاتێکدا پێشتر بە ئەسپێکی لاواز و سست و تەمبەل ئەم ئەسپە ناسراوە بوو ...

دەگێرنەوە دەلێن : جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ (حەنزەلەی کوری رەبیع ) – خوا لێ رازی بێت – نارد بۆ شاری تائیف ، تا وەکو بانگیان بکات بۆ ئیسلام بەشێوەیەکی جوان باسی ئیسلامیان بۆ بکات ..!! بەلام کاتێك (حەنزەلە) رۆیشت بۆ لایان بۆ ئەوەی بانگیان بکات بۆ ئیسلام ، ئەوان وەلامیان نەدایەوە ..!! وە دەست درێژیان کردە سەری ئازاریان دا ، پاشان شاردیانەوە ، ویستیان بیخەنە ناو قەلایەکەوە زیندانی بکەن ..!! کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ زانی داوای کرد کە یەکێك لە هاوەلان بچێت بەهانای یارمەتی بدات (حەنزەلە ) رزگار بکات لە دەستی ئەو کافرانە ..!! هیچ کەس دەست پێشخەری نەکرد بۆ ئەم کارە هەلنەستایەوە ، تەنها (عباسی کوری عبدالمليك ) – خوا لێ رازی بێت – نەبێت ..!! ئینجا رۆیشت بەدەم (حەنزەلە ) تاکو رزگاری بکات ، کە گەیشت جێ (حەنزەلە ) بە دەستی کافرەکانەوە بوو ، دەیانویست بیبەن بۆ قەلاکە و زیندانی بکەن ، ئەویش رزگاری کرد لە دەستیان و شاردیەوە ، هیچ نەترسا لەو هەموو بەردانەی کە تێیان دەگرت ، (عباس ) گەرایەوە و (حەنزەلەی )یش لەگەیا بوو ..!! پێغەمبەری خوا ﷺ هێشتا دوعای رزگاربوونی بۆ دەکرد ...

دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێکیان لە غەزای خەندەق یان ئەحزاب ، هەندێ لە کافران توانیان بپەرنەوە بەسەر خەندەقەکەدا ، کە موسلمانان بەدەوەری شاری مەدینە خەندەقیان کردبوو ، کاتێك کافران پەرینەوە لە خەندەقەکە یەکێك لە کافران ناوی (عمری کوری ود ) بوو کە لە ناو موشریك و کافرەکان بە پیاوێکی ئازاو پالەوان ناسرابوو ، ئینجا (عمر کوری ود ) بانگی کرد لە موسلمانان کێ خۆی بە جەنگاوەر دەزانێ بابێتە مەیدانی جەنگ ..؟! کەس لە موسلمانان نەچووە دەرەوە وەلامیان نەدایەوە کە لەگەلی بجەنگن ..!! ئیتر (عمری کوری ود ) دلخۆش بوو بەوەی کەس نەچوو بەدەمیەوە لە خۆی بایی بوو ..!! ئەم جارەیان دووبارە بانگی کرد ووتی : ئایا کەسێك هیە لە ناو ئێوە بتوانێ لەگەل من بجەنگێ ..؟! ئینجا ئیمامی (علی کوری ئەبو تالیب ) – خوا لێ رازی بێت – فەرمووی : بەلێ . هەستایەوە ئامادەبوو لە گەل (عمری کوری ود ) بجەنگێ ..!! پێغەمبەری خوا ﷺ رازی بوو نزای بۆ کرد فەرمووی : خودایە سەریبخە بەسەریدا ..!! (علی ) بۆچووە مەیدانەوە سەرەتا بانگی لێکرد بۆ ئەوەی موسلمان ببێ و باوەر بهێنێ ..!! بەلام (عمر ) رازی نەبوو رەتکردەوە .. ئینجا ئەو ووتی : بە (علی ) بگەرێوە با نەکوژرێ ..؟! بەلام پێشەوا (علی ) ئەوەی رەد کردەوە ، چووە پێشەوە بۆ جەنگردن لە گەل (عمر ) لە سەرەتا هەر دووکیان زۆر ئازایانە جەنگان ، بەلام ئەمجارە (علی ) هێرشی بردە سەر و هەر وەك هەلۆ راوی نێچیرەکەی دەنێ ، ئەوە بوو کافرەکەی کوشت ..!! ئینجا بە دەنگی بەرز تکبیرەی (الله أكبر )ی کرد موسلمانانیش هەموو پێکەوە خۆشحالیان دەربری و تکبیرەی ( الله أكبر ) یان کرد ...

| سەرباسەکان | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی : | ٢ |
| چەمکی شکۆمەندی | ٣ |
| **العزيز** | ٤ |
| تەفسیری ئایەتی ٢٦ سورەتی ال عمران | ٥_٩ |
| هاندان بۆ شکۆمەندی | ١٠_١٥ |
| ئامرازەکانی بەدەستهێنانی شکۆمەندی | ١٦_٢٢ |
| شکۆمەندی دابەش دەکرێت بە دوو جۆر | ٢٣_٢٤ |
| شێوازەکانی شکۆمەندی | ٢٥_٣٨ |
| سوودەکانی شکۆمەند بوون | ٣٩ |
| عیزەت لە شعرو هۆنراوەی عەرەبی دا | ٤٠_٤١ |
| عیزەت لە شعرو هۆنراوەی کوردی دا | ٤٢_٥١ |
| چەند پەندێکی پیرە مێرد دەبارەی عیزەت | ٥٢_٥٦ |
| نموونەی عیزەت یان شکۆمەندی پێغەمبەری خوا ﷺ | ٥٧_٥٩ |
| نموونەی عیزەت یان شکۆمەندی هاوڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ | ٦٠_٦٥ |
| نموونەی عیزەت یان شکۆمەندی شوێنکەوتووان | ٦٦_٧٧ |
| نموونەی شکۆمەندی و عێزەتی پێشەوایانی ئوممەتی ئیسلام | ٧٨_٨٨ |
| ئیمامی (ابن القيم ) لە بارەی چاکسازیکردن لە نەفس هەندێك ووتەی هەیە | ٨٩ |
| چیرۆکی هەندێك لە رەوشتەجوانەکان بۆ بەدەستهێنا شکۆمەندی | ٩٠_١١٢ |
| سەرباسەکان | ١١٣ |

# شکۆمەندی بکە
## ئامانجی ژیانت

زۆر کەس شکۆمەندی لە پارە، پلە و پایە، یان ڕازیکردنی خەڵکدا دەبیننەوە. بەڵام قورئان فێرمان دەکات کە شکۆی ڕاستەقینە تەنها موڵکی خودایە و تەنها ئەو دەیبەخشێت. هەرکەسێک بیەوێت بەبێ دین و دوور لە خودا شکۆمەندی پەیدا بکات، تووشی سەرشۆڕی دەبێت.

بەڵگە: خوای گەورە دەفەرموێت: وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ

واتە: عیزەت و شکۆمەندی تەنها بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی و ، ئیمانداران‌ە ئامانجی ژیانت ئەوە بێت کە تەنها ملکەچی خودا بیت، چونکە کڕنۆش بۆ خالق، تۆ لە کڕنۆش بردن بۆ مەخلوق ڕزگار دەکات و شکۆمەندت دەکات

نوسینی
قاسم محسن عولا




2026 م
1447 هـ